Signature Not Verified
Dengekan
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.01 02:53:44 -06'00'

# گومانە یاخیێکانی

# کەڵات

## (ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر۲)

سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم

١٩٩٩/٣/٨

پێشکەشە بە ئەوانەی لە کاتی نووسینی ئەم ڕۆمانەدا لە بەر چاوم بوون: دایك وباوکم، کلارا و لیسی، هاوڕێی خۆشەویست و ژنی قارەمان ئێرمگارد مویلەر(پتر لە ٢٢ساڵ لە ناو زیندانی تاکەکەسی ئیمپریالیزمی ئەلمانی زیندان بوو)، و(ب)

بە یاران وخەونە هاوبەشەکەمان!

١٩٩٩/٣/٨

گۆێتنگن/ئەلمانیا

(١)

ئەم بەیانییە ژیان ونەمان یەك واتایان هەیە بۆ من! کە بێدار بوومەوە پێموابوو هێشتا خەوتووم وئاگام لە دنیا نییە، لە ناو خەوێکی قوڵدام، لە مردن دەچێ، لە نێوان هەردووکیاندا مابوومەوە. هەڵبەت دەکرێت یەکێك ناوی لێ بنێت وڕێنە، وەك بڵێیت، ژیان ئامادە نییە باوشیم بۆ بکاتەوە وبە گەرمی پێشوازیم لێ بکات، لەوە دەچێت پەلەکێش دەکرێم، دەزانم ئەو هیچ پێویستییەکی وای بە من نەبووەو نییە! رۆژێك لە رۆژان هێنایانم بۆ ئێرە، بەبێ ئەوەی زەمینەیەکی لەباردا هەبێت بۆ لە دایك بوونم، گەشکە بمگرێت وئۆخەی بکەم، زەمینەیەك کە لە پاشەرۆژدا پەشیمان نەبمەوە بۆ بە سەربردنی رۆژگار وشەوە تەڵخ و پڕ مەینەتەکان، بە بێ ئەوەی پرسیارێکیشم لێ بکەن" خەرە مەلی خەرەگەت وە چەن"، داخۆ دەمەوێت بەم حاڵە بژێم یا نە، ئێستایش لەوەیش تێگەیشتووم کە وا بە خۆشیان کۆتاییان پێ دێت و بەبێ ماڵئاوایی، ماڵئاوایی دەکەن، منیش لە ڕیزم و چرکەیەك دێت، لە هەر چرکەیەکدا بێت، منیش کۆتاییم پێ دێت، باشە، کە زانیان کۆتاییم پێ دێت، بۆچی هێنایانم؟ نەدەبوو پرسیارێك لە خۆیان بکەن؟ ئەمەتە سەرئەنجامەکەی، نە پێشوازیم لێ دەکرێت بۆ ژیانێك لایەق بە مرۆڤ، ئەو ژیانەی کە خۆم دەمەوێت، نە منیش دڵم پێی خۆشە، ونەیش قبوڵ دەکەم بەم جۆرە بژێم، لە بری ئەوەی ببین بە تەواوکەری یەکتری، خزمەتکاری یەکتری بکەین، دڵمان بە یەکتری خۆش بێت، کراوین بە دژ، کەسمان چارەی ئەوی تری ناوێت، نە ئەو دەیەوێت، نە من، بەڵام وا چارمان ناچارە، ئەو هەیە ومن هەم و هەست بە بوونی ئەو، خۆم و دەوروبەر دەکەم، لە دواییشدا دەبێ هەر خۆی لە باوەشە پان و بەرینەکەیدا بستێك جێگام بۆ بکاتەوە، نەیشیکا هەر بە قیر!

دەڵێن: ڕۆژی حیساب هەیە، لەو دنیا هەموو لە دایکبووەکانی سەر ئەم زەمینە بە ریز رادەوەستین، هەر یەکێکمان ژمارەی خۆمانمان بە دەستەوەیە، با بڵێین وەك ریزگرتنی بیٚ کارەکان لە ناو بەرێوبەرایەتی کار، چاوەڕوانی چارەنووسەکەمان دەکەین، یا دەچین بۆ بەهەشت یا بۆ جەهەنەم، لەو ناوەراستەشدا هیچ شتێکی تر نییە، هیچ بوارێك نییە بۆ بیرکردنەوە، هەمو شتێك پێشتر پێوراوە، مەلایەکەتێك ناوەکان دەخوێنێتەوە: فلاّن کوڕی فلاّن، بۆ دۆزەخ !

فلاّن کوڕی فلاّن: بۆ بەهەشت!

هیچ بەدرۆخستنەوەیەك یا پارێزەرگرتنێك، قسەی شایەتەك نایخوات: هەموو کار و کردارێکی مرۆڤ لە ناوچەوانی نووسراوە، بەرتیل دواینیش نییە!

دەڵێن: پەتێك هەیە، ژێرەکەی دۆزەخە، ئەوەی ساڵحان بێت بەسەریدا تێدەپەرێت ودەگاتە بەهەشت، ئەوەی خراپەکار بێت، لە نیوە ڕێگا دەکەوێتە ناو دۆزەخ و بۆ هەتا هەتایە بە ئاگرەکەی دەبرژێت!

دەڵێن: تۆ مەتەریت، تەنها حاڵەتەکەت دەگۆڕێت، دوور نییە ببیت بە گوڵ و ئاشقان بۆنت بکەن، بە خاکێکی بەپیت یا بیٚ پیت یا بە پەپولەیەك!

دەڵێن: مردن نییە، ڕۆحت دەچێتە ناو گیانێکی تر وەلسەلام!

دەڵێن: مردووەکان، هەموو ساڵێك لە رۆژی کۆچکردنەکەیاندا دەگەڕێنەوە! مۆمیان بۆ دادەگرسێنین، ژوورەکەیان بۆ دەرازێنینەوە، ئەو چێشتەیانە بۆ لێ دەنێین کە کاتی خۆی حەزیان لێ بووە، ئەو باسانە دەکەین کە تێدا بەشداریان کردووە!

دەشڵێن: ڕۆژی حیساب هەیە، بەڵام لە سەر ئەم زەمینە ئەفساناویەدا، خەڵکەکە، یا دەڵێن" لەولاوەوە بچێت، حەوت بەردی بە دوا، هەی... یا بە چەپکە گوڵی سوور و ڕەیحانە ناوی دەهێنن!

پاشا و مەلیك و فەرمانرەواکان زانیویانە کۆتاییان پێ دێت وبە بێ سێ و دووکردن پرۆتیناتەکانی گیانیان بە هەمان شێوە، وەك پرۆتیناتەکانی لەشی دوژمن و دیلەکانیان، گەدا یا هەر گیانلەبەرێکی تر، دەبن بە کرم و هەر لەو جێگایەی تێدا دەنێژرێن، پاشماوەکانیان بۆ ماوەیەك لەوێ دەمێنێتەوە وهیچ شتێکی تر ڕوونادات، هەر هیچ! !
ئەم ڕاستییەیانە پێ قبووڵ نەبووە، بۆیە بە درێژایی مێژوو سەدان ئەفسانەیان لەمەڕ مردن دروست کردووە، ولە هەر جێگایەك بە شێوەیەکی تر! بەڵام هیچ کام لەو ئەفسانەیانە تەسکینیان بە هۆشمەندی مرۆڤ نەهێناوە...

بێجگە لە هەندێ لەو باسە بێ سەمەرانە، دەسەڵاتدارەکان هیچ هۆیەکی تریان بۆ نەماوەتەوە، ئەوەندە کەللە پوتانە دەست بە موڵکایەتی وفەرمانرەوایی بگرن وهەموو شتێك بخەنە خزمەتی، لە پێناویدا لە هیچ تاوانێك نەسەڵمێنەوە وژیانی کابرایەکی وەك من "وە پەڕێ سەری بڕیەی" بەم بەیانییە ئەوەندە ناهەموار بکەن!
ـ ئەی تۆ بۆچی باوەشی بۆ ناکەیتەوە؟ بۆ بە گەشبینییەوە ناچیت بە پیریەوە؟ بۆ ئەوەندە ڕەشبینانە بیردەکەیتەوە!

من بیر لە شتی وا ناکەمەوە، من باوەشم هەمیشە کراوەیە! هەر وا من هەمیشە گەشبینم بەوەی کە ڕۆژێك دادێت هەموو کەسێك دان بەم ڕاستییە دەنێت: ماڵی دنیا هیچە، کێ مرد و شتەکانی لە گەڵ خۆیدا برد، جا بیشیبا چی لـێ دەکات؟ کەس چیتر بیر لە

فەرمانڕەوایەتی ناکاتەوە ! بەڵام ئەو ڕۆژە هێشتا نەهاتووە، ومرۆڤ وای لـێ کراوە مرۆڤ بخوات! ئەم بەیانییەش، پاش ئەو وڕێنەیە یا ئەو بەسەرهاتەدا، با بڵێم پاش ئەو خەوە نائارام و خەونە هەراسانەدا، دیسان چاوم بە دنیا کەوت، دڵم وەکو ڕۆژەکانی تر کاری خۆی دەکات، ئەوە نزیکەی چل و دوو ساڵە هەر ترپەترپی دێت، هەندێ جار بەرز لێدەدات و هەندێ جار نزم و هەندێ جاریش هەیە لە حەیبەتاندا خەریکە ڕاوەستێت، خۆیشم خۆزگە بە ڕاوەستانی دەخوازم! کە هاتمە سەرخۆ، چاوم بە دەوروبەرەکەم کەوت و لەبەر خۆمەوە وتم"دیوارەکان، وێنەکان، کتێب وگۆڤارەکان بەیانیتان باش" وەهەر بە خۆم وەکو کابرای جوتیار کە دە قوتابی زانکۆ مێوانی بوون، هەموو ڕۆژێك بە پیجامەکەی بەریانەوە لە خەو هەڵدەستان وخاولێکانیان دەخستە پشت ملیان و یەك لە دوای یەك بە ریزەوە بەیانی باشیان لـێ دەکرد، تا بەیانییەك هات پێیانی وت" کورە دەباشە باش ...باش، بەیانی باشی چی؟ باشی لە کوێ هەیە؟ کێ باشە؟ هەموو دنیا قوڕی چوگە سەر"، منیش ئێستا گەر باشی هەبوایە، لە سەر ئەم جێگا وشوێنەدا چیم دەکرد؟ نە قەڵەباڵەغییەك، نە گەرمی ڕۆژ ونە هەراوهوریای منداڵەکانی گەڕەك، و ئەم بەیانییە نامۆیە ! ئاخ گەر ئەوەندە خۆشەویستی بۆ ژیان وجوان وجوانی چاوپێکەوتنی ئەڵوەن وئەڵوەنیاندا لە دڵم نەبوایە، هەر بەخۆم رامدەگرت ودەحەسامەوە، ئیتر نە ئاخ و نە ئۆفم دەکرد، نە چاوم هەر جارێك بە بینینی کارەساتەکان کوێر دەبێ، ونە گوێم لە هاوار وسەرهەڵگردنی یاران دەبێ! ئەوەتە وێنەکەیان لەبەر چاومدایە...

ـ ئەرێ خۆشیتان بینی لە ژیان؟

ـ نەخێر ! جا دایك و باوێك کوڕی وەك تۆیان هەبێت خۆشی لە ژیان دەبینن؟

ـ ئەی ئاسودەیی؟

ـ نەخێر! تۆ جارێ زوانت ببڕیت باشترە؟

و هەر وا وڵامەكان تەنها، نەخێر .. نەخێر .. نەخێر .. ئەو ڕۆژەیش كە بە مامۆستا سوعادم وت"ڕۆژ زۆر كورتە ! " مامۆستا، چەقۆی گەص بڕینەكەی دەستی هێنایە خوارەوە و بە نیگایەكی كزومات وتی: چۆن وا دەڵێی، شەو هەرنایەت، ڕۆژ زۆر درێژە ! " هەردووكیشمان یەك بۆچون ویەك مەبەستمان هەبوو: ئەمە چ زوخ ودەردێكە، نە ڕۆژمان ڕۆژە و نە شەومان شەو!

لە ژێر باری ئەم نەهامەتیەدا، لە ناو ئەم ئەزمونە خەتەرناكەدا، ئەڵوەنیش بەم بەیانییە لەو لاوە هاتووەو یەخەی گرتووم: بۆچی تۆ لە كوێی ؟

ئاخر بڵێ هەی ماڵ خراپ، من جوزانم لە كوێم، پاشان ئەگەر پێی دەڵێم " لە لای تۆم، گوێم لە سیمفۆنیا نەمرەكەتە، لە ناو ماتەمی خۆشەویستەكاندام، هەر وەی، ئەگەر دەڵێم لە وێدام، لە پشت یاڵە هەزار بە هەزارەكاندا، ئەوا دوو وەی، برینی دەكولێنمەوە، سەرهەڵگردنەكەی دەریا و ئۆقیانۆسی بە بیر دەهێنمەوە"دارێكە و هەردوو سەرەكەی بە گووە". ئاخر ئەگەر چارە ڕەشی من نەبێت، بۆچی ئەڵوەنی باوان، ئەڵوەنی لانكەی منداڵی، ئەڵوەنی دەنگ و ڕەنگی سەرتاپای جیهان لەم كات وسات وجێگەیەدا ئەم پرسیارە لە من دەكات؟ ئەی خۆ من تاقە كەس نیم لە ناو دەرونی خۆیدا بۆ خۆی دەگەڕێم، هەندێ جار بە خۆی دەستم دەگرێت و ڕێگاكانم پێشان دەدات، كەچی هێشتا پێنەگەیشتووم، لەم دوورەوە وەك ساوایەك پرسیاری لێ دەكەم: ئەم شەو دەتگەمێ ؟

ـ ئەی سبەی، یا دوو سبەی؟

ـ ..

ـ بۆ چەند ڕۆژێكی تریش بێت، دەتوانم خۆم ڕاگرم؟ !

ـ ..

ـ ئێمە کەی گفتی وامان بە یەکتر داوە؟ باوکم گەمەم کرد!

شەوان دێت ودەڕوات ئەڵۆەنم لێ دەرناکەوێت.

پرسیار لە ئەڵۆەنیان دەکەم" منیش وێرانی ئەڵۆەنم"

پرسیار لە بای شەماڵ دەکەم" منیش عەودالّی ئەڵۆەنم "

پرسیار لە با و باران دەکەم" منیش شەیدای ئەڵۆەنم"

پرسیار لە بتەکانی هیندۆ دەکەم، لە مانگاکانی هیند، لە خواکانی یونان، لە موسا و لە عیسا و لە بودا و لە خوای ئیسلامەکان، هەر هەموویان تەقەی سەریان دێت، باسی چرووك و بەتاڵم بۆ دەگێرنەوە. پێیان دەڵێم، کورە هەی ماڵ خراپەکان من تینوومە تینوو، ئەی هاوار، من جامی شەرابی سەرمەستیم دەوێت .. ئەڵۆەن، ئەڵۆەن، ئەڵۆەن، مە ئەڵۆەنە سەر شیتە توام؟

پێم دەڵێن: تبت یدا أبا لهب .....

پێم دەڵێن: دەریا بوو بە دوو شەق .....

پێم دەڵێن: عیسا کوڕی خودایە...

پێم دەڵێن: دەبێ بخور داگیرسێنیت

پێم دەڵێن: چوارمشقی دابنیشە، کۆنستراتسیون بکە .....

پێم دەڵێن: باڕە باڕی مانگا دەنگی خودایە....
هەر دەڵێی گوێزم بۆ دەژمێرن، لە مرۆڤبوون وکەسایەتیم کەم دەکەنەوە و لەبەر خۆمەوە گۆرانی" هەی لە من یاخی، هەی لە من یاخی، تۆ گوڵی ناو باخی" دەڵێم ...

چاوم بەقەد پانتایی ئاسمان دەکەمەوە، کەچی لە کنارە دوورەکاندا دەس لە ملی دەریاکان دەنێ و پەیتا پەیتا باران دەبارێنێ، تاریکایی زەینم کوێردەکات، بەرۆژیش بە حەسرەت کێشانی ئەڵوەنیان زەینم کوێر دەبێت، دەگەڕێم بۆ جیهانێك، بوونێك لە دەرەوەی شەو و رۆژە زاڵە ئاسایەکان، ئەمیش هێشتا لە دایك نەبووە، نامۆیی تەنی پێ چنیوم، لە پارچە پەرۆیەکی سەر سیرکەوانەکەی کۆردەرە دەچم!
((بەم بەیانییەشدا منداڵەکان لە کاتژمێری حەوت لە خەو بێدار دەبن...بەڵام من چاوم پێیان ناکەوێت...
ـ چی تیایە، با نەیانبینیت، ملیونان منداڵی بێ باوك هەیە، یا باوکیان لە بەرەی جەنگە، یا بە جێیانیان هێشتووە !
ـ وایە، بەڵام من هەم !
ـ وای دابنێ بوونت نییە !))
ـ ئاخر هەم، ئەمە خۆمم“ بوونم هەیەو وا وەك شایەتێك پێ لە سەدەی بیست و یەکی پاش تریبلیون بلیون ساڵ دەنێم“ دەترسم کابرایەك لەبەردەم دەرگاکەی راوەستابێت وپێم بڵێت: هەی بەخێر نەیەیت! ئەمە هاتنە؟! وەك خاوەن ریستۆرانەکەی ناو سەنتەرەکەی برۆکسل پێم بڵێت: تۆ بۆت نییە بێیت بۆ ژوورەوە ...
ـ بۆچی؟

ـ ببورە بۆت نییە ! !

حەمید: چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەوانە خاوەن شارستانییەتن، چۆن بەو شێوە نا ئینسانیانە هەڵسوکەوت دەکەن؟

ـ با ! خۆیشم گێژ بووم! سەر مێزکان بە گوڵ و مۆم رازابوونەوە و کابرایەك پیانۆی لـێ دەدا، ئاووهەوایەکی رۆمانسی بوو، منیش لەو کاتەدا پێویستیم بەوە هەبوو" زۆر ماندووبووم، کەچی بەو شێوەیە لە گەڵمدا جوڵانەوە !

ـ دیارە پارەت پێ نەبووە

ـ نەیانپشکنیم تا بزانن پارەم پێیە یا نا" نەخێر ئەو جارە پارەم پێ بوو!

ـ دیارە جل وبەرگەکەت نارێك بووە !

ـ نەخێر، جل و بەرگێکی ئاساییم لەبەر بوو، بەڵام کەرەواتم لە مل نەبوو، من چی بکەم بە کەرەوات؟ ئەگەر بیبەستم هەست بە خنکاندن دەکەم! تۆ بڵێیت لەبەر نەبەستنی کەرەواتی گەواد دەریانکردبێتم؟ بڕوا ناکەم، خۆ بە کەرەوات نان ناخۆم!

کاکە شارستانییەت لەلای مەنسور کەواوچی و شەمە جگەرییە، ئەوەی بۆ لایان بچوبا، بەدڵ و بەگیان بە خێرهاتنیان دەکرد" ئەحواڵیان دەپرسی و نانەکەیشیان دەدایێ" هەندێ جاریش هەر لەسەر حیسابی خۆیان! دەستیشیان تەنها خوێنی کاوڕ و مانگای پێوەوە بوو، وەك ئەمان نین" خوێنی مرۆڤی ڕەش و سپی لە نێوان پەنجەکانیان چکە دەکات!

هەمید: ئەوە جاران بوو، پێشی سەد ساڵ، ئێستا وا نیین، تۆبەیان کردووە !

ـ تۆبەی گورگ مەرگە !

(٢)

بەڵێ؟ ئەوە کێ بوو؟ ...چی؟ بەراست؟ بڕوا ناکەم !دەی با جارێك وا بێت! ڕۆژیان دێت!

ـ تۆ گوێی نادەیتێ!

ـ من گوێی نادەمێ؟ ئای کە سەیرە!وا بووم بە کەباب!خۆزگەم بە ئەقڵت مام هەمید!

دەڵێن ڕۆژێکیان دوو شەریك لە یاری رایسس دەدۆڕێنن، یەکێکیان جوێن و هاوار وکوفری دنیا دەکات، کە لا لە شەریکەکەی دەکاتەوە، دەبینێ بە هێمنی دانیشتووە وهەردوو دەستی لە گیرفانیدایە، بۆیە لێی توڕە دەبێت و بە هاوارێك پێ دەڵێ: سەگ باوك، دۆرانمان، کەچی تۆ هەر وا دانیشتووی و هیچ هاوار وناسزاییەك ناکەیت، تۆ هیچ گوێی نادەیتێ!

شەريك: من گوێی نادەمیٚ؟ هەردوو دەستی لە گیرفاندا دەردەكات و دەیانكاتەوە !كابرا لە داخاندا هەردوو گونی هەڵكەندبوو و هەر دووبارەی دەكردەوە: من گوێی نادەمیٚ؟
جا هەمید ئەفەندی، من گوێی نادەمیٚ؟

ـ گەر وەفاتان دەوێت، فەرمون ئەوە جوانی !
ـ جوانی چی؟ جوانی ماوە، تۆ چی ئەزانیت، كامە جوانی؟ تۆ لێرە نیت، هێشا لەو دوورەوە هەر خەو دەبینیت، هەستە ... هەستە لە خەو، بێرە هۆشی خۆت !
ـ گەر هەنار وهەنجیرتان دەوێت، ئەوە كویچە باخ و رێگای كۆپری شەلال" ئەوە كەلێنی دیوارە روخاوەكەی باخی مام حەمە دەمار ...

(( ئێستا منداڵەكان دەرۆن بۆ قوتابخانە و باغچەی منداڵاّن، چەند حەز دەكەن بەتۆرە هەتا ئەویٚ بە قەڵاّدۆشكانی بیانبەم" چەند حەز دەكەم چاوم بە پێكەنینەكانیان بكەوێت !
ـ نابێت !
ـ بۆ نابێت؟
ـ وتم نابێت، بەستا ! تۆ بە جێت هێشتین !
ـ من تۆم بە جیٚ هێشت، نەك ئێوە !

به هەموو هێز و سەبرێکمەوە هەوڵم دا بمێنمەوە، هاتوهاوارەکانیم قبووڵ دەکرد، هەر جارێك پێم دەوت:" تۆ راست دەکەی" ! بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەراکانی بهێنم" چەند جار فرسەتم پێدا، نەختێك لە شەڕفرۆشتنەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام ئەو وەك دەسەڵاتدارێك هەڵسوکەوتی دەکرد، و درێژەی پێدەدا تا وای لێ هات منیش کۆڵم دا !))

- سالاری؟

ئەوە برایم باجەڵان ودایکی ئیباو ومەلا عارف" ئەوە دادو و زەکی ودایکی وەلی مەحمود حاجی و کەنعان وباوك عەدنان عەزیز،رزگار، ئەوە خالۆ رەزا و مورتەزا و سەی تالب...

((منداڵەکان بۆماڵەوە دەگەڕێنەوە، من بۆم نییە دەستیان بگرم و بە دوای یەکتر را بکەین، یا خواردنەکەیان بۆ گەرم بکەمەوە و پێکەوە نان بخۆین، بەبێ زۆرکردن،وفەرمان کردن: دەبێ هەمووی بخۆیت .. ها دیسا ئەو ناوەت پیس کرد!)).

- پەندی پێشینان؟

- ئەوە گەردانەی ئەڵوەن.

((مێوانداری کراوم بۆ ڤین، حەز ئەکەم منداڵەکانیش لە گەڵ خۆم ببەم.

- نابێ!

- بۆ چی تێدایە؟

- خەیاڵت خاوە!

- ئەگەر حەز دەکەیت تۆش وەرە !؟

ـ نایەم!))

ـ نموونەی ستەم و زۆرداری؟

ـ ئەوە سەد گۆرنیکا! هەموو رۆژێك تاوان، هەموو رۆژێك دەرکردن" هەڵواسین" سەرنگوم کردن" زیندانکردن" سەرهەڵگردن" ماڵ وێرانکردن" وباغ سوتاوێك !

((منداڵەکان دەڵێن: کەی بۆمان هەیە لە لای باوکمان بمێنینەوە! با لە دوو یا سێ هەفتە جارێك لە لای من بمێننەوە.

ـ نابێ !

ـ ئەزانی چی؟ شیرین لەسەر دیواری ماڵەکە، وێنەی من و خۆیی کێشا، هەردووکمان قاوەڵتی دەکەین، هەردوکمانی بەقەد یەك وێنە کێشا، و وتی" باوە رەنگی پرچت رەشە"! ئەزانی ئەمە چی دەگەیەنێت؟

ـ نازانم، بەڵام جارێکی تر بۆت نییە بهێڵی لەسەر دیواری ماڵ رەسم بکات!))

ـ پێڵاوتان دەوێت ؟

ئەوە کاکەییە کلاش دۆزەکەی بەرامبەر دوکانەکەی خاڵۆ ئەحمەد" لە تایەی ئۆتۆمبیل کلاشی دروست دەکرد" کە باری ژیانی لێژ دەبوو دەیگۆ" شەریکەی باتە وکلاش هەرسینی ئێران وە کۆی زوخاڵ بوگ، یانە ماڵمان رمانن، عالەمەگە لە ری دەرکردن..." " چوپی تایەکەشی بە منداڵەکان دەفرۆشت" دار لاسیقیان پێ دروستدەکرد بۆ راوە ریشۆڵە وکۆتر وەلوچك....

((منداڵەکان دەچونە ناو جۆلانەکە و دەیانوت: با پێکەوە بۆ ئەفریقا سەفەر بکەین.

ـ گەڕاینەوە، بۆ ئوستورالیا سەفەر دەکەین!))

ـ چیتان دەوێت؟ دڵداری؟

ـ ئەوە ئەڵوەن وئەم بەر وئەو بەر، ئەوە نموونەیەکی لە بەرچاو بۆ هەموو سەردەمەکان: ڤینۆس ...

((شیرین: من لێرەوە تا ئەمریکا خۆشتم دەوێت!

ـ من لێرەوە تا ئەوپەڕی ئەمریکا خۆشدەوێت!

ـ ژیان: من لێرەوە تا کوردستان خۆشدەوێت

ـ من لێرەوە تا لای خۆر خۆشدەوێت))

ـ سۆزی دایکایەتی؟

ئەوە نوقڵە گیان، ئافرەتێکی ئاسایی وەك هەر دایکێکی تر" وەك شوێن پێ هەڵگر" شار بە شار و دێ بە دێ بە دوای کوڕەکەی کەوت" نە لە لافاوی سیروان سڵیکردەوە" نە لە زریپوشی شەوە و نەیش لە ساواك و پاراستن! ئای سەرشێتی وێران بوو! لە بیرتە سەردانی زیندانت کرد؟ بەچکە شەوەکان کوڕەکەتیان وەك ئاوەڵەکانی عەبرەت کردبوو" لە زیندانێکانی ناو(کۆنسنتراتسیون

لاگەر)ی هیتلەر دەچوو“ لە تەنیشتیەوە رۆیشتی نەتناسییەوە... کێ ژنەفتێسی دایکێك کوڕی خۆی نەناسیبێتەوە؟ ئەوە چییان بەسەر هێنابوو؟ چییان بەسەر من هێنابوو؟

(( باوکە، دایکم وتی، باوکتان ئێوەی خۆش ناوێ! تەنها وای پیشان دەدات!

ـ دایکی خۆم، من ئێوەم لێرەوە تا لای خۆر و لە وێوەوە تا ئێرە خۆش دەوێت“ ئێوە گوڵەکەی باوەن!))

ـ دا؟ یەکسەر باوەشت لە مل کردم“ نەمهێشت قسەیەك بکەی“ خێرا پێم وتی :دەقەیەك پێش ئەوەی شتێك بڵێیت ،دووساڵ زیندانی کراوم وناوی کەسم نەهێناوە، باشە؟"

دایك: باشە کوڕم، بەڕاست؟

ـ بەڵێ

ئەم جار بووی بە پێکەنین و وتت: باشە، "بەس نییە ناوی کەس نەهاوردیدە، هەر ئەوەندە بێت باشە وچووین بۆ ناو بەشی " قوتابخانە"، تۆیش شوکر ساڵانێکە بە بۆنەی باوکی نەجم ئاشنای بە زیندانەکانی موسەیەب و حەبانییە و دیوانییە“ لە بیرت ماوە ئەو جارە لەبەر دەرگای زیندانەکەی دیوانییە سەربازی بەر دەرگاکە هەموو خواردنەکەی رشت“ بە دەستی بەتاڵەوە چووین بۆ سەردانی باوکم؟ ئەی جزدانەکەم کوا؟ ئەوەی باوکم بەزەنگیانە کۆترێکی ئاشتی دەنوك سووری لە سەر چنیبوو، دەوروبەری بە زەنگیانەی شین، لە سوچی سەرەوە بەدیوی چەپ، لە تەنیشتی زەنجیری داخستنەکەی، رۆژی چنیبو و دیوەکەی تریشی رەنگی ئاسمانی! لەو کاتەوە نە رۆژمان هەڵهات و نە کۆترەکە دای لە شەقەی باڵ، هەرچەند بە دوای را دەکەم، چەپڵەی بۆ لێدەدەم

بەڵكو بفڕێت، بەڵام هیچ، ئەڵێی لە ناو قەفەسدایە" ئەڵێی باڵیان شكاندووە! ئەوە ئێستایش كۆترەكەی سەر جزدانە بە تاڵەكەی باوكم نەهاتووەتە فڕین" خۆی كۆترەكە بوو، دەیویست بۆ ئاسمانی بێ سنور بفڕێت، بەڵام...

دەی تۆش ئەمە یەكەم جارت نییە سەر لە زیندان دەدەی، بە بۆنەی حەمەی برایشتەوە، پێشتر هاتووی بۆ ئێرە، بە هێمنی باسی ڕۆژە رەشەكانمان دەكرد(( ئەو دایكەی وا پێش ئەم دێرە قسەم بۆ دەكرد و ئەویش وەڵامی دەدامەوە و پرسیاری لێ دەكردم، كۆچی یەكجارەكی كرد! كۆچێكی زۆر سەختی كرد، وەك ژیانی! من مەرگیم لە بیر چووەتەوە، پێم وا بوو زیندووە، ئەی مرۆڤ! !)) لەو كاتەدا مەحمود وارانی كە وا پێشتر وتبوی:" ئەگەر كەس وكارەكانمان هاتن، نابێ بگرین، دەبێ زۆر ئازایانە هەڵس وكەوت بكەین، كە چی كاتێك خوشك وبرا و خالد سەوزە بە گریانەوە خۆیان كردە ژوورەوە، باوەشیان پێكرد، مەحمود وتی: دە نەگێرن... كورە ئویشم نەگێرن... بەسە نەگێرن... ئێ دە بەسە گیان باوە مەگێرن، ئەگەر بگێرن منیش گیرم ها..."ودەستی كرد بە گریان و باوكە ڕۆ...! . كەنعان خەیاتیش كە زۆر بێ "تاوان" بوو، نەیدەزانی چی بە باوكە كرێكارەكەی بڵێت، وتی: بەس وە باوگم بویشم حەفت ساڵ حوكوم بیمە یەكسەر دڵی وسد، خۆی نەخۆشی دڵی هەس" خودا درووی چە ئەڕای بكەم" بیژم لە سەر چە گریامە .."" باش بوو كە باوكی هات بۆ سەردانی، پێوت:روڵە مایدە؟ هەزار شوكر،كوڕم كەنعان هیچ ئەڕام مەویش، چەند جار وەتمە پید نەچوو ئەڕا سلێمانی ،هەر وە قسەم نەكردید" گیانەگەی باوە بویشە پیم، چەند ساڵ حوكم بیدە ؟

كەنعان: وە گیانەگەی باوە، وە سی جزمەی قورعان باوە دوو ساڵ حوكم بیمە!

باوك: بویشە پیم، بەیاناتەگان لە كورە ئەشاردیدەو؟

كەنعان: بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو دشپولەگە و بەعزە جار ئەخستمەیانە ناو تایەر سپێرەگە. ...

لەبەر ئەوەی کەنعان بەرگدووری دەکرد، و چاوی بە ئەفسەر و سەربازەکانی موخابەرات و ئەمن دەکەوت، ببوو بە باشترین پەیامنێر و پەخشکەری هەواڵەکانی ئەمنستی وبەربوون" تازە ترین هەواڵی لەلا دەست دەکەوت" هەر ڕۆژێك دوو سێ هەواڵی پێ بوو" و هەر جارێکیان هەر هەواڵێکی بە شێوەیەك تام و خوێی دەکرد" لەلای هەر کەسێکیش بە جۆرێك دەیگێڕایەوە" هەندێ جاریش هەر بە خۆی دەیوت: درووکەم " عالەمەگە گوناحە، با توزی دڵیان خۆش بکەم! کاتێك حوسێن گوێی لێ دەبوو پێکەنینی پێ دەهات" حوسێن چاوەڕوانی شتێکی تری دەکرد: دەیویست بەشە نەوتەکەی پێ بدرێت وهەر لەبەر ئەوە زیندانیان کردبوو" ڕۆژێکیان لە بەردەم بەنزینخانەکەی (شێخ عومەر) رادەوەستێت و هاوار دەکات: ئەو هەموو نەوتە هەیە، کوا بەشەکەی من ... بۆچی من هیچم نییە ؟ ئیتر دەیگرن و پازدە ساڵ مەحکومی دەکەن زیندانییەکی تر هەبوو نەیدەزانی بۆ گیراوە" کە پرسیاریان لێ دەکرد: لەسەر چی گیراوی؟

کابرا: قەڵەباڵەغێکە لای کێیە؟

یەکێك وتی: لەلای کۆمەڵەیە!

کابرا: ئێ! منیش لەسەر کۆمەڵە گیراوم!

- بۆچی بووی بە کۆمەڵە؟

کابرا: وتیان ئێمە بە کۆمەڵ کار ئەکەین منیش وتم وابێ باشە منیش لە گەڵتان دەیکەم! قسەی عەنتیکە عەنتیکەیان دەکرد، باوك مردگیان دەهێنایە پێکەنین" ئەو جارە کادرێکیان کۆبونەوەی پێ کردین، وتی" داروین سەلماندویەتی کە رەچەڵەکی مرۆڤ مەیمونە، لەم کاتە مامە عەول وتی " مامۆستا کە واتە من لە مەیمونە سوورەکەم!"...

ئەی قەهار؟ بالاَ بەرزە بە خۆکە“ دڵی لە شوشە دروستکرابوو“ کەسێك باسێکی دڵ تەزێنی بکردایە، ئەم یەکسەر چاوی خوڕەی دەکرد“ هەفتەیەك ئەشکەنجەیان کردبوو، پێیان وتبو" گەواد دانی پیَ بنیَ، تۆ جاسوسی بۆ سوریا دەکەی" ئەمیش هەر وتبوی" نازانم" ......من هەر بەراستی نەمدەزانی مانای جاسوس چییە، هەتا وتم با پرسیاریان لیَ بکەم جاسوس چییە“ حاڵیان کردم، منیش چیتر بەرگەی لێدانم نەما“ لە بەر ئازار وتم چی ئەبیَ با ببێت، هەڵواسین لەم حاڵە باشترە، پێم وتن: لە بەر ئەمە لێم دەدەن؟ بەسە لێم مەدەن“ بەڵیَ من جاسوسم! و بۆ دە ساڵ مەحکومیان کردم“ قوڕم بەسەر، ئەم دە ساڵە بە چی دەچێتە سەر، ژن و منداڵەکانیشم سەرگەردان بوون!"

قەهار هەموو رق و قینەکەی ئاراستەی ژیانی شار دەکرد، دەیوت: دەربچم، یەکەم جار ئەرۆم دەوارێك بۆ خۆم دەکڕم و چەند سەر حەیوانێك و لە گەڵ ژن و منداڵەکانم لە دەشتەکان دەژێم "وە نعەل ئەبولمەدینە و یابو للی خەڵەفە" لەولایشەوە حەمید بەرقوق کە گوایە جاسوسی سۆڤێتە، دەیکرد بە گاڵتە و گەپ لە گەڵ خالد وەهاب و ریاز“ پێکەوە دەیانوت" یا قەهار، عەرەب وێن، تەنبورە وێن" هەڵبەت هەر ئەم وای نەدەوت، حوسێن کلاسیکیش، کە ئێستا لە "مەنفا"ی کەلاردا کراوە بە مودیری شارەوانی داهاتووی شارەکە، مشکییەکی لە سەر پێچابوو، لەسەر عەرزەکە بەڕەیەکی ڕاخستبوو و باڵشتێکی زلی لە سەر دانابوو، لە سەری پاڵی دەدا و پێی دەنایە سەر یەك، سبیلێکی درێژیشی بە دەستەوە دەگرت و سەماوەرەکەی بۆ دادەگیرساند“ هەناسەیەکی بۆ هەڵدەکێشا ودەیوت: کوڕگەل ئی جارە دەرچم، چەند سەر حەیوانیگ ومامر و کەڵەشێر سینم و لە دەشتەگەی توڵەفروش دەواریگ

هەڵدەم و ئەڕا خۆم مەعیشەت کەم!" ئەحمەد ساڵح پێوت:"واز بار لەی خەیاڵ پلاّویە، عالەم رەسێسە کورە و تو باس چە کەی"" کاتێك خالد وەهاب سمێڵی تاشی،حوسێن چاوی لێ زەق کرد وپێی وت: هەی بی شەرەف شواربەگەد ها کو؟
خالد بە پێکەنینەوە: حوسێن عاجز نەو،گیانەگەی باوە وە کلاّش هەرسینی لایەگی تاشیم و لاگەی تر ریاز تاشییەی ئەڕام وخسمەیانە ناو تەنەکە زبڵەگە! حوسێن بەم قسەیە زەرد و بۆر بووەوە، تێر جوێنی کرد، دوو مانگی رەبەق لە گەڵ خالد و ریاز قسەی نەکرد...

بەشی "قوتابخانە" پڕ بوو، قەرەوێلەی دوو قاتییان هێنا، دەبوایە لە بەینەکانیشدا جێگا بۆ خۆمان بکەینەوە، رۆژێکیان فوئاد بانگی کردم، کە گەیشتمە تەنشتی، دەبینم کەسێك لەو دیو پەنجەرە بۆیاغ کراوەکەوە دەڵێت: براگەم مە کرماشانیم، ئەسیر کریامە، مەترسێ بویژ، تو کورەیید؟
فوئاد: مە خەلقە ...
تومەز ئەوە دەنگی برایەکمە، بردویانە بۆ بەرەی جەنگ، نە رق و نە قینە لە نێوانماندا هەبوو، دوو برا بووین، ئەو گیرۆدەی دەستی شەوەی ئەو دیو ببوو، نە ئەو جەنگی دەویست، نە من" بە من بوایە لە بری تۆپ باران، ئەو دیوی سنورە بەسەر داسەپاوەکەم گوڵ باران دەکرد، ئەویش لە بری کوشتن، ئەم دیو سنورە بەسەر داسەپاوەکەی خەندە باران دەکرد ..

لەم کاتەدا بوو فایەقیش زیندانی کرا، پێش مانگێك سەری لێداین" کاڵتەی پێ دەکردین: ئێوەو سیاسەتیان نەوتووە، خێرا دەسگیرکران، دەبوایە وەك من سیاسەت بکەن! سەباح صلێوە کرێکار بوو لە سەر شوعێتی دەسگیر کرا بوو، لە کاتی

دەسگیرکردنەکەیدا هاوسەرەکەی دوو گیان بوو، تازە لە ژووری هەڵواسین رزگاری ببوو، حوکمەکەیان کردبوو بە حوکمی موئەبەد، بە بێ باکییەوە دەیوت:" مننەتیان بە پێڵاوەکەم، با ئەو فاشیستە خوێریانە هەڵمواسن!... من نازانم حزب بۆ لە گەڵ ئەم جەلادانە بەرەی بەست" حزب نەیدەزانی ئەمانە خوێنرێژن؟ ئەی لە شەست وسێ چییان پێ نەکردین!"
خۆشی سەردانی هاوسەرەکەی ببوو بە دوو خۆشی: خۆشی ئیعدام نەکردنی هاوسەرەکەی ولە دایك بوونی سەلامی کوڕیان.. ئەو جارە ماڵەوەیان گۆشتی بەرازیان بۆ هێنابوو و ئەمیش هەر وا لەو ناوە داینابوو" پێیوابوو کەس بێزی نایەت گۆشتی بەراز بخوات، بەلاّم خالد و ریاز وهۆشیار بە قووتدان قوتیان دا" سەباح هاواری لێ هەستا: هەر من مەسیحیم لەم قاوشە، کێ لە ئێوە گۆشتی بەراز دەخوات؟ هەڵبەت "دار هەڵبگرە، سەگی دز دیارە" ئەویش وتی:" هەی هەی، خۆش موسلم... نۆشی گیانتان بێت، بە ماڵەوەمان دەڵێم ئەم جارە گۆشتێکی زیاتر بهێنن!"

باوکی خالد هەندێ جار بە هێواشی حەیرانی بۆ دەوتم" شەرمی دەکرد گوێیان لە دەنگی بێت، تەمەنی حەفتا و دوو ساڵ بوو" تاوانەکەی: باوکی پێشمەرگەیەکە!

سزا: بیست ساڵ زیندانی!

حوسێن، کرێکاری شەرکەتی تەماتەی دهۆك: بێ تاوان!

سزا: پازدە ساڵ زیندانی !

حەسەن، شوفێری پاسی گشتی دهۆك: بێ تاوان!

سزا: پازدە ساڵ زیندانی!

دوو کەس لە پرۆسێسی ئەمانە سزای ئیعدام دران" پێکەوە لە مەحکەمەکەی هیئە خاسە حوکم دراین" نزیکەی سی و شەش کەس بووین" هەموو پرۆسێسەکە دوو سەعاتی خایاند.

حاکم : ئەمە قسەکانی تۆیە، هەمووی راستن؟

زیندانی: بەڵێ!!!

کێ خۆی گێل دەکات، بڵێت : نەخێر ئەو قسانە هەمووی درۆن، راست نین، هەمووی لە ژێر زەبری ئەشکەنجە وتوومە بۆ ئەوەی لە لێدان رزگارم ببێت، عاقیبەتی قسەی وا بە خراپتر بەسەر خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە، زیندانێکە سەر لە نوێ بۆ هەیئە خاسە دەگەڕێننەوە، لێدانەکە سەر لە نوێ دەستی پێ دەکات" کەسیش نازانێت لەوێدا چەندی تر دەخایەنێت تا سەر لە نوێ مەحکەمە دەکرێت، پاشان کێ ئامادەیە سەر لە نوێ بۆ هەیئە ببرێت؟ کەس! بۆیە چاکترێکە مرۆڤ ئەو وڵامە بدات کە ئەوان چاوەڕوانی بیستنین: بەڵێ وایە !

حاکم: هیچ لاریەك هەیە لە مامەڵەکردنت؟

زیندانی: نەخێر!

حاکم:سوپاس...!

یەکێك لە سزا دراوەکان بە هەڵواسین عارەبی نەدەزانی" حاکمەکە پێوت:مەحکەمە بڕیاری سزای ئیعدامی دای" ئەم وتی: ئا، بەڵێ !!

كه زانييان تێنەگەيشت" بە وەرگێرە گەنجەكەيان وت، سزاكەى بۆ وەرگێڕە، ئەويش هاتە تەنيشتيەوە، وپێى وت: كوڕم تۆ عيدام دەكرێيت، باشە؟

زيندانێكە: بەڵێ باشە !

پاش ئەم تاوانە برديانين بۆ زيندان" لە ناو ئۆتومبێلى پۆليسەكان ئەوەندە تاريك بوو، كەس كەسى نەدەبينى يەكێكيان وتى: من تازە ئيعدام دەكرێم، ئێوەش ناتوانن هيچم بۆ بكەن، من ئاگام لە هيچ نييە، برا رۆ كێ نانى منداڵەكانم دەدات، بە كێ بڵێم ئاگاى لێيان بێت، فرمێسك بارانى كرد" كەس دەنگى لێوە نەهات، ئەوەى گريا، گريا، يەكێك وتى "خودا حەقتان بسيند" ئەوى تريش هيچى پێ نەدەوترا، هەر يەكێكمان رق وقينەيەكى بێ وێنەى لە دڵدا بوو، ئەشكەنجە وزەى كەسى نەهێشتبوو...

ئوستاد نيهاد، هەميشە پەلە پەلى بوو" ئيژى مينەى موختار كەيگن"، وەكو گوللە دەرۆيشت، خێرا خێرا جەمى خواردنەكەى دەخوارد و بە پەلە پەليش قسەى دەكرد، هەندێ جاريش زمانى تەتەڵەى دەكرد، بەو تەمەنە وەرزشى دەكرد، لە هەندێ گەنج باشتر رايدەكرد، زۆر لە ئەندازيارەكە باشتر بوو، ئەم كابرايە وەرزشى ملى دەكرد، جلوبەرگى وەرزشى لەبەر دەكرد، و لەبەرچاو هەموو زيندانييەكان بە سەعات ملى دەسوڕاند و ئەم ديو و ئەو ديوى پێدەكرد" ملى بەقەد ملى بەرازێكى لێ هاتبوو، نيهاد ئەفەندى گوايە لە كەركوك نارنجۆكێكى لە ناو سينەمايەك تەقاندۆتەوە! بەڵام ئاگاى لە هيچ نەبووە، بە درێژايى يەك مانگ داركاريان كردبوو، پێيان وتبوو: داواى عەفو بكە، بەرت دەدەين!

نيهاد: ئێوە دەبێ داواى عەفو لە من بكەن، لە هيچ و خۆڕايى داركارى دنياتان كردم ،ئەشكەنجە لە دواى ئەشكەنجەم دەدەن، هێشتا من داواى عەفو لە ئێوە بكەم...! كە باسى عافواتيش بهاتبايە، نيهاد دەيوت: من دەرناچم ، ولێرە دەمێنمەوە هەتا ئەو

سەگ بابانە خۆیان داوای عەفوکردنم لێ دەکەن! لە شەوی پێش ڕۆژی سەردانی کەسوکار و برادەر و ناسیاو، نیهاد گوایە ریشی دەتاشێت، بەلاّم هەموو روومەتی خەلّتانی خوێن دەکرد" هەر جارێکیش هۆیەکی دەهێناوە!

نیهاد: دەستم زیاد رۆی ... تیغەکە زۆر تیژ بوو... قسەیان لە گەلّ کردم... بیرم دەکردەوە... " ئێ خۆ بویش زەوێگە چەفتە و تەواو!"کاتێك بەو حالّە لە بەردەم نەوزاد تێدەپەڕی ئەم پێی دەوت: ئوستاد عافێت ئۆلّسو، موبارەك !، نیهادیش بە بێ ئاوڕدانەوە" تەنها بەدەست سوپاسی دەکرد!

ڕۆژی سەردان هەرچەند دەگمەن بوو، لە لایەکەوە ڕۆژێکی خۆش بوو بۆ ئەوانەی سەریان لێ دەدرا، و ڕۆژێکی سەگ باوك بوو بۆ ئەوانەی کەمتر سەریان لێ دەدرا یا هەر بە جارێك سەریان لێ نەدەدرا، سالآنێکە لە زیندانن، کەس وکاریان چیتر خولّقی سەردانیان نەمابوو، یا لەبەر دەست کورتی، چونکێ سەردان پارەی دەوێت، ئەمانە پێکەوە پیاسەیان دەکرد و دلّی یەکتریان دەدایەوە یا وایان پێشان دەدا وەك بلّێی هیچ نەبووە وگوێی نادەنێ و مەسەلەکە ئەوە ناهێنێت، بەلاّم لە ناوەوە دەسوتان، وەك من چۆن هەندێ جار ئێسقانیشم دەسوتا، هیوایان دەخواست کەسێك سەردانیان بکات، ڕۆژێك بوو، وەك ئەم بەیانییە نەدەچووە سەر!زیندانەکە ئەوەندەی تر رەشتر دەبوو!

" ئەی پێنوس، تۆ چاکەیەکم بۆ بکە، بیکە بە خاتری ئەوەی خۆشت دەویٚ، بیکە بە خاتری ئەوەی تۆی خۆش دەوێت، بیکە بە خاتری ئاهی بیٚ گوناهان، دەکرێت بیکەی بە خاتری شینایی نێوان مۆم و ئاگر، یا بۆ خاتری سۆزی بەردە بیٚ سۆزکراوەکانی ئەلّوەن ، کە وا کاتیٚ بۆ ناو ئەلّوەن هەلّدەدران، دەفرِین و بە هەمو هێزێکیانەوە خۆیانیان دەخستە باوەشی، بیکە بە خاتری "موغربی موغاربان" تۆ باسی دایکە کراس رِەش لەوەرەکان بکە، ئەوانەی سەرپۆشی رەشیان لەسەر بوو، و پێلاّوی لاسیقیان لە پیٚ بوو، پێنوس هاوار بۆ تۆ دەهێنم، کرِنوش دەبەم، بە تەنها بە جێم مەهێلّە، باسی کزی دەنگیان بکە، بیکە بەخاتری حورمەتی ئەم فرمێسکانە، قەلّەم تەنها تۆ شایەتی وێران بونمی، باس بکە، بنووسە، بنووسە، بنووسە ئەلّوەنەکەم، هەی ئەلّوەنی ئاوازی ئاوازەکانم، بنووسە، گەر دەتەوێت هاوار بکە، شیوەن بکە، بلّیٚ، چۆن نزیك دەبوونەوە" چۆن بە چاوێکی کز، بە چاوێکی کز و خەمگین، فرمێسکەکانیان شۆرِ دەبووەوە، لە کەلّیدا لێوەکانیان دەلەرییەوە و بە دەنگێکی کز، نەبا کەسێك گوێی لە پرسیارەکەیان بێت: کورِکەمتان بینیوە؟ ناوی ... خەلّکی ... بالاّی ... ؟

ولاّمی چی بدەمەوە؟ زبان و دەنگ لە کویٚ بهێنم" بلّێم نەخێر دایە گیان" .. دایە گیان نەخێر نایناسم" دایکەکەم من ئەوم، من کورِەکەتم" گەر قبولّ دەکەیت من بە کورِی خۆت قبولّ بکە، من ئەلّوەنیم دایکەکەی دایکم، ئەلّوەنی، بەچەی ئەلّوەنیش کورِی گشت دایکێکە" دەسە پیرۆزەکەت بێنە ماچی بکەم" فرمێسکەکانت بە گلێنەی چاوم دەسرِمەوە" دایە" دایە، هەناسە ساردەکەت بە گلاّ پونگەکانی جۆگەکانی ئەم بەر و ئەو بەر سارِێژ دەکەم" پرسیارەکەت بە قورِگە وشك بووەکەم ولاّم دەدەمەوە" بە باوەشێك ئەستێرە" گەر رازی دەبێت ئەوە،عادل، عەزیز، عومەر مەنسور، خەلیل عەبدو، ریاز، مەحمود تاماز، جەهاد،کامل، حوسێن شێخی

ئەڵوەنزادەکان دەبن بە کوڕت“ ئەوە هەموو چیاکان“ ئەوە کەلاّتی عەزیم“ باوکی هەموو چیا وهەور وگومانەکان“ هەر هەموویان بۆ تۆ!

دایکەکان هیچیان نەدەویست“ وێڵی کوڕەکانیان بوون“ کۆڵیان نەدەدا لە پرسیار کردن!

ـ براکەم ، .. دەناسیت؟

ـ کوڕەکەم، ... بینیوە؟

بە سەرپۆشەکەیاندا رومەتیان دەسڕییەوە ... زەمین لەبەر نائۆمید بوونەکەیان دەلەرزی“ وشەیش زەلیلە لە دەربڕینی چرکەی چاو دانوقاندن و سەرداگرنیان لە کاتی بە جیّ هێشتن و گەڕان بە دوای کەسێکی تر و دوبارە کردنی هەمان پرسیارە دووبارە کراوەکان!

.. ی...اااااا غەوزەکەی بەغدا، هاوار، هاوار، هاوار پەنا بۆ تۆ دەبەم، خێری باوانت، لەم چرکەیەدا ژێر باڵم بگرە یاغەوز“ یا غەوزەکەی سۆفی فاتە، بیکە بە خاتری ئەو نانە وردیلانەی دەمدا بە کۆترەکانی ناو حەوشەکەت“ کورە دەستم بە دامێنی تۆ غەوزەکەی بەغدا“ دەخیلت بم فریاد، فریاد رزگارم بکە لە بینینی نیکا شکستەکانی دایکە عەرەبەکانم، لە بیرمیان ببەرەوە“ ئەمە حالّ نییە تێدام بەم بەیانییە“ لە ناو ئەم حوجرەیەدا:

من تەنها و مەرگ تەنها!

من تەنها و شکست بونی مرۆڤ!

ـ تف لەو ولآتەی وا زیندانی تێدایە.

ـ کورە غەوزی چی؟ کە حاجی عەوڵلا لە دوورەوە چاوی بە تۆ دەکەوت لە ڕێگاکەی میلان، دەیوت" هۆ .. هۆ ... هۆ ئەوە زوڕنا لێدەرەکەی جەهەنەم هات، سەگە سوورەکە هات؟
ـ کە بەیەك دەگەیشتین،" دەستی یەکترمان مۆچ دەکرد" .. جارێك ... دوو .. سێ .. پێدەکەنی، دگانە بەڵە زەرد هەڵگەڕاوەکەی لە گەڵ هێڵە قوڵەکانی سەر روخساری ژیانێکی بەرینی ئەمان و بانگەشەی بەهار بوو“ کارکردن و تینی رۆژ لە ناوچەوانی بەبێ پرسیارکردن دەبینرا“ گۆچانەکەی دەستی دەکەوتە پێشی“ دەچوینە ماڵەوە“ و پێکەوە چاکەمان دەخواردەوە... “ باسی راز و نیازەکانمان دەکرد“ گەمە و گاڵتەمان دەکرد“ کە قورئان هەڵگرەکان“کە ئەولادی ئەو قوریشییە بازرگانەی وا کچی نۆ ساڵی زەوتکردە“کە سەعد و خالد و بەکر وعەلی و حەسەن و حوسێن شالآوی ئەنفالیان هێنا“ حاجی عەولآیان لە گەڵ خۆ برد“ لە ناو مۆڵگاکەیان قایمیان کرد“ لە شەوێکدا پێیان وت: بڕۆ بۆ ماڵەوە ! !
حاجی عەولآ: ئاخر بەم شەوە بۆ کوێ بڕۆم“ نە پارەم پێیە“ نە ماڵی ناسیاوێك دەناسم“ با ئەمشەویش لێرە بمێنمەوە !
کە رۆژ ببوەوە“ حاجی خۆی کۆکردبۆوە“ بەلآم بەر نەدرا“ گولەباران کرا..

حاجی هەزاران باقە گوڵ لەسەر گۆرەکەی بێت، منداڵێك بوو“ منداڵێکی ردێن سپی“ دڵ پاك و بە حورمەت“ منیش وا ئێستا بەم بەیانییەدا،گوێم لە دەنگی هۆرەکردنەکەیتی بۆ ماڵئاواییەکەی قازی“ سەری نەوی کردبوو“ گۆچانەکەی دا بە بەر خۆیدا و بە چەماویەوە رووی کردە یاڵەکە: هۆ، هۆ هۆ،هۆ “ هۆ برا اااا ، برااااا هۆ...

تفەنگەکەی شانت، پەنجا پیاو بوو بە دواتەوە هۆ هۆ هۆ برا...
یاڵەکە وکوچکی خڕەکە وجۆگە ئاوە درێژەکە کە حاجی بە تاقی تەنها بۆ ئەو بەری رونیٚ هێنابوو دەنگیان لێوە دەرنەچو" هیچ مەلێك نەدەفڕی" روخسارەکان تەنها سکوت بو و مەرگ و گیانی هەناسە و جوڵە لـێ بڕاوی تا ئەبەدی حاجی من لەویدا بۆ یەکەم جار چاوم بە مەرگ کەوت ..

هۆرە ئاوازێکی ئێجگار غەمناکی ئەڵوەنە" ئاوازی وەرزی پایزی ڤیڤاڵدی لە ئاستیدا لە هەندیٚ گرفتی ماسی بچکۆلەکەی سەمەد دەچیٚ" هۆرە تەجەلاتەرین هەست دەربرینی تەنهایی مرۆڤە ..
ئەزانن چی؟ " تیئۆرەکان رەنگیان بۆرە ... بەلاٚم داری ژیان هەمیشە بە سەوزی دەمێنێتەوە ! ! "

من ئێستاش هەوم، هەروا غەوزیش شوعی زەمانی خۆی بوو! ئەوساکە سنگم دەرگای غەوز بوو" بۆ کوێر و شەل و پەککەوتوو نەدار وبرسییەکان کراوە بوو" بە خۆڕایی شۆربایان دەخوارد . لە یادمە، لە تەنیشتی دەرگاکەی ژوورێك هەبوو، پیاوێکی بە تەمەن" کراس چەرمی،ردێن سپی لیٚ دادەنیشت" نوری لیٚ دەباری، پیاو حەزی دەکرد تەماشای بکات" هەر جارێك لەویٚ تێپەریبام، رادەوەستام و تێر تێر تەماشایم دەکرد" لە نهێنی دەچو، چەند جارێك لە پێشی دەرگاکەی دەهاتم و دەچوم، دەمویست بزانم چی

دەكات“ تەنها بەیەك شێوە دەمبینی: بە كۆمی دانیشتبو و خەریكی خوێندنەوە بوو، بەحاڵ ماوە مابوو لە نێوان چاو وكتێب و لاپەڕەكانی بەردەمی!.

ـ ئەمە كێیە؟

ـ كوڕم ئەمە فرەزانێكی گەورەیە، موریدێكی بەناوبانگیغەوزە ..

هەندێ جار بەو دایكانە دەوترا: دایە گیان دوور نییە، كوڕەكەت لە پشت ئەو دەرگایەیەدا بێت كە وا بە ڕەنگی سوور لەسەری نوسراوە: لاگەر!

ئەوە لاگەری كالاَ وكوتالَ نەبوو“ لاگەرێكی بەشەری بوو! هەندێكیش هەبوو درۆی سپییان بۆ دەكردن“ یا دلّیان دەدانەوە !دایكێكی زۆر دەهاتن بۆ پرسیاری جگەرگۆشەكانیان“ دەیانویست تەنها چاویان پێ بكەوێت، لە باوەشیان بگرن، بە سەریانەوە بگرێن، دلّیان بدەنەوە و هیچی تر.

ولاَتەكەم، ولاَتەكەم !

هەی وێران بوو و زیندانەكەم

كووا ژیان، كووا بەفا؟!...

ئا .. ئا، ولاَتەكەم پێلاَوە لاستیقەكانی پێی دایكەكانمە...

لەم رۆژەدا هەندێ لە وانەی هاوسەریان هەبوو" پەنایان دەبرد بۆ دۆست و برادەرەکانیان" لە کاتی پێویست پارەیان دەدا، بۆ ئەوەی وەك چاودێرێك لە بەردەم ئاودەستەکە راوەستن و خۆشیان لە گەڵ هاوسەرەکانیان بۆ ناوی بڕۆن" بە پەلە پەل تێکەڵاوی یەکتر ببن .

ـ خۆت داکەنە، دەی خێرا... خێراکە ... هەموی دامەکەنە ... ئەوەندە بەسە! هەناسەیان سوار دەبوو، بەحاڵ دەنگیان لێ دەردەچوو ...تکات لێ دەکەم خۆت راگرە، دەنگ دەرمەکە .. تۆ جارێك خێرا .. تۆزێکم ماوە .. " کەس نەهات؟"

ـ تۆقت دەرچێت، خەریك بە بۆ خۆت، نەخێر کەس" لێدە بۆ خۆت !

... بە قوربانت بم .. ئۆخەیش ...!

ئاودەستەکەی قاوشی ژمارە سێ ببو بە باشترین ژووری نوستن!

ئا... ئا، وەتەن ئاودەستخانە بوو" بۆنی گوواوی لێ دەهات" ئالآکەیشی ئەو دەستەسڕلە بوو، کە زیندانی و هاوسەرە شکست و خەمبارەکانیان خۆیانیان پێ پاك دەکردەوە!

ـ ئەی یاسا؟

ـ شەرمەزاری و تۆقین و تەل بەند!

ـ رەوشت؟

ـ رەشاشی پۆرسەعید و پەتی خنکاندن !

ـ زانست؟

- به کۆمەڵ کوشتن و ڕەش بگیر!

- بیروباوەڕ؟

- یەکگرتن، ئازادی، سۆسیالیزم ... دەوڵەتێکی بە هێز " شارستانییەتی نەتەوەی عەرەب" سەرۆکی گەورە و مەزن !

- خۆشەویستی؟

- سەدام.

- تابلۆی هونەری؟

- سەدام.

- خەون؟

- بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی گشتی .

- پێکەنین؟

- پیلانێکی دوژمن

- سروود؟

- یەکێتی پارچەکانی وڵاتی عەرەبی

- فەلسەفە؟

- گەلی عەرەب نامرێت!...

نەوزاد ئازەری، کارمەندی ئۆرزدی باك لە کەرکوك وفایەق  تازە ببوون بە زاوا، سەریان دادەنا لەلای یەك و هەر خوتە خوتیان دەهات وهەندێ جاریش لە داخاندا بۆ خۆیان بە ئەم ئەو رایان دەبوارد و لە پاڵیەوە هەناسەی ساردیان دەکێشا بۆ باری لاری ژیان و چارەنووسەکەیان!

نەوزاد:ئەم خوێنرێژانە نەیانهێشت" شاییەکەیان لـێ تاڵ کردم" کورە هەی باوکەکەیان بگێم بۆ ئەم حاڵەی بە سەریان هێنام" ئاخر ئەمە حاڵە! پاش حەوت ساڵ تێدەچم! کێ دەزانیت چیم بەسەر دێت کێ دەڵێت ئەو هەتا ئەو کاتە چاوەڕوانیم دەکات !

فایەق : براکەم حاڵی چی، بۆ حاڵ ماوە، بەڵام ئەڵێی چی، ئەمانە وەحشن وەحش و توشمان بوون، دەی کورە ئەمەش تەواو دەبێت! تۆش پێویست ناکات ئەوەندە رەش بین بیت" پێویست ناکات لە ئێستاوە ختورە و ترسی بە جێ هێشتن لە دڵ بگریت" ئەزانی تۆ قسەی قۆر دەکەی، مرۆڤ دەمێکە بە تەنها بە جێ هێڵراوە، پاشان ئەو مافی خۆیەتی چاوەڕوانی دەعبایەکی وەك تۆ بکات یا نەکات " تۆ جارێ برۆ سمێڵ قەڵەمێکەت بگۆڕە، یا هەر وەك خالد بیتاشە!

نەوزاد: مافی چی" من خواستومە .. بەجێم بهێڵێت سەکتە دەکەم!

فایەق: وا ئەزانی تاپۆت کردووە؟ راستە ناخۆشە، بەڵام ئەڵێی چی، ژیان وایە!

هەندێ جاریش فزەیان لێوە نەدەهات“ کەسیان ئاگای لە وی تر نەدەما، دەتاسان“ روخساریان جارێك مۆن دەبوو و جارێك بزەی خەندەیان دەهات!

نەوزاد: بە کوێ گەیشتیت؟

فایەق: نازانم، ئەی تۆ؟

نەوزاد: لە لای ئەو بووم، باسی شاییەکەمان بۆ یەکتر دەکرد!.دنیایەکمان پێك دەهێنا لە هەموو رەنگەکان (بێ دەنگی)... نەدەبوو رۆژێك .. سەعاتێك درەنگ تر بمگرن؟.سەر رومەتی تەر دەبوو... برا، ئەگەر نەگریم چی بکەم؟ ئەوجا گریان چ سودێکی هەیە؟ سەد سالّی تریش بگریم هیچ نابێت! لێرە تاوانبار و بێ تاوان جیاوازیان نییە: هەردووکیان دەبێ سزاکەیان بە سەر ببەن! من تاوانم نییە، بەلاّم بۆ ئەوان تاوانبارم“ وا دەزانن گیڤارەیان دەست کەوتووە“ تاقە تاوانی من ئەوەیە، مرۆڤم، وەك هەر مرۆڤێکی تر، تەنها نەمدەویست ببم بە دەنگیان، ئەمەش زۆر بوو بۆ ئەوان“ با با، من هەر بەراستی گیڤارەیەکم بۆ خۆم، دەنا بۆ دەمگرن؟ لەمن دەترسان بۆیە زیندانیان کردم“ بە گرتنی من چی گۆرا؟ هیچ ، هەر هیچ! چۆنە ئێستا بۆ لای بەرێوەبەری زیندان برۆم، پێ بلّێم: کە بە گرتنی من هیچ نەگۆرێت بۆچی ئازادم ناکەن؟ هەروا منیش تاقەتی زیندانم نەماوە، بەسە ئیتر" ئەگەر هەوەسە، بەسە"، دەمەوێت بۆ لای هاوسەرەکەم برۆم، ئەو چاوەروانم دەکات! ئەرێ فایەق چۆنە بلّێ: باشە، فەرموو، بە خێر بچیت، داوای لێ بوردن دەکەم“ هیوادارم دلّتان لە ئێمە نەرەنجێت، سەلاّوم هەیە بۆ هاوسەرەکەت!

فایەق: خۆت ئەوەندە کەر مەکە، ئەمانە وشەی وا نازانن بە کار بهێنن، ئەمانە کوڕی گەوادن" بۆ نازانیت؟ هەزار ئاوی گەوادیان خواردۆتەوە" باکیان بە من و تۆوە نییە" بە شەق تێرت دەکات" دوریش نییە بڵێت شێت بووی و بە دارکاری بتبات بۆ ناو زیندانە تاقە کەسێکان! ئەوجار چی دەکەی؟...

نەوزاد: ئەگەر وام لە گەڵ بکات ، بە هاوارێك پێ دەڵێم" قوڕت بەسەر نەگبەت، تۆیش زیندانیت، دڵت بە چی خۆشە؟ ئەوە نییە تۆیش شەو و رۆژ لێرە بەسەر دەبەیت" تۆ گاڵتە بە خۆت دەکەی"" فایەق جا وا نییە؟ جیاوازێکە هەر ئەوەندەیە، ئەو جلوبەرگی سەوزی لە بەرە و من جلوبەرگی بۆریان لەبەر کردووم " ئەو رازییە بەو رەنگە ، بەڵام من بە زۆر لەبەریان کردووم" من بە زۆر بۆ ئەم جێگا بێ تام و لەزەتە هێناویانم" ئەو خۆی بۆ ئێرە هاتووە" های های" باشە ئەو کابرایە بۆ ئەوەندە کەرە؟ کەر لە چاوی ئەو پاشایە" هەموو شتێکی ترسناکیان لێ چاوەڕوان دەکرێت !

فایەق:گرنگ ئەوەیە مرۆڤ نەکوژێتەوە، هەر وا بە گێرساندنەوە بمێنێتەوە" ئەوان مەرگ بڵاودەکەنەوە، ئێمە ژیان! ئەمە هەموو مەسەلەکەیە!

نەوزاد: گێرساندنەوەی چی؟ تك...تك.. تاك ...تك ...تاك... دەبێ بە درێژایی حەوت ساڵ لە سەر ئەم جێگایە بە تەنهایی بە سەر ببەم" کات دەڕوات و ناگەڕێتەوە" منیش دەبێ دووبارەی هەمان شتە دوبارەکراوەکان بکەمەوە" لە دەرەویش شتێکی وا ئومید بەخش بەدی ناکرێت.. !

فایەق: نەوە کەلە زل" پێموابێت، ئەمانە پێشتر زانیویانە ئێمە حەز لە چارەی زیندان ناکەین، بۆیە لە بن ملیان گرتین و بۆ ئێرە هاوردیانین!...

نەوزاد : بێ تاوان!

سزا: حەوت ساڵ زیندانی

فایەق(هونەرمەند) کوڕی کرێکاری نەوت سازی:"تاوانبار"!!

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنووس: پەنابەر لە نەمسا

نەوزاد مەحەمەد: بێ تاوان!

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

کەنعان شیرزاد، کوڕیکرێکاری نەوت سازی: بێ تاوان

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

تاوانەکەی ئەوە بووە،ڕۆژێك براکەی مێوانی هاتبوو ئەم چایی پێشکەش کردبوون!

کەنعان: خۆزگا لە جیاتی چای، قوزەڵقورت بیامە پییان، ئەوە کەی چای بی" ئاگری بی و چویە عومرم" من جوزانم!

(وەرگی)ش لەولاوە دەیوت: گووی وە خودای خاڵو جومعە، ئەی ئەی، خۆ دروو دروو هاوردەمە ئەبو غرێب، ئاخر ئەیە کار بی کردیدەی!

مەحمود سەوزئەلی (کرێکاری بارهەڵگر): بێ تاوان .

سزا: دوو ساڵ زیندانی

چارەنوس:...

جەهاد(کرێکاری هوتێل): بێ تاوان

سزا: دوو ساڵ زیندانی

چارەنوس:...

عادل باوە موراد(سەرباز): بێ تاوان!

سزا: دوو ساڵ زیندانی!

چارەنوس:...!

عومەر مەنسور(سەرباز): ...

سزا: دوو ساڵ زیندانی!

چارەنوس: بێ کار

عەزیز مەلا حەسەن(کوڕی دوکاندار)،قوتابی ئامادەیی: تاوانبار!

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: پەنابەر لە ئەڵمانیا.

خالد وەهاب(کوڕی کرێکار)، فەرمانبەر: تاوانبار!!

سزا: پازده ساڵ زیندانی!

چارەنووس: لە سلێمانی تیرۆرکرا!

تالیب مەحەمەد(کوڕی کرێکار)،یاریدەری پزیشك: ...!

سزا: دە ساڵ زیندانی!

چارەنوس:...!

ئەحمەد ساڵح(کوڕی کرێکاری نەوت سازی)،فەرمانبەر:...

سزا: دە ساڵ زیندانی!

چارەنوس:...!

ریاز سەلاّح(کوڕی ئاسنگەر)، قوتابی زانکۆ: ...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس:...!

مەحمود وارانی(کرێکاری دارتاشی): ...

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: شەهید.

سەلام عەبدوڵلا، کوڕی کرێکار، (مامۆستا):...

سزا: دوو ساڵ زیندانی!

چارەنوس: پەنابەر لە ئەڵمانیا.

عەبدولخالق غەریب(کوڕی پۆلیس)،کارمەند:...

سزا:حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: بازرکانی دۆڕوا!

حوسێن قاسم (کرێکار): تاوانبار!

سزا: پازدە ساڵ زیندانی!

چارەنوس: بێ کار.

فوئاد عەلی(کارمەند): تاوانبار! !

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: ...!

تالب رەئوف قەیتەران:...

سزا: پازدە ساڵ زیندانی!

چارەنوس: بازرگانی دۆڕاو!

کامل خورشید(کرێکار):...

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: شەهید.

جومعە عەزیز(کوڕی هەژارێك)،کرێکار: تاوانبار! !

سزا: پازدە ساڵ زیندانی!

چارەنوس: لە ئێران کوژرا!

ئەکرەم(کرێکار):...

سزا: پازدە ساڵ زیندانی!

چارەنوس: لە کاتی خزمەتی سەربازی گولەبارانکرا

مەحەمەد جاسم(بنەماڵەیەکی هەژار): بێ تاوان!

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: لەکاتی سەفەر بۆ مۆڵگەی سەربازی، لە ناو ئۆتومبیل سوتا.

خەلیل جەلال: (کرێکار):...

سزا: دوو ساڵ زیندانی!

چارەنوس:...

عەدنان شیرزاد(کوڕی کرێکار): تاوانبار! !

سزا: دە ساڵ زیندانی!

چارەنوس: پەنابەر لە سوید.

حوسێن سەید(کوڕی مەلا) کرێکاری دارتاش: ...

سزا: حەوت ساڵ زیندانی!

چارەنوس: ...

یەکێك وەك عادل و مەحمود بەیناو بەین بەر لووتی (...) دەکرت و زمانیان کول دەکرد!
عادل پێی دەوت: وەڵلا گشتی تاوان مشکێگەدە" ئێ داکەنەی ئیتر، ئیژی مەیمونی!
مەحمود سەوزئەلی: وە حەماڵێگە رازی بیم، تو بەدبەختم کردید، بەلاّم گەردەنەت ئازاد بود" تەعزیبەگەیان خەر ئەتراند!
هەر کەسێکیش تاوانی گرتنەکەی دەخستە ئۆباڵی کەسێکی تر" تا رادەیەك لە گەڵ چارەنووسەکەیان راهاتبوون" هەڕەشەی دنیاش دەکرا بۆ پاشە رۆژ" ئەو بەربوونەی کە وا هیچ لەزەتێکم لێ نەبینی" نە بای ئازادی و نە پێکەنین، زۆربەی برادەرەکان لە ناو زیندان دەمێننەوە" بە تەنها دەرچوون تامی نییە وەك ئەوی بە کۆمەڵ بەربوون" دەرەویش زیندانە، زیندانێکی گەورە، و دەنگی بۆمباکردن هێشتا هەر کپ نەببوەوە" ئەوە نییە ئێستایش لەیرە و لەوێ دەنگیان دێت" ئەڵێی برا ئەگەر جەنگ نەبێت" گەنم سەوز نابێت! نان تەنها بە جەنگاوەران دەدرا" شەوە دروشمی "هەموو شتێك لە پێناوی جەنگ" دا هەڵگرتبوو" شارستانییە سپی رەنگەکان، ئەوەندە تۆپ و فیشەکیان بەرهەم هێنابوو(هێناوە)" بەشی چوار جەنگی جیهانی تر دەکات، ئەڵێی دیموکراتییەت لەسەر نوکی فیشەکەکان بەرێوەوە دەچێت!

ـ ئەی خۆ ئەمان نەهاتوون بە زۆر چەکەکانیان بە وان بفرۆشن

خۆیان بوون بە سەگی هار بە گیان خەڵکەکە“ شەر بەرپا دەکەن
ـ ئەمانە دروستی دەکەن“ ولە هەر جێگایەك دەسکردەیەکی خۆیان قیت کردۆتەوە“دە گێروگرفتیشیان سازداوە“ بازار هەی بازار“ هەزار پییانۆ دەکەن بە قوربانی باڵی فرۆکەیەکی جەنگی!

... لەولایشەوە،گوگوختییەك فێر ببوو هەموو رۆژێك لەسەر دیواری گۆرەپانی زیندانەکە دادەنیشتەوە، دووریش نەبوو هەر جارێك گوگوختیەکی تر بووبێت“ کە دەفڕی هەموومان ئاواتمان دەخواست ببین بەو گوگوختییە بەڵام پۆلیسی سەر بورجی چاودێریکردنەکە خەندەی سەر لێوەکانی سارد دەکردەوە“ نەیاندەهێشت لە گەڵیاندا بفڕین“ باڵەکانیان دەشکاندین بەڵام هیچ هێزێك نەبوو رێگا لە خەونەکان بگرێت، شەوان خەون حوکم رانی دەکرد“ بە نهێنی دیوارەکانیان دەروخاند“ دەفڕین و لە لێواری ئەڵوەن دادەنیشتنەوە، یا لە باوەشی گەرمی خۆشەویستەکان دادەبەزین...هەموو رۆژێك خەوم بە ئەوینەکەم دەبینی، باوەشی گەرمی بۆ دەکردمەوە"کێ دەڵێ من زیندانیم؟"زۆربەی شەوان لە لێواری ئەڵوەن شایی ولۆغان بوو، کە بێدار دەبومەوە لە قەرەوێلەکەوە سەرم دادەگرت، پێش ئەوەی بەیانی باش لە فایەق و نەوزاد بکەم، خشەیان دەکرد لە پێکەنین!
فایەق: ها ؟ دیسان؟
ـ ...
نەوزاد: ئەڵلاهو سیکەم ئۆغلاڵن!
ـ فایەق:ها... ها... ها... فرۆید وتی...!

کوره فرۆیدی چی، فرۆید کەلە شەکری شکاندووە! مرۆڤ لە واقیعدا لە ئازادی بێ بەش بکرێت، بە خەون پێدەگات" خەون مانێفێستی زیندانێکانە" خەون، پەپولەیەکە" سولتانێکی جەربەزەیە کەس نییە بتوانێت زەفەری پێ ببات" هەر رۆژێك بە جۆرێك بکوژەکان هەلا هەلا دەکات" لە چرکەیەکدا هیواو وئاواتەکان هەرچەندێکیش دوور بن، دەهێنیتە بەر چاو و دەڵێت: فەرموو لە ناویدا هەڵپەڕێ" ئەوە ئەڵوەن، ئەوە پردی ڕۆح" ئەوە ئەوینەکەی تەمەن" هەر یەکتری لە باوەش بگرن تا خەوتان لێ دەکەوێت" ئەوە نان و ئاوی هاوبەش، ئەوە ئاوازە بالاّ بەرزەکان" ئەوە کەلات، ئەوە بلوێرەکەی رەحیم، ئەوە ... ئای چەند بەختەوەر دەبووم" گەر پاسەوانەکان بیانزانیبایە، هەم خۆم و هەم خەونەکانمیان لە گۆر دەنا " سوپاس بۆ نهێنی پاراستنی هەردوو لامان" با جەلادەکان هەر بۆ خۆیان بڵێن: تۆ زیندانیت" تۆ لە ژێر دەسەلاّتی ئێمەی " ژیانت بە دەستی ئێمەیە" نق بکەیت ، نقێنت دەبڕین! . ئەم قسانە هیچ نرخێکی نەبوو" هەندێ جار وام دەزانی خەو دەبینم، کە زیندانییە سیخورەکە شەڕی پێفرۆشتم، خۆیشم نەمزانی چۆن لە بەردەم هەموو زیندانێکان سەرو گوێلاکیم داگرت، بەلاّم پاشان شەلاقێنێکی وایان پێکردم، نەمدەزانی لە کوێوە بە سەرم دادەبارێن" چی خەون هەبوو لە لووتیانەوە دەرکردم! بەلاّم پاشان هەر خەونەکان بوون، دەهاتن و پێکەوە رامان دەکرد، لە تۆی دیوارەکانەوە دەردەچوین ودەرۆیشتین" بە پەلەی تیشك هەموو دنیامان دەبینی ..

دەڵێن: خەون راستی مرۆڤە !

دەڵێن: نەخێر خەون مامانی مرۆڤە !

دەڵێن: خەون خۆ هەڵخەڵەتاندنە !

دەڵێن : وا نییە مرۆڤ خەونێكی لە بن نەهاتووە !

دەڵێن: هەردووكیان یەك شتن، نە خەون دەتوانێت بەبێ مرۆڤ بژێت، نەیش مرۆڤ بە بێ خەون !

دەڵێن: گەر خەون لە ناو مرۆڤ مرد" مرۆڤیش دەمرێت !

ـ" ئاگاداری .. ئاگاداری: یا ئەهـ...ال...ی مەدینەت... ئەلكیراااارام، چەند دەتوانن خەونەكانتان بەرین بكەن، تا دەتوانن خەونەكانتان لە پانتایی زەمین گەورە تر بكەن" لە كەلات بەرزتر" سواری سەر شانی ئەڵوەن بن و چەپكە گوڵی سووری باغەكانی شارەكە لە یەخەی زەمین هەڵواسن" بە سەر ئەستێرە دوورەكان دابەشی بكەن " با پرژی ئەڵوەنیش بەر روخساریان بكەوێت، گوێی هەموویان بە ئاوازەكانی شمشاڵەكەی رەحیم پڕ بكەن . ..

جارێك پیلانی زیندان شكاندن هاتە پێشەوە، ئەسعەد وتی: هەمانەی غازەكان بە كار دەهێنین ... یەكێكی تر وتی: دەتوانین بە شەو بەسەر دیوارەكەوە باز بدەین . بەڵام هیچ رووی نەدا....

(جەلادەكان،

ئەم شەو سلولەكەم

بە وشەی ئازادی دوو گیان كرد ! (زیندانییەكی تشیلی نەناسراو)

لەولایشەوە شەوە چاك و خراپەی مێژووی گەلی عەرەبی خستبووە دەستی باوكی ویداد" ناوی لێ نابوو شمشێری دەوڵەت" كابرایەكی رەنگ زەردی گۆشت خاوی باڵا كورت، رۆیشتنەكەی نائاسایی بوو،تەماشای هیچ لایەكی نەدەكرد، هیچ نازێكی پێوە

نەبوو، ڕەنگی کوشتن و تۆقاندن پێوەوە دیار بوو" ئەتگۆ هەر بۆ ئەوە دروست بووە ببێت بە ئامێرێك بۆ پەت خستن بە ملی مرۆڤ"هێشتا قوربانییەکانی پەلەفرتکێیان دەکرد، ئەو سەعات و پارچە ئاڵتونەکانیانی دەدزی" پارەکانیانی دەخستە گیرفان.

چۆن دەیتوانی بژێت؟ مەبەستم، چۆن ژیانی ڕۆژانەی بەسەر دەبرد؟ پێدەکەنی ؟ خۆشەویست یا منداڵی هەبوو؟ ئەی برادەر و دۆست؟ ... پاسەوانەکانیش قسەیان لە گەڵ نەدەکرد، تەنانەت لێیشی دەترسان! ئەو جێگایە ئەوی لێ بنوستبا کەس لە سەری نەدەنوست! ئەوە کێ وای لێکردووە ببێت بە ئامرازی کوشتن؟

محێدین: گرفتەکە ئەمانە نین! گرفتەکە ئەوەیە، بۆچی وشەی زیندان کەوتووەتە سەر زاران؟ زیندان بۆ هەیە؟ سوودی چییە؟ خۆیان زەمینە بۆ تاوان دروست دەکەن، پاشان دێن هۆکانی لەناو نابەن" مرۆڤەکان سزای زیندان دەدەن! خۆیان خوڵقێنەری زیندانن" خۆیان ڕۆح و گیانی زیندانن، بەبێ وی ناتوانن هەبن" ناتوانن درێژە بە تاوانەکانیان بدەن" بۆیە دەبێ بەبەردەوام تاوان بەبەرهەم بهێنن!

((باوکە ، بۆچی گورگە بەدخۆکە ناکوژن؟

دایکی خۆم،هەوڵی کوشتنی دەدرێت، بەڵام گورگە سپییەکانی هاو خووی زۆر دندانیان تیژکردووە، بۆیە هەتا ئێستا زەفەری پێ نەبراوە، بەڵام بۆ کوێ دەچێت، هیچ جارەی نییە!))

(٣)

ئەم بەیانییەم لێ بووە بە زیندانێکی گەورە، هەرچەند بەر تەسك ترە لە زیندانە ئینفرادێکان" لە تووی خانەیەکی ناو مێشکمدایە، بەلاّم جێگام تێدا نابێتەوە، بە عەمەلیاتیش دوور ناخرێتەوە هەر بۆیە منیش یاران، یارانی زیندان شکێن، شکێنەری هۆکانی زیلەت: دلّ هەر یەکیگە و سەوزە بردگەسەی!

سەوزەیش دوورە ...و" خێلّی دوژمن دەوری داوە..."

ئەم بەیانییە دەمزانی توانام بە سەر گۆڕینی شتەکان ناشکێت، سەردەمی پاڵەوانچێتی هرقەل و عەبدوڵلا و شەمشون و رینگۆ و عەنتەر ئەبن شەداد دەمێکە بەسەر چووە وهەر وا خۆ بە حەزی من نابێت، دەشزانم دەستەلأتی کەسەکان لە مێژە زەوتکراوە، کابرا هەرچەند بە خۆی بنازێت وفشە فش بکات سودێکی وای نابێت! بە تایبەتی لەم سەردەمەی ئێستادا" زەمین ئەوەندە بچوك بووەتەوە، دەوڵەتەکان بوون بە گەڕەکی بچوك" هەندێکیان بە گەڕەکی بن بەست" دەریا وئۆقیانۆسەکانیش پیس کراون، وەکو سەرچاوەکەیان بەر تەسك بونەتەوە" مرۆڤیش هەست بە جێ تەسکی دەکات، بەلأم نەمدەزانی بۆچی پاش هەمان بەزمە قۆڕەکان: میزکردن، دەست ودەموچاو شۆردن ونابەدڵی چا لێ نان و خۆزگە بەوەی کیسە چایەکە ببێت بە کیسە قاوە" بیرێکی چڵکن و قیزئاوەر بە مێشکدا هات: ئەمرۆ مێژوو کۆتایی پێ دێت! دەبێ کۆتایی پێ بێت" خۆت کۆکەرەوە، هیچ داد و بێدادێك نایخوات، هاواریش بکەیت، کەس گوێی لێ نابێت" گوێشیان لێ بێت، کەس نایەتە دەنگتەوە، وەك کاکە کۆمار" لە ناوەراستی ماڵە بەرزەکانی (گرۆنە)کە لە لایەنی کەمەوە لە هەر خانویەکی دوو سەد کەس دەژێت کوژرا" هەرچەند داد و فریادی کردبوو، سوودی نەبوو، تا لە ناوەڕاستی ئەو هەموو ماڵأنەدا" لە سەر بەفرەکە گیانی لە دەست دا" بۆ رۆژی دوایی دۆزیبویانەوە" چرایەکی خۆشەویستی و دۆستایەتی کوژایەوە وجاریکی تر چاومان پێ ناکەوێتەوە.. وتیان: جوێنەکانیشی خۆشەویستی بوون" کەس نەبوو خۆشی نەوێت" خزمەتی هەزاران کەسی کرد، بەلأم کە بە هاواریش داوای یارمەتی کردبوو، کەس بە هانایەوە نەهاتبوو" بە تاقی تەنها خۆی و هاوارەکانی لە ناو بەفرەکە خەویان لێ کەوت" سیریلانکای پرسە بار ئەوەندەی دی پرسەبار کرا...ئای لەم سەردمە وێران بووە ..تازە کێ پاش کارکردنی شەوان، بیرەکەی بەدەستەوە دەگرێت وبە دەنگی بەرز سەلأو لە ناسیاوەکانی دەکات" ژیان بە شەقامە مۆنەکان بدات ..تازە کێ لەسەر شەقام بمبینێت و بە گەمە پێم بلێت" ها کەی زیندانت دەکەن ؟" کەس، تەنها کۆمار

بوو، ئەویش رۆی“ روخسارێکی شیرین“ مرۆڤێکی گەورە بەبێ دەنگی ماڵئاوایی کرد! هیچی نەخایەند، ئۆردوگای پەنابەرەکان ئاگریان تێ بەردا!..

دەڵێن: فاشی لە ولآتەکەمان نەماوە، کاتی خۆی هەبوون و لە ناوبران!

دەڵێن: ئەوانەی بە کاری وا هەڵدەستن، منداڵکارن، پەیوەندیان بە سیاسەتەوە نییە!

دەڵێن: ئەوانە چەند کەسێکی تێنەگەیشتون!

دەڵێن: دەبێ بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، ژمارەی فەرمانبەری کاروباری کۆمەلآیەتی زیاد بکەین!

هەیشە دەڵێت:سیستێمەکە بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو تاوانبارانە بۆ کارە ترسناکەکەیان ئامادە دەکات!

دەڵێن: ئەوانە رۆشنبیر و چەندین رۆژنامە و خاوەن پارەوپوولیان لە گەڵدایە!

ئەمە چییە؟ هەموو رۆژێك شتە دووبارەکراوەکان، دووبارە دەبنەوە و منیش دووبارەیان دەکەمەوە! من بۆ بینینی بەیانیانی وا لە دایك نەبووم، بەڕاستی مێژووی قۆناغی ئینتفرێمدونگ دەبێ کۆتایی پێ بێت“ ئێ بەسە ئیتر، ڕۆحمان دەرچو، گیانمان دەرهات، بەسە!"مردن لەم حاڵە باشترە"! بووە بە تەوق بەسەر عالەمەکە و واز ناهێنێت، هەر ئەلێی سەرۆکی وولآتانن“ هەتا نەمرن یا نەتۆپێنرێن واز ناهێنن“ ئەوە چەندین سەدەیە ئەم قۆناغە بە دوا پلەی گەیشتووە، کەچی وا هەر ماوەتەوە“ هەرچەند هەوڵدەدرێت

کۆتایی پێ بهێرێت، کۆتایی پێناهێنرێت، ئیبرایم ئەسوەد گوتەنی" ئیژیکیسە خواس"" بەلاّم هەتا ئێستا هەر هیچ! دلۆپ دلۆپ بەم بەیانییەدا بەر چاوم دەگرن،یەك ملیون، دوو ملیون... ، سێ ملیون، سەد ملیون... دوو سەد ملیون... هەزار ملیون دلۆپە خوێن خۆیان دەکەنە ژوورەکەم و دەڕۆن، هەر هەموویان یەك شت دەڵێن: زیندان و پۆلیس ماوە؟

-...

دەڵێن:

قوربانێکان،

زەنگی خەندە درێژەکانی

داهاتومانن.

قوربانێکان،

دەهۆڵ و زوڕنای هەڵپەرکێکانی

دوارۆژمانن ...

ئای، یاران گەر ئێوە نەبان!! ئێستاش زنجیریان لە گەردن دەکردین" خۆشیان ماسکە ئاسنینەکەیان بە ناو شارەکانیاندا دەگێڕا:" کێ هەوەسی جەنگ و بازرگانی هەیە دەبێ من بە ناو شاردا هەڵگرێ" پێش ئەوەی بۆ راوروتکردن و داگیرگرتن بەڕێ بکەون، بە قفڵی ئاسنین بەر و دوای ژنەکانیان قفڵ دەکرد" تەنها ڕێی میز و ئاو بەدەست گەیاندنی بەر تەسك بۆ دەهێشتنەوە" وئەمجار ڕێگا دوورەکانیان دەگرتە بەر" بەو حاڵە بنەمای ئەم شارستانیەتە دۆزەخەیانە دامەزراند" کەللە پوتەکان دەڵێن" وەڵلاهی باشیان کردووە، ئەی ڕێ بدەن ژنەکانیان بەریان بەربلاّوبێت؟ بەراستیکەسانی بەشەرف بوون"!

ـ كابرا تۆ زۆر قینە لە سینەی!

ـ کورە ئەمانە "لەسەر ماڵم بدە لە باڵم" ن، جاران دەچوون راوە بەشەریان دەکرد" کۆتیان دەکردن و بە پاپۆر بەرەو باکور دەیانهێنان، کە بینیان لەوێ تەنها هێزی بازو نیە، کەرەستەی خاویش هەیە، دەستیان کرد بە لەشکرکێشان، سەرباز و تۆپ و فرۆکەکانیان بەرێ خست، بەڵام ئێستا زیرەکانەتر بیردەکەنەوە: بازارەکانیان بەسەر خۆیان دابەش کردووە" شەروشۆرەکانیان لەوێ دەگێڕن" ئاگرە سوورە لە منەوە دوورە"" بەڵام هەر خۆشیان بە تۆپ و فرۆکە و کۆماندۆی تایبەت وەك ناوبژیکەر پەیدا دەبن" بانگەشەی "ئاشتی" دەکەن :

ـ لەشکری فەرەنسی دەچێت بۆ رواندا!

ـ لەشکری ئیتالیا دەچێت بۆ ئەلبانیا!

ـ لەشکری ئەڵمانی دەچێت بۆ یوگسلاڤیا" لە کاتی پێویست، بە فرۆکە کۆماندۆی تایبەت بۆ ناو تیرانا دەنێرێت" گولە رێژی خەڵك دەکەن" وەك رزگارکەر دەگەرێنەوە!

ـ ئەمریکێکان دەچن بۆ ناوچەی نەوت و گاز!

هەمان خوی شەوەیان هەیە !

کە پێویستشیان بە دەستی کاری هەرزان هەبێت، بەئاشکرایی و ژێر بە ژێرخەڵکەکە ناچار دەکەن بە خۆیان رووەو باکور هەڵبێن" ئەگەر ژمارەی هەڵهاتووەکان زۆر بن" دەیانسوتێنن یا سنورداشیان دەکەن" زۆر بە ئاسانی ژیانیان لێ تاڵ دەکەن" لە دژیاندا دەیان بڕیاری یاسایی دەردەکەن ! رۆژنامەکانشیان هەموو رۆژێك ژەهرەکانیان بلاو دەکەنەوە: پەنابەرێك لە دزی گیرا...

باندێکی خارجی بە دوو کێلو هیرۆئین دەسگیر کران!... خارجییەك بە چەقۆ رەفیقەکەی خۆیی کوشت... خارجێکان پیسن...
خارجیچکان نازانن ماشینی جل شۆردن بە کار بهێنن، خارجییەك ژنەکەی کوشت... خارجییەك منداڵەکەی رفاند هتد...
هەڵبەت خۆشیان هەمان ئەم کارە درژانە دەکەن ... لەولایشەوە بە منیش دەڵێن" سەبرت هەبێت، بە پەلە نابێت، دەبیٚ سەبرت ببێت بە دەریا "!

ئەم سەبرە گواویە چییە؟ چەندی تر سەبر؟"چرا هەڵبگرە بزان گووی تیٚ ماوە"!

دەشلێن لە گەڵ کۆتایی پێهێنانی ئەم مێژووە“ مێژووی ئەلۆەن دەست پێدەکاتەوە! وئەم بەیانییە لە موژدەی ئەو بەیانییە دەچێت کە وا مێژووەکەیان ڕادەگیرێت وبۆ هەتا هەتایە کۆتایی پێدێت“ خەڵك هاوار دەکەن: بەسە! بەسە ئیتر! ئەمە چ ژیانێکە“ ئاخر ئەمە کەی ژیانە، ئەمە نەنگییە! بۆیە ئەم بەیانییە لە بەسەرهاتێکدا دەچێت لە تەمەنی کورتی مرۆڤ دووبارە نابێتەوە“ جێپەنجەکانی وەك سێبەر لە گەڵیدا دەڕوات، دەبێت بە بابەتی باسکردن و لێدوان، دووریش نیە لە دوا چرکەی پەلەقاژەی مەرگیش بە تیژی بروسکە لە پێش چاودا لەنگەر بگرێت: پیرەژنە هاوسێکەی بەرامبەرم بە تەنها دەژێت“ ساڵانێکە کەس بۆ سەردان سەری بە ماڵەکەیدا نەکردوە“ بۆ بە گژداچوونی تەنهاییەکەی، بۆ پیاسەکردنە ئاساییەکەی سەر لە بەیانیانی دەڕوات“ بە قاچە باریك بووەکانی دەڵێت: وەرە با ئیمرۆش بە سەر هەمان جیٚ پێکانی رابردوو پیٚ بنێین“ بیٚ گومان ئەوانیش بیرمان دەکەن، وەرە با دڵیان سەخڵەت نەبێت، دنیا ئەوە ناهێنێت، با رۆژباشیان لیٚ بکەین، ئەوانیش دڵیان خۆش دەبێتەوە"“ قاچەکانی بە خۆیان رێگاکە دەناسن“ زۆر باشیش دەزانێت کە لە سەرە رێگاکەیدا پیرەژن و پیاوە ناسیاوەکانیشی دەبینێت“ دوا هەواڵی هاوسیٚ

وماڵەکانی دەوروبەر بۆ یەکتری دەگێرنەوە" دوێنێ، بە هاوسێکەم وت: پەنجەرەی ژێرخانەکەت کراوەتەوە... کچەکەم چووە بۆ سەفەر، سبەی دەبێ گوڵەکانی ناو ماڵەکەی ئاو بدەم ... هاوسێکەم پۆستێکی گەورەی بۆ هات، من بۆم وەرگرت... دەڵێن دوو کەس لەو ماڵە ناژێت، بەڵکو چوار کەس..." هەڵبەت هەر کەسێکی کەیش بێت هەر وا دەکات، ئەی چی بۆ ماوەتەوە؟ باسی چی بکات؟ لە ناخی ناخەوەیدا دەزانێت ژیانی کۆتایی پێ هاتووە، بەڵام بەزەبری توانا جەستەییەکەی، ناچارکراوە هێشتا هەناسە بکێشێت" بەیانیان بە هەمان رێگا بۆ پیاسەکردنەکەی بڕوات، هەندێ جاریش بە بێ ئەوەی ئامانجێکی دیاری کراوی هەبێت ملی رێگایەکی تر دەگرێتە بەر ! لە نەنکەکەی خانم مایەر دەچێت کە وا پێش دوا رۆیشتنەکەی بە سی ساڵ، واتە پاش دوا رۆیشتنی مێردەکەی، هەموو رۆژێك دەیوت" مەرگم هاتووە... نامەوێت چیتر بژێم" دڵم دێشێت، فریام بکەون وا کەوتم" رۆشنایی چاوم نەماوە..." بەڵام ئەو کاتە رۆی کە قورساییەکەی بوو بە بیست کێلو" تەنها ئێسقانەکەی مابووەوە" پێستەکەیشی دەڕزی! مردنەکەی ئاسایی نەبوو، هیچ بە دووری نازانم بە هەمو هۆشێکەوە لە خواردن مانی گردتبێ بۆ ئەوەی دڵی بۆ ماوەیەك لە کوتان بکەوێت" پزیشکەکان بانگەشەی مەرگی بکەن و بیپێچنەوە" هیچ بە دووریشی نازانم لە ناو گۆرەکەیشی هەناسەی تێدا مابێ" ئەو کاتە مردبێت کە ئیتر ئۆکسجین لە ناو تابوتەکەی نەمابێت!

بە درێژایی سی ساڵ مەرگی خۆیی دەخواست" بەیانییەکانی لێ ببوون بە بار بەسەریەوە" مەبەستم ئەوەیە هەموو رۆژەکەی لێ ببوو بە بار بەسەریەوە" کەس نەبوو لە گەڵیدا بدوێت" کچە خزمەتکارەکە نەبێت" ئەمیش لە هەفتەکەدا دوو جار بۆ جلوبەرگ شۆردن و پاککردنەوەی ناو ماڵەکەی بۆ لای دەهات" خێرا کارەکانی جێبەجێ دەکرد و دەرۆیشت" تەنانەت نەیدەویست کەسیش ببینێت" مەرگ ببوو بە تاقە بابەتی بیرکردنەوەی" لە ناویدا دەژیا" بە درێژایی رۆژ لە ژووری نووستنەکەیدا لەسەر جێگاکەی رادەکشا"هەندێ جار دەیگۆ: نازانم بۆچی نامرم و رزگارم بێت لەم ئەرکە دووبارەکراوانەدا" ژیان بۆ من هیچ واتایەکی نیە ! رۆژ هەڵ

بێت یا نا،باران ببارێت یا نەبارێت" ئۆتومبیلێك تێپەرێت یا تێنەپەرێت بە من چی؟ چاوەڕوانی کەس ناکەم، کەسیش چاوەروانی من ناکات، نازانم چی بکەم، سەری با دەدا ..
سەربادانەکەشمان زیاتر پرسیارە: بۆچی ڕێ دەگیرێت لە ئاشنا بوونی دەنگەکان؟ مرۆڤەکان دەتوانن بە دەست و قاچیش یەکتری حاڵی بکەن، بەڵام بۆچی ئەم هەموو لەیەك تێنەگەیشتنە روو دەدات؟

ـ نەخێر تێ نەگەیشتن نییە، پێشبڕکێیەکی خوێناویە وزۆر بە باشی لێی تێ دەگەن!

لە راستیدا کە رۆژ دەبێتەوە، دەبێ هارمونی ودڵداریەکی نوێ لە نێوان مرۆڤ ومرۆڤ" لە نێوان مرۆڤ وسروشتی چڕ و پان وبەریندا ودەنگی چۆلەکەکان بە شێوەیەکی تایبەتی دەست پێ بکات، کە چی مرۆڤەکان لە یەکتر نامۆن، یەکێك بەوی دی دەڵێت: بڕوانە دەرەوە چەند جوانە!
ئەوی تر دەڵێت: بڕوانە ناوەوەم چەند زوخاوە!

" هەر یەکێك ساز وسەنتوری خۆی دەژەنێ " بە بێ ئەوەی کۆراڵی هەم ئاهەنگ پێك بهێنن" ئەوەی بۆ یەکتر ناسین دەستپێشخەری بکات، گومانێکی زیاتری لێ دەکرێت! دەڵێن" ئەم کابرایە زۆر سەیرە، کەس لێی تێ ناگات!" بۆیە چاکتر وایە مرۆڤ حورمەتی خۆی بگرێت و بە رێگای خۆیدا بڕوات... ئەو خۆی گیتۆزیرنی خۆی دەکات، دەبێت بە هۆی گیتۆزیرنی من، ئەگەر

بمەوێت یا هەوڵ بدەم سنورەکانی، ئەو سنورانەی وا بۆ خۆی دایناوە بشکێنم، ڕێگام لـێ دەگرێت و بە گێرەشێوێن ناوم دەبات" بە بێ ئەوەی هەوڵێکیش بدات بۆ ناسینم" کە چی لەوێ ئەوەی لە ناو ئۆتومبێل یا چاخانە لە تەنیشتی کەسێکەوە دابنشێت یا پێکەوە کارێك بکەن" دوو قسەیان لە گەڵ یەکتر کردبێت" تا دەمرن لە هەرکوێ چاویان بە یەك بکەوێت بە لایەنی کەمەوە چۆنی چاکی یەکتر دەکەن" دور نییە باسی هاتنە ڕیزی کارە نهێنێکانیش بۆ یەکتر بکەن!...

بۆ نەگبەتیش چۆلەکەکانی ئێرە ئەوەندە بێدەنگن، ئەڵێی"مەڕی پێغەمبەرن!!" دەبن بە هۆی هەست پێکردنێکی زیاتر بە تەنهایی و بیرکردنەوە لە چارەنوسی دوارۆژی هەناسەکێشان!

ـ بۆ؟ لە مەرگ دەترسی؟ بۆچی ئەوەندە خۆت بە مەرگ سەرقاڵ کردووە؟

من لە ژیان دەترسم! ئەم بەیانییە سامناکە دەمترسێنێت، نابینیت؟ لە وشەیەکی سەر لێو دەچێت لە کاتی باوێشکدان و کاتیش ڕاوەستاوە! لە کۆترێکی باڵ شکاو دەچم، بە چاو دەڕوانم بە ئاسمان، حەزێکی شێتانە دەمگرێت بۆ فڕین بەڵام پێم ناکرێت بستێك لە زەمین بەرزببمەوە ..!

لەوێدا چۆلەکەکان لە سەر دیواری کەلاوە شڕەکان ولە سەر دارەکاندا دەخەوتن“ بەیانیان زوو پێش بانگدان بە جریوە جریو دەیانکرد بە ڕۆژی خۆیان“ ئافەرین چۆلەکە ئەوەندە بزێو وعەجول وکەللە هەرز و زیقن بن“ بەو بەیانییە ئەو هەموو زەوق و نەشوەیان لە کوێ دەهێنا؟ ئازاد زۆر جار دەیوت"خۆشحالٚ بە خۆیان“ بریا منیش چۆلەکەیەك ببام" !

دەڵێن: چۆلەکەکان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارن بەرامبەر شێوەی گفتوگۆکرنی خەڵکی ئەو شارە"کەسێك نەیزانیبایە دەیگۆ ئەمانە لە گەڵ یەکتر شەر دەکەن"، هەموویان لە یەك کاتدا بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد وگوێیان لە یەکتری دەگرت“ لە یەکتریش تێدەگەیشتن" سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسیەوە"وەك چۆلەکەکان... هەندێ کەس هەن دەڵێن: ئەی ریشۆڵەکان بۆچی ئەوەندە بێ دەنگن؟ بڕوا ناکەم گێلە پیاوێك پێیان وتبێ: لە باکوردا دەبێ مێوانی بە شەرم و شکۆ بن !

ـ چما ئەمانە خۆیان زۆر بە شەرم و شکۆن؟؟"

دووریش نییە لە بەر سەرما یا نەبونی خورما و خۆر دەنگیان لە دەست دابێت“ بۆچونی وایش هەیە گوایە" هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان کاریان کردووەتە سەر چۆلەکەکان!" دەڵێن سەمین گۆشت نەخۆر وتویەتی" ئەوە چاو لە چاو بڕگێیە"“ بەڵام محێدین وتویەتی" لە یەکتری فێربوون، هەندێ جار شتی وا لە سروشت روودەدات، گەشە سەندنی مرۆڤ لە ئاستیاندا هەتا ئێستا نەختێك کورتی هێناوە، ناتوانێت روونی بکاتەوە“ دەبێ فرسەت بۆ مرۆڤ بڕەخسێت تا بتوانێت توانا لەبن نەهاتووەکانی دەربخات!

که چی چۆلەکە بووە بە هۆی بێزاری ونیگەرانی ئەم ئافرەتە“ نەك هەر ئەم داماوە، بگرە هەموو باکوری گێتی بیٚ بەشە لە بەهرەی سۆز و دڵرفێنی چۆلەکەکان لە رۆژئاوابوونەکانی باشووری گێتی!

دەڵێن: هەر بۆیە وا بیٚ بەزەیی و درِندەن!

دەڵێن: گەر مەلوچکیان هەبایە، تەنها لەم سەدەیە نەدەبوون بە هۆی دوو جەنگی جیهانی!

هەندیٚ جار کە تینم پیٚ دەگات دەڵێم" حەیف نییە ئێوەش ناوتان چۆلەکەیە“ ئێوە ئاغا دەنگ نەکەرن“ دە شتێك بڵێن“ بۆچی باشن ئەگەر دەنگێکتان لێوە نەیەت؟ بەلاّم دەڵێن "گوایە لە ترسی دەنگی تۆپ و فرۆکەکانی ئێرە دەنگیان لە دەست داوە و ئێستایش نەهاتونەتەوە سەر خۆیان" چۆلەکەکان چاوەروانی قەڵەباڵەغی منیان دەکرد“ دەیانەویست من بۆیان بجریوێنم“ چاوەڕوان بوون من دڵیان خۆش بکەم“ نازانن " سقان هات و پووس درِی" بە مل لاریەکەوە تەماشایان دەکردم“ منیش هەر دەردی دڵی خۆمم دەخواردەوە“ ئەو جارە دانەویلەیشم بۆ کرِین و بەلقێکی دارەکەی پشت ماڵەکەم هەڵواسی“ ئازا خۆیانیان گەیاندە سەری“ هەموو دانەکەیان خوارد بەلاّم نمەك حرامانە جوێنێکشیان نەدا!

هاوسێکەی سەرەوە، هاوسەرە گەنجەکە و برادەرەکەیان لە پۆستخانەی شارەکە کاردەکەن، بەیانیان زوو هێشتا دنیا تاریکە بۆ سەر کار دەڕۆن“ ئەوەندە هیلاك دەبن کەس گوێی لە دەنگیان نابێت“ تەنها لە رۆژانی پشودان گوێم لە دەنگی پێیان دەبێت“ بەخێرایی بە سەر پاچینەکەوە سەردەکەون یا دادەبەزن“ خێزانە یوگسلاڤێکەی قاتی دووهەم بە خۆیان وسیٚ منداڵەکەیان، بە بیٚ ئەوەی پرسیاریان لیٚ بکرێت، بە زۆر بۆ ولاّتەکەیان دەرکران، بۆیە خانووەکە تا رادەیەکی زۆر کپ ومات بووەوە"کە

دەرکردنەکەیان لە هاوکێشە جیهانیەکان هیچ رۆڵێك نەبینێت، بۆچی دەریان نەکەن؟ پاشان کێ بە کێیە؟"" ژنە رووخۆش وپرچ سپێکەی خانوی ژمارە دووی سەر جادەکە، ئەوەی وا پێش چەند مانگێك کوڕەکەی و هاوسەری کوڕەکەی لە لایەن برادەری منداڵیانەوە لە ناو دوکانەکەی خۆیاندا گولەباران کران، دەڕۆات بۆ دوکانی قەساوەکەی سەر شەقامەکە، ئەوەی پێش چەند رۆژێك لە لایەن دوو کەسەوە بەر لێدان کەوت وقاسە پارەکەیان دزی" هەموو رۆژێك ئەم کارە دەکات تەنها بۆ یارمەتیدان و نەك بۆ نان دەرکردن" چی بکات لە ماڵەوە؟ تەسبیحی قەزوانی سەد و یەکیشی نییە تەسبیحاتی پێ بکات"

ـ تۆ باسی چی دەکەی کابرا؟ بۆچی لەوێش دەمانچە و کوشتن و دزی و لێدان هەیە؟
ـ هاوسێی خۆمن و دەیانناسم، خۆیان باسیان دەکرد، هەروا کستینی ناسیاوم کە زۆر بە باشی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانی، پاش تەواوکردنی دبلۆمەکەی، کارێکی باشی دەسکەوت، مەبەستم ئەوەیە ئافرەتێکی زیرەك بوو، کەچی رۆژێکیان گوایە دایکی بە دوایدا بێت، بەلاَم نەهاتبوو" کستینیش سواری شەمەندنەفەرێکی تر ببوو ولە وێستگاکەی کوێلن چوو بوو بۆ سەر ئاودەست ولەوێ گیانی لە دەستدا" دوور نیە هیرۆئینی بەکار هێنابێ!
ئولریکەی دەنگ خۆش وگیتار ژەن" ئۆریکەی چالاك ئەتگوت گوڵی بەهارە، بۆ سەر خانوو بەرزەکەی (ئیدۆنە) سەرکەوت وخۆیی هەڵدایە خوارەوە" بە هەمان شێوە کچە نازدار وئازاکەی بارە کۆلەکتیڤەکەی کەبالە لە خانوویەکی بەرز خۆیی هەڵدایە خوارەوە" دەیانگۆ" ئەمانە مەبەستیان خۆکوشتن نەبووە" حەزیان لە فڕین بووە، چونکێ باڵیان هێشتا دەرنەکردبوو، کەوتنە خوارەوە و گیانیان لە دەستدا"

بۆچونی وایش هەبوو گوایە"ئەمانە زەمینیان لێ تاڵ کرابوو، ویستبوویان رووەو ئەستێرەیەکی تر بفڕن، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت"" ئەمانە نە لە دوور نە لە نزیکەوە پەیوەندیان بەو کچ وکوڕە شارستانیانەوە نەبووە کە جلوبەرگیان لەبەر کردبوو و پێڵاویان لە پێ کردبوو، لەسەر جێگاکەی خۆیان راکشابوون و بە کۆمەڵ خۆیان ژەهر خوارد کردبوو، گوایە گەشتیەکی ئاسمانی بە دوایان دێت و بۆ ئەستێرەیەکی تر دەیانبات !

کەسانی تر وتیان" ئەمانە بە مۆچکەی دایەیان نەکردووە" باڵندە بەو تەمەنە ناتوانێت بفڕێت، دەبوایە چاوەڕوانیان بکردایە، بەڵام جیقڵدانیان نەبووە، بۆیە فەوتان"!

هەر ئەلێی ئەم بەیانییە گەیشتوون بە بڕیارەکەیان" لەلایەنی کەمەوە کاتی بڕیاردانەکەیان لەم بەیانییە چووە...

ئافرەتە نان فرۆشە شۆخ وشەنگ و عەیارەکەش، کە دەیبینم، ئەو ئافرەتە حەفتا ساڵییەم بە بیر دەخاتەوە کە پێش یازدە ساڵ لە وێستگایەکی ناو هانۆڤەر بینیم" تازە لە لای ئارایشگاوە هاتبوو، دووریش نەبوو هەر خۆی سوور و سپیاوێکی وەستایانەی کردبوو" شەفقەیەکی سووری لە سەر بوو وکراسێکی سپی لە بەردا بوو وپێڵاوێکی سووری لە پێکردبوو، هەموو نەفەرەکان تەماشایان دەکرد وهەندێکیان پێکەنینیان پێدەهات، هیچ خۆیی تێك نەدەدا" لەوێشدا ئافرەتان هێشتا لە ئەوەڵی پەنجاکاندان، کراسێکی رەش یا کەوی تۆخ لە بەر دەکەن" سەرپۆشەکەی بۆ لەسەر دەنێن، ئەگەر پێشتر نوێژیان نەکردبێ، دەس بە نوێژکردن دەکەن، وچاوەروانی مەرگ دەبن، هەر ئەڵێی ئەم بەیانییە دەمرن! ! ئاخر نە وا و نە وایش"نە شیش بسوزێد، نە کەواو" " وەك هەر بەیانیەك لە گەڵ کچەکەیدا نانفرۆشی خۆیان دەکەن" رۆژباش و بەخێر بچنەکەیان ئەڵێی تۆمارکراوە" هیچ پەیوەندی بە گەرمی

دڵەوە نیە“ هەر نانەکەیان گەرمە!هەر ئاگاشیان لێ نییە“ ئەوە نزیکەی پازدە ساڵە لە هەمان کات وشویندا هەمان ئەو کارە دەکەن!

پیاوە بێدەنگ و هێمن و قژکورتەکەی خانوو ژمارە حەوتیش کە بە دەگمەن لە ماڵەوە دەردەچێت، لە باڵندەیەک دەچێت ماڵی کرابێت“ ئەڵێی دەیخۆن ئەگەر بۆ دەرەوە بڕوات! دووریش نیە بێزی نەیەت بەو ناوە هاتوچۆ بکات“ دەزانێت شتێکی دڵخۆشکەرەوەی لێ نییە“ ماڵەکان لە قەبر دەچن“ ئاخر بڵێ ئەو کابرایە بۆچی (هوندرت ڤەسەر)ی دروستکرد؟ زۆر کەس پێیان وایە بۆ ئەوەی خەڵك بۆ تەماشاکردنی بێن و بەس“ ڕاستێکەیشی: بۆ ئەوە دروستی کردبوو، هەر کەسێك بە ئارەزوو و بەگوێرەی فەنتازیای خۆی ماڵەکەی لەم بەر و لەو بەری ئەڵوەندا بەو جۆرە جوان یا جوانتر و سەرنج ڕاکێشتر دروستبکات“ ژوورەکانیش مەرج نییە سپی ڕەنگ بن یا چوار سوچەیی دروست بکرێن“ دەکرێت بە قەد ڕەنگی گوڵەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دروست بکرێن“ کابرا کە نازانم ناوی چییە ، وەك هەموو ڕۆژێك بە مل لاریەکەوە بۆ سەموون کڕینەکەی دەڕوات“ بەیانی باشی خۆی دەکات وگرنگیش نییە بەلایەوە وڵامی بدرێتەوە یا نە!

پیاوە یوگسلاڤیە قەڵەباڵەغەکەی خانووی ژمارە یەك بە زنجیرە ئاڵتونیەکەی دەست و ملیەوە، لە گەڵ منداڵەکەی بۆ پیاسە دەڕۆن، بە زمانێکی سەقەتەوە دەڵێت" ژن کار، من وە ماڵ"بە بێ ئەوەی هیچ خزمێکی لە شاری مەنەلی هەبێت“ هاوسەرە کەڵەگەتەکەی زوو لەخەو هەڵدەستێت و بەپاسی ژمارە یەك بۆ سەر کار دەڕوات“ "حەوت برا"یش بۆ ڤین سەفەری کردووە، لەوێ هەر خەریکی خواردنەوەو بوخت وبوختان دەبێت“ کەڵە گایەکە لەو ناوە“ حەز لە ژیانی کۆلەکتیڤ دەکات ، بەڵام دەست بۆ هیچ کارێکی ناو ماڵ نابات، ئەگەر جارێکیش بۆ سوێند شتێك بکات، هەزار دەهۆڵی بۆ دەدات، براکەی بە کەڵی بانگی دەکات ...

بەراستی شتێکی وا سەرنج راکێش یا دەگمەن روونادات لەم سوچە لە بیرکراوەیەدا“ بۆیە ئەگەر وتەی"هیچ شتێکی نویٚ لە ژێر رۆژ بەدی ناکرێت" راست بێت، ئەوا بۆ ئەم بەیانییە راستە ودەگونجێت“ ئاسمانێکی مۆن ودڵ کوشندە وەك مێژووەکەیان“ مێژووی بالاٚ دەستەکانیان“ ئەڵێی دەقەی ماتەمینە“ بەس نیە لە مێژووەکەماندا شەڕمان بە کەس نەفرۆشتووە“ بەس نیە داگیرکەرنەبوین“ لەشکرکێشیمان نەکردووە“ مرۆڤمان کۆت و زنجیر نەکردووە “هیچ تەلارێکمان نیە وەکو تەلارەکانی بەرلین، لەندەن، روم و پاریس و ئەسین هتد... هەر چەپۆك بەسەر بووین“ بەلاٚم ماسۆخیست نەبووین“ هەمیشە بەرگریمان کردووە“ ئەوەی لە ناوماڵەکانماندا لێی داوین“ لێمان داوە“" ئەوەی گوومان بەسەر بکات، گووی بەسەر دەکەین" خۆشحاڵ بەخۆمان“ خۆشحاڵ بەم سەروەت و سامانەی وا بۆمان بە جیٚ ماوەتەوە“ ئەمەیە سەروەت و سامان“ دەستی ماندوی یارانمان خۆش!

ئەم بۆچونە ئەوە ناگەیەنێت خوێنرێژ و ناکەس بەچە وچاش وخۆفرۆش و پۆلیسمان نەبووە“ نازانم کام سمێڵ زلی تەرەس بەناوی منەوە ئازەری کوشتووە، لەبەر ئەوەی ئازەری بوون“ کە ناوی ئەرمەن دێت“ هەست بە سەرشۆڕی دەکەم“ ئەڵێی هەموو ئەم دنیایە گاڵتەم پیٚ دەکەن“ کام ئاڵچاخ بە ناوی منەوە ئەم شەرمەزاری و تاوانەی کردووە؟ حاشایان لیٚ دەکەم!

ـ" کورە بانیدە با بۆنی نەیەت"

ـ نەخێر، من ئەم کارە ناکەم، ئەگەر بان ئەمە بدرێت، بان شتی تریش دەدرێت، ئەڵوەن راستە و راستی دەوێت“ من ئازەر وئەرمەنە سەربڕاوەکانم“ هەندیٚ کەس هەن بۆ عەبرەتکردنی ئەڵوەن، بە شانازییەوە دەڵێن: پاشا کۆر تفەنگ سازی هەبووە،

وتۆپیان دروست کردووه"“ ئەمەیان هەر درۆیەکی پەتییە، کەس بەم قسە ئابڕووبەرەیە بڕوا نەکات! ئەڵوەن و چەك دروستکردن؟ ئەم کارە پیلانێکی پۆخەڵە دژ بە ئەڵوەن! بە دووری نازانم چەکیان هەبوبێت، ئەوەش لە دەستی سەربازەکانی شەوە ڕفاندوویانە!

- هۆ برا، هۆ خوشکی خۆم، بۆ نازانی ئێمە بکوژ نین؟ نازانیت ئێمە هێشتا خواکانی ناو ئەفسانەکان خۆیان دەکەن بە پێڵاو بۆ پێی ئەڵوەنێکان؟

من ئەڵوەنیم برا ئەڵوەنی“ ئەڵوەنییەکی جەرگ سوتاو" جامێ پڕ بووی لێ ڕشێ"!

ئەڵوەن وتی:" هەژار و ژێردەستەکان بێجگە لە ڕۆژی شاییەکەیان نابێ قەد زۆرداری بکەن“ ئەگەر هات و کەسانێك بە چەك و تفاق هەڕەشەی گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی شەوەیان کرد“ بیانفەوتێنن“ داغونیان بکەن“ کونە مشکیان لێ بکەن بە قەیسەری"“ دەرگای ئەڵوەنیان وازە بۆ مێوان و ئەوانەی کاتێ ماندوو دەبن، گۆرانی ئەچڕن“ بۆ ئەوانەی بانگەشەی"نان وئاوی هاوبەش" دەکەن، بۆ ئەوەی ڕەنگەکان ئەوەندەی تر ڕەنگا وڕەنگتر بن! بەبێ ئەوەی تەنها بەمە ڕازی بن“ بۆ ئەوانەی پرسیاری ئەوپەری شتەکان دەکەن!

ئەو جارە محێدین وتی" ئەڵوەن بۆ هەموانە"

گۆرانیش وتی:ئەمجار مەرجە تا ماوم

بە زمانی پاراوم

گۆرانی ئاشتی بلێم

ئاشتی رووناکی چاوم

منالێکم ، منالێکم ئاشتی خواز! !

بەلاّم پەیوەندیە باوەکەی ئەم بەیانییە شەڕم پێ دەفرۆشێت، بەر لووتیان گرتووم وبە بێ دەنگی خۆیان مات داوە“ بێ دەنگی بلاّودەکەنەوە“ بە زەبر و تیرۆر ژوورەکەمیان پڕ کردووە لە بێ دەنگی!

ـ من دەمەوێت پێ بکەنم ـ ...

ـ ...

ـ من دەمەوێت بیگرم بە باوەش

ـ ...

ـ من دەمەوێت بە بلوێرەکەی رەحیم ئاوازی"ئاخەرین شەڕی، شەڕی ئێمەیە" لێ بدەم ـ ...

ـ...

ـ من دەمەوێت خۆر ببینم، کوا چاوەکانم؟

ـ ..

ـ من دەمەوێت بدەوم، کوا قاچەکانم؟

ـ...

ـ دەمەوێت هاوار بکەم، کوا دەنگم؟

ـ ...

ـ دڵم بووە بە دوژمن ، بۆ لێدەدات؟

ـ ...

ـ کوڕی گەواد باوکەکان رایگرن

ـ ئێمە مۆدێرنیییییین... پۆۆۆۆۆست... پۆسسسسسسسسسسست مۆدێرن... مەدەنییەەەەەەەت هەی سەگە خوێڕی،مافی مرۆڤ، بای، ئاوف ڤیدە زێهن!

(٤)

هەندێ كەس دەڵێن"تەنهایی بۆ خودا و سویدی هاتووە" ئەمانە لە بیریان چووە ناوی من وئەم گەڕەكە بخەنە ناو رستەكەیان“ چونكە من لە ئەزەلەوە ئەم بەشەیەم بۆ بڕاوەتەوە ولەوەتی هەیە بە رێگای خۆم دەڕۆم" ئەوەی بڵێی قیر رەشە" من پێ دەڵێم، نەخێر سپییە" ئەستێرەناسەكان ناوم بە " لە عالەم بەدەر" ناو دەبەن، دەڵێن"بورجی بەران" هەر وا بوون وهەر وا دەمێننەوە، جا كابرایەك ئەوەندە كەلە شەق بێت چۆن بڕوا بەمانە دەكات“ هەیشە دەڵێن" ئەستێرەكان چاوە گەشەكانی ئەڵوەنن، بەمانەی وا ناوی خۆیان ناوە ئەستێرەناس، ناناسرێنەوە"“ بەڵام مرۆڤ دەبێ قسەیەكیش بۆ دز بكات" كاتێ تەمەنم پێنج شەشساڵێك بووە“ لە گەڵ دایكم بۆ سەر قەبران رۆیشتم“ لەو كاتەی ئەوان بەسەر گۆڕی ناسیاوێك واوەیلایان دەكرد و فرمێسكیان بۆ دەڕشت“ من خەریكی جوڵاندنەوەی بەردێكی گەورە بووم“ زۆر گەورە“ دەمویست بیجوڵێنم“ بەڵام بەردەكە گل بووەوە خوارەوە و پەنجەیەكم لەژێر مایەوە“ ئێستایش جێی بەردەكە ماوەتەوە“ ئەڵێی بۆ تەمێ كردن ماوەتەوە" بەردێك هەڵمەگرە نەتوانی هەڵی بدەی"! لەوە دەچێت ئەم هێمایە بە درێژایی رێگاكەم شان بەشانم بڕوات“ نە دەتوانێت كارم تێ بكات و نە منیش دەتوانم كاری لێ بكەم یا لە بیری بكەمەوە." ئەو ئەڵێ نێرە، من ئەڵێم بیدۆشە" ئیتر ئەڵێی چی، منیش مرۆڤم و مرۆڤەكان زۆر لەیەك جیاوازن!

هەیە دەڵێن: مرۆڤەکان بە هۆی پارە وپوول و موڵکایەتی وایان بەسەر هاتووە“ هەر وایش دەمێننەوە تا سنورێك بۆ ئەم بە نەعلەت بووە دادەنێن"...

سەرەرای ئەم بەیانییە نائاسایی و دووبارەکراو وەرەسهێنەرەدا“ شتێك رووی دا، هیچ پەیوەندی بە لۆگیگ و ماتماتیك و زەرورەتەوە نەبوو" لە خەیاڵی مردووەکانیش نەبووە" لە لێکدانەوەی هیچ کەسێکدا نەبوو:
پاش تێپەڕ بوونی پەنجا و سێ ساڵ بەسەر کۆتایی پێهاتنی رەسمی جەنگی جیهانی دووهەم، بۆمبێك لە بەردەم کڵێسا مۆدیرنەکەی کاسۆلیکەکان، لە یەکەم وێستگای پاسەکانی سەر ئەو جادەیە تەقیەوە.ئەم رووداوە لە گەڵ بەفرانبارێکی زۆر و تاریك داهاتنی پێش وەختی مانگی دیسەمبەر رێککەوت، رێك لە بەیانییەکەی١٩٩٨/١٢/٢٣رۆژی پێش ڤای ناختن و بووە هۆی بریندارکردنی ئافرەتێك وکوژانەوەی هیتەری گەرم کردنەوەی هەمووماڵەکانی ئەو دەورو بەرە“ ژوورە ساردەکەم لە ماڵەکانی دی زیاتر سارد و سڕتر بووەوە:
ماڵی چۆڵم ... ماڵی ساردم
ماڵی بێ خەم خۆری رازم
بە ئومیدم رۆژێکی تر
کە هەڵ بێت خۆری ئاواتم
شرینم، نازداری جوان، گوڵی پونگە

ئێستا کە وا لەلام نیت
دڵم تەنگە
شرینم گەر چی تۆ
دووری لە من
چاوانت دایم هەر وا
لە بەر چاوم
وەرە با پێکەوە هەردوو
ڕێیەك بگرین
دەستم لە دەست نێ
با ڕێگای دووری ببڕین
بەڵێن بدەین،
کە یەکتری جێ نەهێڵین
لە تاریکی شەوە زەنگ
ڕۆژ داگرین!

ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هیتەرەکە کۆنەیە و خاوەن ماڵەکە دەڵێت" دەبێ خۆت چاکی بکەیتەوە" کاری وا لە دەرەوەی توانای هۆشیاری بێ کاری، ئەوەڵ شەڕ و ئاخر شەڕە، جا ئەم داماوە کە هەموو تەمەنی لە گوێی گادا نوستووە" قەت نەیزانیوە لە گەڵ پارە و پوول مامەڵە بکات، تازە فێریش نابێت" لە کوێ پێنج سەد مارکی هەیە بیدات بە کۆمپانیاکان! ئەو ئێوارەیەی وا کاک ڕێگا قیت و"فستگلاس" وەك زۆربەی ئێوارانی هاوین بۆ چا خواردنەوە ودەمەتەقە دەهات بۆ ماڵەوە، هەموومان لە هەمان شوێندا، لە بن دیوارە لاربووەکەدا دادەنشتین" بۆ نەروخا، خۆ پییزا نەبوو" " ئەویش لەسەر هەمان مندەر دادەنیشت، ئەگەر بەرێکەوت کەسێك یا منداڵێك لەو شوێنە دانشتبا، دەبوایە خێرا شوێنەکەی بۆ ئەو چوڵ بکردایە. منداڵەکان گوێیان دەگرت لە وتە وبۆچونەکانی باوك و دایك و مێوانەکان" ئەم دانیشتنانە بەشێکی گرنگیان پێك دەهێنا بۆ تێگەیشتن لە نهێنێکانی ژیان، لە ئێوارەیەکدا باسی پارە هاتە ئاراوە و چۆن رۆڵێکی چارەنووسانە لە ژیانی مرۆڤەکان دەبینێت،کاك ڕێگا وتی " پیاو پارەی نەبێت، قیمەتیشی نییە".هۆشیار وتی " من هیچ نرخێك بۆ پارە دانانێم، پارە چییە، پارە چڵکی دەستە " ! دایکی بە خەمواری ونیگەرانییەکەوە، بەدەم چا تێکردنەوەوە وتی" ئاخرنە باخ". ئەمە وەك تەمێیەك بوو، بە دوو قسە بڕاندیەوە" قسە هەزارە دووانی بە کارە" بەو دوو وشەیە وتی:کوڕم ئامان، من کردم تۆ مەیکە، دەس لەم ئاگرە بێ ئامانە هەڵبگرە، با دەستت نەسوتێت و پاشان بڵێی ئای چیم بە خۆم کرد، ئەو کاتە"پاش ترەن بالەك" هیچ نایخوات وهەموو تەمەنت ناحەسێیتەوە.

جا هۆشیار گوێ لە تەمێ دەگرێت" سواری ملی خۆی ببوو، بە سێزدە و چواردە ساڵی پارە وپووڵی بە چڵکی دەست داناوە"تاریکە شەو لە ئێوارەوە دیارە"، دایکی هەر پێی دەوت " کوڕم لە شاری کوێران دەست بگرە بە چاوت "، ڕاستە پارە چڵکی دەستە،

بەلاّم موحتاجی بیت، رسوا دەبیت، واز بێرە لە راستێکان، بۆ هەر ئێمە ببین بە قۆچی قوربانی، بۆ هەر ئێمە بە چارەڕەشی ڕۆژ بکەینەوە"!

هۆشی دەیوت" چاوی سەوز، بەرماڵی نوێژی پێغەمبەری دزیووە، چۆن بە قسەی تۆ دایبخەم"؟ بەو تەمەنە هێشتا نەیزانیبوو دوو پیاوی ریشن و کەلە زلی "ئەهلی فیتنە و فەرتەنە" هەن، دەریایەك لاپەڕەیان پڕکردۆتەوە دەربارەی سیستێمی پارە و چۆن ئەم سیستێمە ژیانی" بەهاترین سەرمایە" و ژینکەکەی وێران کردووە“ بەبێ هیچ ترسێك ملیونان مرۆڤ بۆ قازانجی فلسێکی زیاتر دەکەن بە خۆراکی جەنگ.ئەم نەزانینە بۆ هەراشێك زۆر ئاساییە“ بێجگە لەوەش زۆر شت هەیە مرۆڤ نایزانێت، بەلاّم ڕۆژگار وەك باشترین مامۆستا فێری دەکات، وەك جوتیارە فەرەنسیەکە“ ئەم کابرایە لە کوێ بزانێت، ڕۆژێك دا دێت رەزەکەی دەبێت بە کاروان سەرای کوردە رەوەکراوەکان، شەوان کە گوێی لە دەنگێك دەبێت هاواردەکات: کویرد؟

ـ بەڵێ!

خاڵە جوتیار: بڕۆن...بڕۆن قەی ناکات ، ئەو تولە ڕێگایە بەر مەدەن هەتا دەگەن....

هەندێ کەس هەیە دەڵێن:" کە سەرکردەکان بە تێرو تەسەلی دەخۆن و دەخۆنەوە“ هەست دەکەن بەرزترین دەسەلاّتیان بە دەستەوەیە، بەلام ژیانیان وەرەس و گرژە“ نە تام ونە لەزەتی هەیە لەم کاتەدا هەستدەکەن پێویستیان بە بزوێنەرێك هەیە واتایەك بە ژیانیان بدات“ ڕێگای شەڕوشۆر دەگرنە بەر ! جەنگ دەکەن بە بەرزترین ئاستی رەوشت و زانست وبوون، کەس بۆی نییە بەرپەرچیان بداتەوە“ ئەوەی بەرپەرچیان بداتەوە مافی ژیانی لـێ دەسەننەوە“ هەموو سزایەك دەرهەق بە کەسانی

سەرپێچکەر بە رەوا دادەنێن" یاسای قەدەغەکردنی نان و خۆشەویستی و با هەڵمژینیان دەدەن! بەم کردارە دەیانەوێت خەڵك پرسیار بکات: بۆ شەر دەکەن ؟ دەیانەوێت بیر لە بوون و دەسەلاتی سەرۆك بکرێت" سەرۆك بڵێی من هەم وزیاتر لە هەموو کاتێکی تر بکەوێتە سەر زاراندا" دەنا هەموو کەسێك دەزانێت شەڕ ماڵ وێرانی دەگەیەنێت و براوەی تێدا نییە !

هەندێ کەسیش هەن دەڵێن" سەرۆکەکان بە تەمەنن، هیچیان پێ ناکرێت" هەر هیچ غەیری، باسەکانی سەر زاریان کە هێشتا دەرنەچووە، بۆنی تۆپیویان لێ دێت" چۆن دەبێ سەرۆك هیچی پێ نەکرێت"، بۆیە شەر بەرپا دەکەن! دەنا بە قسەی یحیا دەلی وەکو باشکی و کەماڵەییان دەکرد: باشکی کەرە، بەلام کەماڵەیی گووەکەیەتی! کەماڵەیەکانیش دەیانوت: نەخێر، کەماڵەیی کەرە، بەلام باشکی گووەکەیەتی!" بەبێ ئەوەی خوێن لە لوتی کەسێکیان بپژێت! هەروا شەری ژێر دەستەکانیش لەلایەن لاوانەوە بەرپا دەکرێت، لاوانێك دڵیان بۆ ئاوازی خۆشی لێدەدات" بە دەم بە پێکەنینەوە بەرەو رووی مەرگ دەڕۆن" بۆ نە، چییان هەیە لە دەستی بدەن؟" ئازادانە بڕیاری رێگای ئازادی نان و کاریان دەدەن" چیش دەبێت با ببێت" رەنگی ژانەکانیان بە فرمێسکی منداڵەکان تێکەڵ دەکەن" پاپۆرێکی کاغەزی پێ دروست دەکەن" پڕی دەکەن لە گۆرانی و هیوا و پەیامەکان" دەیدەن بە بەری جۆگە ئاو و رووبارەکان" پاش ماوەیەك پرسیار دەکەن: بە دەستتان گەیشت؟

ـ چاوەروان بووین بگات" چاوەکانمان لە سەر لێوارەکان بە جێ دەهێشت، بەلام نەگەیشت، نەبوو، نەهات!

دەڵێن پاسەوانەکانی سنور لەت لەتیان کرد!

هەندێ کەسیش هەبوون، دەیانگۆ: زۆر ناسك بوو، بەرگەی شەپۆلی دەریا دوورەکانی نەگرد" لار بووەوە" چی گۆرانی و سرووود و هۆرە هەبوو بەو ناوەدا بڵاوبووەوە، پەیامەکانیش کەوتنە بنی دەریا !

ئەمجارەیان، تەنها ئەم جارەیان،

دەبێ خۆمان ببین بە شەپۆلی نۆهەم!

ئەمجارەیان دەبێ خۆمان

ببین بە پەرژینی پۆڵایینی سەردەم ..

- بەچی؟

بە نهێنی و چەك

- باوی نەماوە

- چەند سەدەیە، باوی ناماوە، بەڵام ئەوان دروستی دەکەن" هەڵی دەگرن" پەڕەی پێدەدەن" بازرگانی پێوە دەکەن" لولەکانی دەنێن بە ناو سنگمان" وەك باغە دروستی دەکەن "دەیدەن بە دەست منداڵەکان! یاری کاوبۆی و شەریفی پێدەکەن!

- برادەران یەك لە دوای یەك بە جێیان هێشت!

- ئەوە نییە ئێستا باسی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەکەن! ئێستا باسی ریفەرەندوم لە ژێر باڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن" باسی رێکخراوە نا حکومێکان دەکەن" باسی سەیر سەیر دەکەن !

- هەر بۆیە هەر یەکێکمان بە شێوەیەك،

به شێوەیەك لە شێوەكان،

بووین بە قەحپەی سەردەمەكان !

ـ بۆ قەحپە چێتی؟

ـ منیش قەحپەم !كێ قەحپە نییە؟ با دەنگ هەڵبڕێ! خوایش قەحپەیە" دیلی دەستی رژێمەكانین" لە گەڵ بازرگانیان بە خوێن و چەك لە ژێر ناوی نەتەوە وئاین و ئاڵا رەنگاورەنگەكانیان" بە ناوی دەستور و یاسا ورەوشتی باویان"گەوادیمان پێوەوە دەكەن" گەر لە نێوانی خۆیان شەڕ بەرپا بكەن" زۆر كەس هەن مەترەس لە یەكتری دەگرن! پاشان بۆ چارەرەشیان دەگرین!

بۆ نەگبەتی ئەمرۆ هۆشیار بە خواروخێچی تۆزێك لە مەش حاڵی بووە، بۆیە ئەوەندەی تر لە گۆمی نەبونی وون بووە" ئەوەندە "دوا كەوتووە" ناتوانێت لێی دەربچێت، دەستەپاچەی دەستی بانق بووە " كێ ماوە لە دەستیان نەناڵێنێ، ئەمانە ئاگر خۆشكەرەوەكەن" ئەڵێی بەقەد بەرازیل قەرزارە.

دەڵێن " لە ئۆروپا مەكینەیەك هەیە كارتێكی تێدەخەن، هەرچەند پارەت بووێت دەداتێ "

بەش بە حاڵیٚ خۆم من لەو مەكینەیە دەترسم، ئەگەر خۆی بە هەموو ریٚزیٚكەوە بانگم بكات، پارەم بداتیٚ، نارۆم بە لایەوە، بە من بیٚ ئەو شەقامەی ئەو و خاوەنەكەی لـیٚ بیٚت، سەروبانی بكەم بە یەك، یا پیٚیدا نەڕۆم ، بەلاٚم چۆن شەوە دەوروبەری ئەم بەرو ئەو بەری ئەلٚوەن مین ریٚژ كردووە، ئەم مردوو مراوانەش لەسەر شەقامەكاندا ئەو جۆرە مەكینانەیان چاندووە. مرۆڤ دەبیٚ بە گویٚرەی پیلانیٚكی زیرەكانە بۆ ناو سەنتەر بڕوات تا ئەو مەكینانە بەناو گیرفانەكانیدا نەتەقیٚتەوە، ئامان پارەی زیاتر لیٚ دەرمەهیٚنن“ دەنا خەوتان لـیٚ حەرام دەبیٚت! بە تایبەتی بۆ سبەینیٚ: دانیشتوانەكان گوایە چاوەڕوانی رۆژی ئاشتی و ئاشت بونەوە دەكەن" جا بانقەكان چۆن ریٚ بە شتی وا دەدەن" هەمویان لە دەوری داری ڤایناختن گرد دەبنەوە“ لە ژیٚریدا جۆرەها دیاری دادەنیٚن و بە خۆشی پیٚشكەشی یەكتری دەكەن، بەلاٚم لەراستیدا كۆمپانیەكان دەردیان بە رۆحیان داوە، دوا عانەیان لە گیرفاندا دەركردووە " دەیاندزن بە بیٚ ئەوەی بە خۆیان بزانن!

سبەی دریٚژترین رۆژی ساڵە بۆ ئەوانەی بیٚ كەسن یا دۆست و ناسیاویان نیە، زۆر لە بەساڵ چووەكانی خانەی پەككەوتووەكان لەم رۆژەدا ماڵئاوایی دەكەن“ كیٚ پرسیاریان لـیٚ دەكات، قەشە دووروەكان نەبیٚت كە بە خویٚندنەوەی چەند بابەتیٚكی گومانلیٚكراو سەریان بۆ دەپیٚچنەوە !

لەم رۆژەدا كەسانیٚكی زۆر بە حەپ یا ژەهر خۆیان لە خاچ دەدەن یا لە سەربانی ماڵە بەرزەكانەوە خۆیان هەڵدەدەنە خوارەوە و بە كوڕەكەی خوا پەیوەست دەبن! یەكیٚكە لە دووڕوترین رۆژی ساڵ ! دیموكراتییەتە“ كابرا كەیفی خۆیەتی چی بە ژیانی دەكات یا ناكات“ بە یەكیٚكی تر چی؟.

لەناو گرمەی راکە راکەی خەڵکدا، هۆشیار خەم و پەژارەیەکی دی هەبوو، لەبەر خۆیەوە وتی:" ئاو لە کورە رژیایە، کونە لە کورە درِیایە " بەراستی من بەم بەیانییە چاوەڕوانی پرسیارێکی وا بەزەبر و بە تین نەبووم، پرسیارێك بوونم بخاتە ژێر پرسیارەوە، پرسیارێکی ئەوەندە هەژاندەر!

دایکم پێی وتم" کورِم تۆزێك لە ناو خەیاڵەکانتەوە بێرە دەرەوە، ئەمەی تۆ باسی دەکەی زۆری دەوێت "!

هۆشیار: هۆ دا، ئاخر پێم بڵێ چۆن؟

دایك: بخوێنە، کورِم هەتا پێت دەکرێت بخوێنە، با خێر بێتە سەرت!

هۆشیار: هەیە دەڵێن خوێندنەوە پیاو شێت دەکات" مرۆڤ لە رێ دەردەکات! کەسانی وایش هەیە دەڵێن"خۆنستن چاو زەعیف کەد" هەیشە بە زمانە دوورەکان دەڵێن"بخوێنەوە، خوێندنەوە مرۆڤ گێل دەکات"!

عەزیزی مەلایش وتی: کی ئیسە کیتاب خۆند، وە بەلاشیش بێیدەی عالەمەگە نێخۆننەی، ئەو زەمانە چوی!"

بەڵام من بە قسەی ئەمانەم نەکرد و فرمایشتەکەی تۆم جێبەجێ کرد!

دایك:کەیفی خۆتە، بەڵام شتێك مەخوێنەوە لە رێگا دەرت بکات" هەر بەسەرە سواڵکەری لە دواوەوەی عالەمەکە بە جێ بمێنیتەوە.

هۆشیار:هۆ دا، پێش ئەوەی لە دایك بم ، هەموو " کوێرەوەرێکانی ژیان بۆ من ئامادەکرابوو، ئەو ماڵەی وا منت تێدا هێنا، کۆشك و تەلار نەبوو، ماڵێکی لە قورِ دروستکرابوو، ژوورەکەیش تاریك و بچوك بە بێ پەنجەرە، شایەنی حەوانەوەی مەرِ ومالاٌتیش نەبوو،

وەکو زۆربەی هەرە زۆریماڵەکانی بناری کەلات، ئەمجار بە ئەفسانەکانی خدری زیندە بە خێوتان کردم“ لە بیرت چوو؟ ئێواران دەمەو تاریکی، کاتێك سواڵکەرێکی کەواو سەڵتە لەبەر، پشت چەماو، ردێن سپی بەر دەرگای ماڵی بگرتایە، دەتگۆ: ئەوە خدری زیندەیە، یا دوور نییە ئەوە خدری زیندە بێت“ خۆیی کردووە بە سواڵکەر“ نان بۆ برسییەکان کۆدەکاتەوە !

قوتابخانەکەیش رێك لەسەر ئەلۆەن بوو! یەکەم وانەم، (دار ... دور) یا (البلبل الفتان.....یگرر فی البستان) نەبوو!

یەکەم وانەم: ئەلۆەن بۆ کویێ دەڕوات؟

دووهەم وانە: قەراغەکەی لە کوێیە؟

سێهەم وانە:کۆتایی هەیە ؟

چوارەم وانە: بۆچی قاتە شینە زبرەکە بە من دەدەن؟

پێنجەم وانە:بۆچی دەبێ بەیانیان ریز بگرین“ دەبوایە سەرو دەستەسرێکی خاوێن بەدەستەوە بگرتایە“ ئەوەی نینۆکی نەختێك خوار یا درێژ بووایە، لە ریزەکە دەردەکرا و لە پێشی هەموو قوتابیان دارکاری دەکرا!

شەشەم وانە: بۆچی دارکاری دەکرێین؟

حەوتەم وانە:بۆچی دەبێ هەموومان سرودی: ولاتەکەم ...ولاتەکەم

ئەی جوان و پر شکۆکەم... بڵێین

ـ ولات پێم ناخۆشە باوکمت زیندان کردووە !

هەشتەم وانە: بۆچی باوکم زیندان کراوە؟

نۆهەم وانە: بۆچی دەبێ بڵێم"شرینی ناکرم ، دایکم پارەی نییە قەڵەمم بۆ بکڕێت ، چاکترە بیدەم بە قەڵەم"، ئەگەر زۆر حەزم لە شیرینی کرد وەك هییام دەکەم: هاوینان ئەکرەم یاوەر لە تەنیشت ماڵەکەی باجی شەفیقە ئەزبەری دەفرۆشت، هەموومان لەلای کۆ دەبوینەوە، جارێکیان هییامم بینی لە ماڵەوە دەرچوو، تەماشای هەموومانی کرد، لەسەر خۆ نزیك بووەوە، هەردوو دەستی لە پشتەوە راگرتبوو، لەو کاتەی ئەکرەم ئەزبەری بۆ منداڵێك تێدەکرد، هییامی دایکم چنگی تێ کرد و بە جارێك قوتی دا و بۆ ناو ماڵ رایکرد!، ئەکرەم لە جیاتی توڕەیی و جوێندان، بسا لە پێکەنین و وتی ئافەرین هەی دەست خۆش نوش گیاند بود، دوێتیگید و ئەوەندە ئازا" جارێکی تر ئەزبەری بۆ منداڵەکەی تێکرد! بەڵام من ئێستایش غیرەتی هییامم نییە!

ئەمجار لە گەڵ باوك، نەسرەدین، شاکر فیل، شوکور ، حەربی، سەلاح، فایقە دەس کوچ، خەلیل شەوقی، وەلی، رفعەت، فازل، ئوستاد یحیا، ئەحمەد، مامۆستا قادر، عەبدە و چەندین خوا نەناسی تر گەورەتان کردم" کەچی ئێستا من تاوانبار دەکەن، تف لە ناو چەوانم دەکەن، پێم دەڵێن تۆ سەگە سووریت! ئاخر من چ تاوانێکم هەیە؟ منیش تازە ناتوانم ببم بە شتێکی تر" شویشە بشکێیگ، جەمەو نێوگ" ئەمە چارەنووسمە و دەبی قبووڵی بکەم " هەشتە لە سەر مەشتە"" با ئەمەش بێتە سەر ئەم بیانییە قۆڕە کە وا زیاتر چاوەڕوانی شتێکی تر بووم: لاوانەوەیەك، دڵ نەواییەك یا گفتوگۆیەك لەمەڕ بۆچون و کرداره وەنەوشەیەکان، ئەوانەی وا لە ناو سەمای رەشبەڵەکی یاران دەمهێننە هەڵپەرگێ...

ـ ئای ئەوە چەندە سەمام نەکردوە!

دەڵێن:سەما لاسایی‌کردنەوەی رەوی باڵندەکانە" هەموویان پێکەوە لە هەمان ئاست و رووەو هەمان روو دەفڕن" چەند دانەیەکیان نەبێت، چەند مەترێك لە دواوەوە دەفڕن،"رەنگە هێشتا بەچکە بن یا بە تەمەن" لە خەونە قەدەغەکراوەکانیش دەچێت" ژن و پیاوان توند دەستی یەك دەگرن، توند پێ بەسەر عەرزەکە دەدەن، وەك بڵێی دەیانەوێت بێداری بکەنەوە: دە هەستە، بۆ هاوار ناکەی؟ بۆ؟ ئەها .. بەشان ... بە شان . یەك .. دوو .. سێ .. تۆز ئەو ناوەی دەگرت : ڕابە... ڕا...تۆڵەی خۆت بستێنە" ئەوە کەڕ بووی؟ بۆ ئەوەندە بێ دەنگیت؟ تۆش قەحپەیی دەکەی؟... چۆن پێت دەکرێت چاوت بەم هەموو خوێن رشتن و پیساییە بکەوێت؟ چۆن قیزت نایەت؟ .. ئەها .. ئەها... ئەها.. شاباش لە کیسەی ئەوانەی لە ژین بێ بەشن! شاباش لە کیسەی بەتاڵ ..شاباش لە کیسەی ئەوانەی وا بوون بە ئاگری کورەی کار... دومبگ... دومبگ...دومبگ... لێدە، برا لێدە" باوکەکەمی لێدە...لۆرکێ .. لۆرکێ .. لۆرکێ .. لۆرکێ ..

باوانم لۆرکێ

ئەم بەر و ئەو بەر،

هەردووکی یەك بەر

خاتونم لۆرکێ ...

لێدەەەەەە... با ئەوەندەی تر گەرمتر بێت" وە قوربانی باڵآتان بم، دەی...

ـ ئەم جارەیان نۆرەی منە سەر چۆپێکە بگرم !

ـ"هەی سەگە سوور، هێشتا هەر بە تەمای، ئاخر تۆ گووی تێ دەکەی"!

ـ ئاخر تۆ مەحاميت؟ هەر بۆ فيتنە نانەوە لەو سەرە راوەستاوی، پاشان من بۆ گووی تێ دەکەم، ئێوە ئەوە چەند سەدەیە گووی تێ دەکەن، من دەمەوێت پاکی بکەمەوە، پاك ، بیکەم بە باغی گوڵ !

حەمید: ئەوەنە حەز لە هەڵپەرکێ کەید، ئەڕا نێچید ئەرا دیسکۆ؟ مەگە لەورە رقس نێکەن؟ ئێ! دوياىی بچو بکەرەيان!

هۆشيار : چويم، چويم برا چويم، بەڵام تەنيا تەماشايان ئەکردم، وە قەی پەنجەگان دەسم رەقس کردمە" مە تام لە چۆپی دوينم برای باوگم ، لە چوپی! لەوەر يە هەست وە غەريبی کردم" يانە گە روژ رقس کەن، نەك ئەڕا خۆشی، بەڵکو ئەڕا ئەوەی شەکەتی و بەدبەختی روژگاريان لە وير بووەن، رقسەگەيان وەك رقسەگەی کەريم کەشخە و ميم نەجاو نييە" ئەڕا روژگارە خۆشەگان لای باوە مەحميد وخدر زندەو ژن هاوردن کورەيل! وە راس تو باس کردن کرديد!! بەدبەخت کردن چە، ئەڕا هەرکی ئەڕا خۆيە،" شار هرتە" ئەوە يەك دنيا نەفەر هەس جاری دەس پەڕ دەنە لی" يانەش مينەی عاشق بوين کەن، يانەش باوش گەرم توان، کيرو مێر نێتوان وەو شکڵەی بەعزە کەس بیر لە لی کەد، کورە وە قسەی فلم ڤيديۆی گەوادەگان و مەجەلەی پلەی بۆی و فلمەگان هۆليود مەکەن!....

حەمید: ئەی سەيارەی(بی. ئێم.دەبڵ يو) يا مارسيدس نەيريد؟

هۆشيار: مە دەبڵ قوزەڵقورد ديرم ئەڕا ناو چەود، دەبڵ گوی ديرم ئەڕا بان سەرد!

حەمید: يەعنی گە رووژ سوار يەکيگ نێوی؟

هۆشيار: مە گە رووژ خەڕگ عالياوە گرمە بان سەرم، ئەڕا ئەی قسانە!

حەمید: جواب بيە! ئەڕا هەر جمان دەی؟ ئەی ئەرا ئيژن" بچيدە بان شارعەگان، دوو دوو دوێت ئەڕا ماڵ بەيدەو"؟

هۆشیار: قسەگاند لە قسەگان قالە کەد، لە وەر ئەوەی دوێت نەکەفتە دەسی ئەوەت" دوێتەگان ئەیرە هەر مینەی کیر کەن"!
منیش وەتمە پی" ئا راس کەید، بەیانیان وەختی چم ئەڕا ناو بازار دوینم دوێت شارەگە لە وەردەم قاپێگەد سرە گردنە!! ئەی کابرایە کە لێوا ئەوەت، هەر چەن ئەڕا دوێتەگان خونکی و زەوزەکی دیادە خەرج، فایدەی نەوی" وە شەوان لە دیسکۆ ئەڕا دیسکۆ ئەچوی، ئاخرەگەی وە دەس پەر داین شکور خودا ئەکرد. هەمید توش وەکو ئەو ئیژی عەقلْت وە مەکینەی خەر کار کەد، ئەڕا، توو گوش لەو قسانە گرید !!

حەمید: فرە لەوانەی تێنەو قسەی عەجایب عەجایب کەن، ئیژن" دوێتەکانیان، سەررەش بدوینن داچەقننەی" و هەس ئیژد" وەك مامر فس بەنەو"

هۆشیار: ئەو کەسانە گوی سەگ بخۆن فرە خاسترە، ئەو کەسانە هەر خەریك کار گەوادی ، قومار، دزی وقاچاخچێتین، یانە لەوانەس دە سالْێگە لەیرەن، لکن تەنیا ژێر قۆندەرەگانیان لەیرەس ... نێچن وە لای زانست" ئەگەر بدویننەی خۆیان لە لی شارنەوە"هەلْبەت کەسانیگ هەسن خۆیان وە کار خاس خەریك کردنە یا ئازایانە بینەسە خاوەن شەهادە" یا چن ئەڕا مێنزا باس ئەیە و ئەو بکەن" فلاْن دوێتەگەی قحپەس" فیسار ژنەگەی" فلاْن دوێت کەس نەما لە ولاْت نەکەدەی .. هەر یەکیگیان وەزیریگی فوق ئەلعادەی کاروبارە گیر و کوس و قن عالەمەگەس !

ئەو رۆژە دانا، سەری لەو برادەرەی دا کە وا نزیکەی چوار سالْە لە هانۆڤەر دەژیٚ، دانا پرسیاری لە هاورێکەی کرد: هاوسەر یا دۆستت هەیە؟

شوان: دۆستی چی، هاوسەری چی؟ چۆن دۆست پەیدا دەکرێت؟ من هەر لە ماڵەوەم، تەلەفزیۆنەکە هاوسەرمە! ئەو رۆژەیش جەبار غیرەتی کۆکردەوە، لە گەڵ ئافرەتێك بدوێت، چاوەڕوان بوو ئافرەتەکە لە گەلیدا بڕوات، پێ وتبو: کاتت هەیە پێکەوە قاوەیەك بخۆینەوە؟

ئافرەت: نەخێر، کاتم نییە!

جەبار: بۆ کاتت نییە؟ خۆ کۆفی عەنان نیت!

هەیشە دەبن بە دۆستی قحپە خارجێکان کە مۆڵەتیان پێ نادرێت لێرە بمێننەوە" بەدرۆ پێیان دەڵێن : دەتخوازم! ئەگەر کەسێك بیانخوازێت مۆڵەتی مانەوە وەردەگرن" ئەم پیاوە بەرێزانەش پارەیان لێ وەردەگرن ، لەسەر حیسابی نرخی تەحقیرکردنیان دەژێن" سەعاتی ئاڵتونی و کراسی گران بەها لە دەست و لەبەر دەکەن ...!!

لە ئەمستردام، لە بەردەم مەحەتەگە وە سێ نەفەری دادەنیشن، چاوەروان کەنیشکێك دەکەن گرفتی هەبێ یا لە دەم و چاوی دیار بود وەزعی خراپە، ئەو کەسانە دەچن ئەرا لایان" وەئیشارەت وە پییان ئیژن بەو ئەڕا ماڵ !!

هەیشە بە تۆزێ دۆلار و پانزە کێلو درۆ دەگەرێنەوە" یەکیگ ئیژد:"مە خەریك دکتۆرام"

ئەوەگەی تر ئیژد:مە دکتۆرم

ئی یەکی تر ئیژد: من خاوەن...

ئیجار چوین ئەڕا تەماتە سەندن چن، لێوا دوێتیگ ئەبولشەهادە و جوان دەکڕن“ دەیانهێنن ئەڕا ئەیرە“ نەیەکتری خۆشتواستنە و نە یەکتری خاس ناسن“ ئەگەر وە بەعزیگ لەی کەسەیلە بیژید:" ئەڕا لەیرە ژن نایەرید، لەیرە دوێت گشت ملەتەگان دنیا هەس! ؟" بەزمانێکی سوك و رسواکەر یەکسەر ئێژن" یانە قحپەن“ پەردە نەیرن“ کلتوری تر دیرن“ هینەگان خۆمان سەرموهرن“ قاپی باغڵەمەن“ پاکن“ بەعزیگیان ئیژن، باوە یانە نێزانن دۆڵمە و کفتە لە لی بنەن" ...بۆیە کابرایەك پاش بیست ساڵ ژیانی لە هەندەرانی سوید بۆ ژن هینان گەرابووەوە، ئافرەتێکی "دۆزیبووەوە"“ بۆ شاییەکەی ئاهەنگێکی گەورەی رێك خستبوو“ بۆ شەوەکەی دەبینێ هاوسەرە"خۆشەویستەکەی" پەردەی نییە و هەنگوینەکەی لێ ببوو بە ژەهر، بە کچەکەی وتبوو: من تا ئێستا لەوێ ژنم نەهێنا، بۆ ئەوەی لێرە کچێکی پاك و پرچی خۆمانەیی بهێنم، کەچی لێرە کچی بێ پەردەم توش بوو! ! ئاغا شاییەکەیی بەجێ هێشبوو و هەر وا بۆ سوید گەرابووەوە !

دەڵێن :جاسم کە کابرایەکی شوعییە، رێ لە ئازادیکچەکەی خۆی دەگرێت، کچەکەی نازدارە و زیرەکەکەی ناچار کردبوو بەدزیەوە دۆستەکەی ببینێت!

دەڵێن: قادر هەورامی بڕیاری داوە بگەڕێتەوە !

- بۆ؟

- دەڵێت کچەکەم گەورە بووە، با ناموسم نەچێت! ئەمە کەی کۆمەڵگایە !

- پێ بڵێن، کورە بەدبەخت نەك لە گەڵ یەك کوڕ، لە گەڵ چەند کورێك بینرا! ئەمە مافی خۆیەتی، و زۆر لە باوکی بەرەوشت ترە“ باوکی رێ بە خۆی دەدات، بەراست و چەپ بۆ رابواردن بگەڕێت، بچێت بۆ وڵاتی تر بۆ ئەو مەبەستە !

دەڵێن: مام ئەکبەریش کچەکەی بۆ لای خۆمان ناردووەتەوە !

دەڵێن: خاڵە سمکۆ وتویەتی"من کچەکەم نادەم بە مانە، دەیدەم بە کورێکی خۆمانەیی!
دەشڵێن: ئەکەر سەبریە لە سەر شەقام ببینی، باسی هەرچییەکی لە گەڵ بکەی، ئەو هەر لە خۆیەوە باسەکە دەیهێنێتەوە سەر کچەکەی: کچەکەم ئاقڵە، گاڵتە بە کچ و کوڕی ئەمانە دەکات، بە خۆی نایەوێت ناسیاویان لە گەڵ پەیدا بکات، کچەکەم دەڵی" ئەمانە زۆر بێ رەوشتن"! کچەکەم لە ماڵەوە دەچێت بۆ مەکتەب، و لە مەکتەبەوە دەگەرێتەوە ماڵەوە هەتا سبەی دەرناچێت" خۆی نایەوێت دەربچێت!!!
کەمال: هەی رەحمەت لە خۆشناوەتی!!

ئەو جۆرە بۆچونانە هێمایەکن بۆ ئەوەی کە ئەم بەیانییە مێژوو سەری لە قەبری بابی حەفتا پشتی دەنێت وکۆتایی پێ دێت!
کەسانێك پاش ئەوەندە ملیون ساڵە هێشتا وا دڕندەیانە بیر بکەنەوە" جوانی گوڵ و بەهار و خەونەکان دەشێوێنن" ئەڵوەن و ئاودەست لە یەك جیاناکەنەوە!

ئەڵوەن چاوی گەشاوی ئومیدی خۆشەویستیە" بەڵام بۆچونی ئەو جۆرە کەسانە لە گازە ژەهراویە تاقیکراوەکانی سەر باکور و باشورەکەی تاقانەکەم دەچێت" ئەوەندە کەسانی بەرێزن پێم دەڵێن:
ـ جوێن مەدە، جوێن داین عەیبە!
ـ جەلادەکان خوێن مەرێژن!
ـ ئێژن: جوێن مەدە، خراپت بە سەر دێت!

ـ گەماڵ باوکەکان درۆ لە گەڵ خەڵکدا مەکەن!

ـ ئێژن“ بەسیەتی جوێن مەدە !

ـ تەرەسەکان خیانەت مەکەن!

ـ نەچۆ ئاستی جوێندان!

ـ پێڵاوەکان دەست مەنێنە دەستی شەوە !

ـ کورە ئاگات لە دەمت بێت، جوێن مەدە !

ـ ئاڵچاخەکان لەشکرکێشی مەکەن!

ـ بەسیەتی ئیتر، لوتمان پڕ بووە لە تۆ!

ـ هەی خوێرێکان، موڵکی خەڵك ئاودیو مەکەن!

ـ دەمت زۆر شڕە، دەمت دەدرین!

ـ کورە ناکەسەکان تاوانە وێنە لە گەڵ شەوە بگرن!

ـ مافی کورد وەردەگرین!

ـ مافی... وەردەگرن!

ـ زەرەر دەکەیت!

ـ لە خوارەوەی زەرەر دەژێم و دەشزانم جوێندان چەقۆیەکی کولە !

ئەگەر ئێوە بە راست دڵتان بە چوێندا‌ین دەشکێت، بۆچی ئەو هەموو تەرەسییە دەکەن ؟ دایك و باوك و خوشك و برام دەکوژن" بێ نانیان دەکەن، بازرگانیان پێ دەکەن، کەچی هێشتا ئێوە قەڵس دەبن، لەوەی لە داخاندا جوێنی بێ دەسەڵاتان پێ بدەم" .. خوێن رشتن و جوێن داین بخەنە سەر تەرازو بزانن کام لایان قورس ترە ! ! ئەمجار دەمتان بکەنەوە" خۆتان بە کەسانی ماقوڵ دابنێن" و داوای کپ کرنی دەنگە بێ دەسەڵاتەکەی من بکەن" کاکە من نامەوێت شەپرزەیی و مەئیوسی ببینم" ئەمە زۆرە؟ من تا لە ژیان بم و چەوساندنەوە هەبێت، بێدەنگ نابم!

هەر ئەڵێی کاتژمێری بیست و یەکە: شەمەندنەفەرەکە گەیشت بە وێسیگایەکەی پاخدیۆ لییۆ، کابرایەك لەولاوە بە هێمایەك پێی وتم" تۆ دەبێ لە وێستگایەکە دەربچیت" لە دەرەوەش دوکان و کەفتریاکان داخراوبوون" نە بۆنی عەترە خۆشەکانی پاریس دەهات و نە چرا رەنگاورەنگەکان دیار بوون" برسێتی وسەرماوسۆڵی فرمان رەوایی دەکرد، بەو جلوبەرگەی بەرم بەرگریم پێ نەکرا" ئەو شەمەندنەفەرەی بۆ شاری گرینۆبل دەڕوات" بۆ لای فرانسواس، سبەی لە کاتژمێری پێنج و پەنجا دەقە دەکەوێتە رێ، ئەمەش ماوەیەکی زۆرە" بۆیە ناچار بووم لە بەردەم وێستگایەکە وەکو رۆژە تەڵخەکانی ئەبو غرێب درێژە بە رێ پێوان بدەم" لەم کاتەدا دوو گەنج هاتن بۆ لام، داوای جگەرەیان لێ کردم" پاش نەختێك کچێك داوای چەرخی لێکردم" لەولایشەوە مامە پیرەیەك هات" دەماغی دابوو" قاپوتێکی ئەستوری لە بەربوو" بە چەماویەوە دەڕۆیشت، دەستی راستی لە گیرفانە بەتاڵەکەی بوو و بە دەستی چەپی جانتایەکی سپی بەدوای خۆیەوە رادەکێشا و لە پاڵ دوکانەکەی تەنیشتی وێستگاکە راوەستا" هەر بەراوەستاویەوە مابووەوە" پێدەچوو بە پێوەوە خەوی لێکەوتبێ !

پیاو دەتوانێت بە پێوە میز بکات یا رۆمانێك ناوی لێ بنرێت( ئێمە بە پێوە دەمرین) بەلاّم نەمبینیوە مرۆڤ بە پێوەوە خەوی لێ بکەوێت“ بۆچی هەیئە خاسەیە؟

نەخێر ئەویَ وێستگای  لییۆ پاخدیو بوو و بەو شەوە کۆمەڵێ کرێکاری جەزایەری خەریکی پاککردنەوەی بوون“ دوو پۆلیسیش جلوبەرگی شینیان لەبەر بوو و دەمانجەکەیان لە لا قەد هەڵگردبوو و سەرو کوتەکێکیان بە دەستەوە بوو وچاودێریان دەکرد“ منیش ئارامم لێ بڕابوو و نەمدەزانی تا کەی دەتوانم خۆم لەو دۆزەخەدا راگرم“ چاویشم برایی نەدەدا ئەو بارودۆخە ببینم، ئەتگۆ کەسێك هەناوم هەپرون دەکات، بە بێ دەسەلاّتیەکەوە لەوێ راوەستابووم وبەزەبری شەق چاوم بەو شەرمەزارییەدا کەوت، بە بێ ئەوەی هیچ گوناە یا هەڵەیەکم کردبێت“ بەبێ ئەوەی مەبەستێکی خراپیشم هەبێ لەو سەفەرە“ ئەوەی راستی بێت ،برایەکی شرینم تەلەفۆنی بۆ کردم ، وتی: کوڕی خوشکەکەم لە رۆمایە، دەتوانی بیهێنی؟

منیش ئەو برادەرەمە ئەوەندە چاکەی بەسەرمەوە هەیە، پێم وت باشە، پرسیار دەکەم، بزانم قاچاخچێکان چۆن خەڵك دەهێنن، منیش هەوڵ دەدەم بە هەمان شێوە بیهێنم، بەلاّم یەك شت هەیە، وەك خۆت دەزانیت من پارەی سەفەرەکەم نییە، تۆ دەبێ خەرجەکەی بگریتە ئەستۆوە! بۆیە منیش بە نەزانی ئەو رێگایەم گرتە بەر... سەرباری ئەمەیش، نە دەمتوانی ببم بە ماڵ، نە دەمتوانی دەرگای وێستگایەکە بکەمەوە“ نەیش دەمتوانی چاوم داخەم نەکا خۆیشم خەوم لێ بکەوێت!!

پێمدەڵێن: بڕوانە دەرەوە

منیش دەڵێم: بڕوانە ناوەوەم!

ئەمە چ زووخاوێکە ئەڵوەن، ئەی عەزیزی باوان، "گوڵەگەی باوە" ئەڵوەن“ ئەڵوەنی یاری بیٚ یاران ئەوا ئێستا دەمەوێت لەسەر لوتکەی زەمین بە دەمەوە راکشێم و هاوار بکەم: بەسە! بەسیەتی ئیتر وا نەمام“ یارانت وا بە چەماوییەوە لە پاڵ دیوارەکاندا بە پێوەوە خەویان لە چاو دەکەوێت! ئەویش هیچ ئاگای لە دڵە پر خوێن بووەکەم نەبوو“ ئاگای لیٚ نیە وا من ئێستایش دەمەوێت بە پاڵ زەمین غل بکەمە خوارەوە“ تفێکیش لە رووی رۆژ بکەم، پیٚ بڵێم: بۆ هەڵدێیت؟ کە یارانی ئەڵوەن شیوەن و رۆ رۆ بەشیان بێت، بۆ هەڵدێیت“ بۆ ...بۆ ...بۆ ... بۆ“ کە دڵخۆشکەرەکەت وا لە ناو تاریکاییدا بێت، با هەموو دنیاش ببێت بە تاریکی“ با هەموو دنیا وردوخاش بێت!

(٥)

ئاخر بلێن ئەڵوەن بەم بەیانییە پرسیاری چی لە من دەکات؟ پاشان ئەڵوەن بە بێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت بۆ سەر کەلآت بڕوات" بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت لە شوێن پێ هەڵگرێك یا لە جادووکەرێك پرسیار بکات، بەو چاوە شینە ئەفساناویە دەگمەنەیەوە دەبینیت من لە کوێم" دەزانێت من لە ژێر هەمان ئاسمان و لە سەر هەمان خاکم، تەنانەت درەختەکان بە هەمان شێوە لە بەهاری تەمەن گلآی سەوز دەگرن، منداڵەکان بە هەمان شێوە لە دایك دەبن ، چاوەکان بە هەمان شێوە دەدرەوشێنەوە و ئەشك دەڕێژن، بە هەمان شێوە تای ئەوینداری دەیانگرێت، ئەوە نەبێت لە باتی عەودالّ بونی ناو چیا و دەشت و دەرەکان، دەبرێن بۆ نەخۆشخانە دەرونێکان" دڵە وێرانبووەکانی پەتای خۆشەویستی و جوانی کە ناچاری تەنهایی بوون کراون، بە زەبری

دەرزی و دەرمان ئەوەندەی تر وێرانیان دەکەن ... حەپ لە دوای حەپ“ کاتێ حەپێك کارتێکردنەکەی تەواو دەبێت، حەپێکی بەهێزتریان دەدەنێ کە ئەویش سوودی نەمێنێت، دەستیان دەبەستن و دەیانبەن بۆ قاوشی تاکە کەسی، بە سورگی ئەستور و کلیلی زل دەرگاکانیان دادەخەن، هەر وەکو دەرگاکانی زیندانە تاکە کەسەکانی ناو ئەبو غرێب و ئاسایشەکەی باقوبەیە بەلأم نەختێ جیاوازی هەیە لە گەڵ زیندانە گشتیەکەی پۆلیسی باقوبە“ لێرە ئەو منداڵأنەی وا لە گەڵ دایکەکانیان زیندانی کرابوون خۆیان بە شیشی دەرگا ئاسنینەکەوە ڕادەگرد بۆ ئەوەی چاویان بە باوك و براکانیان بکەوێت وا لە بەشی پیاواندا، لە بەری ئەمبەریانەوە زیندانی کرابوون، لەو بەشەی وا پیاوێکی ئێرانی بە تۆمەی جاسوسی زیندانی کرابوو، تەمەنی لە هەشتاکاندا بوو، جێگایەکیان لە تەنیشتی ئاودەسەکەوە بۆ تەرخان کردبوو، ردێنێکی سپی هەبوو“ هەموو روخساری داپۆشیبوو“ جلوبەرگێکی شڕی لەبەردا بوو، هەر بە کۆمی دادەنیشت، تەنانەت پێی نەدەکرا بۆ سەر ئاودەستیش بڕوات، لە سەر جێگاکەی دەیکرد بە خۆیەوە، رۆژی لێ کرابوو بە شەو تەنها ئەو کاتە نەبێت کە منداڵە شەش تا دە ساڵێکان لە دەورو بەری نیوەڕۆ بۆ سەر ئاودەست دەهاتن، بە حاڵ سەری هەڵدەبڕی و بزەیەکی خەندەی بۆ دەکردن“ مەگەر خەندەکەی ئەم لە خەندەکەی حوسێن نەشعە جوانتر بێت“ ئەتگۆ چرۆی دارە پرتەقاڵەکانە و دەپشکوێت“ جوانترین خەندەی سەدەی بیستەم“ زۆر بە ماناتر لە خەندەکەی زۆربا ! " تۆ بڵێیت بیری منالّی خۆیی کردبێت؟ یا حەزی کردبێت ژیانی سەر لە نوێ وەك منداڵێك دەست پێ بکاتەوە؟ دەتگۆ برا بە پیری کەژاوەوە دەڕوات! بەلأم ترسی ئەوەیشم هەبوو، تیزی بە ژیاندا هاتبێت و لە دڵیەوە وتبێتی" هەی قوڕتان بەسەر، منداڵیتان وا بێت، دوارۆژتان چۆن دەبێت" ئەڵێی بزەی لێوی منداڵی ساوا بوو! منداڵەکانیش کوتومت لە منداڵە بارزانێکانی ناو زیندانی پۆلیسی هەولێر دەچوون، هەر ئەتگۆ سێوێکن کراون بە دوو کەرت" روخساریان لە روخساری ئەڵوەن دەچوو" ئەوە نەبێت

منداڵێتیان لێ زەوتکرا بوو، پرۆتێستۆشیان بکرایە دوا هەناسەیان لێ زەوتدەکرا، بەڵام لێرە ئەوەی پرۆتێستۆش بکات،دەرزی خەوتن یا دەرزی " هێمنکەرەوەی "لێ دەدەن“ گرفتی زۆربەیان بریتیە لە پێویستیان بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانەوە !

عادل وتی " ئەو نەخۆشخانەیەی کارم تێدا دەکرد، پڕ بوو پڕ، جێگای کەسێکی تری تێدا نەمابوو". هەروا دەڵێن گوایە د. غازی لە نەخۆشخانەیەکی وا کار دەکات، ئێستا ئەمیش وەکو نەخۆشەکانی لێ هاتووە، دوریش نییە ئەمە پروپاگەندەی ناحەزانی بێت، هەرچەند ئەگەر وایشی لێ هاتبێت مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە، جا مرۆڤ بەو هەموو نەزاکەت وخۆشەویستیەوە چۆن بەرگەی شتی وا کارەساتاوی دەگرێت؟ هەندێ کەس دەگێڕنەوە کوایە" ئەم جێگایە بە هۆی تێنەگەیشتنێکی بەرێکەوت و نالەبار هاتووەتە ئاراوە ، بۆیە بووە هۆی ئەوەی لە پەنجەی خاوەن دەسەڵاتدارەکانیانەوە خوێنی ملیونان مرۆڤ چۆرە بکات“ جێ پەنجەی دەستیان لە باکوری ئەڵوەنیش دیارە و باکیشیان پێوە نییە "

حەمید: تۆ نمەك حەرامی، بوختانیان بۆ هەڵدەبەستی ئەم قسانەی تۆ، بۆنی دەعایەی شوعێکانی لێ دێت!

هۆشیار: خەرەگە مەمرە وەهارە .... خەرەگە مەمرە وەهارە !

ئەی من لێرە چی ئەکەم؟ ئەی هاوار کێ منی بۆ ئێرە هێناوە “ بە خەویش نیازی جێگای وام نەبووە، دەڵێن" بەرد لە جێگای خۆی قورسە"

بەلاّم من نە بەردم و نە جێگاشم هەبووە“ تەنها دوو دەستی ماندووم هەیە“ هەست و سۆز و ویستەکانم هیچ بایەخێکی بۆ دانانرێت... نەخێر ئەمە من نیم، پێم وا بێت من ون بووم“ ئەریّ ئێوە خەڵکینە لەو ڕێگاوبانە منتان نەبینیوە ؟ من یەکێکم لەوانەی وا لە گەڵ دابەشکردنی موڵکایەتی“ لە گەڵ ئەوەی ژیانم وا بەو شێوەیەی بەڕێوەوەم دەبرد لێیان زەوت کردم و هەتا ئێستا سوخرەکاریم پێدەکەن، لە نامووییدا دەژێم“ بەروبوم نەما بەبەرهەمی نەهێنم، خاك نەما بە گاسن داینەڕوشێنم، شەقام و خانوو وکارگا نەما بە منی دروست نەکەن، کورە ئەوەی بەرچاوتان دەکەوێت بە ئارەقی ناوچەوانی من بەرهەم هاتووە و بەرهەم دیّ“ من وا ئێستاش لە پێستی خۆمدا نەماوم، من نازانم کێم ، هەر جارێك بە ئارەزوی خۆیان ناسنامەیەك بە ژمارە و ئیمزایەکی نوێم بۆ چاك دەکەن، منیش هەر ئەوەندە دەزانم دوو دەستی کارم پێوەیە، بەلاّم لە بوارێکدا بەکاریان دەهێنم، بواری من نییە“ ناو لەپم بە هیچ ناو لەپ خوێنێك ناخوێندرێتەوە، جا چی بۆ خوێندن بدۆزنەوە؟ هەر توشی سەر ئێشە دەبن“ هەر هێڵێکی بەرەو لایەك سەری ناوە، دوور نیە کابرا خۆی بدۆزێتەوە ...ڕێکەوت نییە ئەگەر بڵێم هەمان شت رووبەرووی شوێن پیّ هەڵگریش دەبێت، ئەمیش لە ناو ئەو ڕێگا و بانانەی پێدارۆیشتوم وێڵ و سەرگەردان ئەبیّ، مەگە قەرەچەکان یا حەوت خوشك و براکەی ئەم بەر و ئەو بەر، ڕێگای گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە پێشان بدەن، کەچی ئەوان کۆت و زنجیرم دەکەن، دەمسوتێنن، لە زیندانم دەئاخنن و قەنارەم بۆ دادەمەزرێنن“ دەڵێن شتێکیان داهێناوە لەش دەبڕێت، گولە بەنی هیچ شێخ و مەشایەخێك ڕێی لیّ ناگرێت“ هەروا دەڵێن ئێستا زۆر مۆدێرنتر بیردەکەنەوە“ لە بری دەرکرنی چەند کەسێك لە سەر کار، ئێستا فێربوون بە کۆمەڵ کرێکار دەردەکەن" دەزانن کرێکار حەزی لە کرداری کۆلەکتیڤانەیە" لە سەنتەری شارستانیەت ناویان لیّ ناوە سەردەمی پۆست مۆدێرن، گوایە زۆر بەزەییان بە مرۆڤ دێتەوە، بە دیتنی خۆین، دەرژێنەوە، بە بیستنی هاواروداد قەڵس دەبن، بۆیە بۆمبی لە ناوبردنی بە کۆمەڵیان داهێناوە، بە جۆرەها چۆنایەتی، هەموو زاناکانیان بەڵێن دەدەن و سوێند دەخۆن کە بۆمباکانیان هیچ ئازارێك ناگەیەنێت، ئەوەی

بەری کەوێت یا هەڵی مژێت وەکو منداڵ خەوی لێ دەکەوێت، بە هەمان شێوەش دڵی تاقە کەسیشیان نەشکاندووە" تاقە کەس و مولّکەکەی بوونێکی پیرۆزە"، زۆر بە مەعریفەتن، ئەی چۆن، مرۆڤیان شەرمەزار کردووە، دەبێ هەموو کەسێك لە جێگای خۆیەوە ستایشیان بۆ بکات" بە زبانی خۆیان بلّێت: براڤۆ، زێر گود، دانکە، فیلن دانك!!

لانکەی شارستانییەت دەرزی ژەهراوی بەبەهایان هێناوەتە ئاراوە، لەمە باشتر هەر نییە، پێش ئەوەی لە کەسەکەی بدەن، دەیبەن بۆ ژوورێکی چوار گۆشەیی سپی ڕەنگ، لە ناوڕاستەکەیدا جێگایەکی تایبەت بە مەراسیمی بەڕێکردنی هەتاهەتایی ڕێکخستووە، ناخۆشێکەی هەر ئەوەندەیە هەتا دەستەکان بە دیوی خۆیان بە قایش توند دەبەستن و قاچەکان لە تەنیشتی یەکەوە بە هەمان شێوە توند دەکەن، هەر ئەڵێی فیستیڤاڵی لە خاچ دانە، لەم چرکەیەدا مرۆڤ دەمرێت، ئەوەی لەپاشاندا دێت ختوکەیەکی بچوکە و هیچی تر، هەموشمان دەزانین ختوکەدان چەند خۆشە... خت ... خت خت ...خت بەبە گیان ... پێبکەنە بۆم ڕۆڵە گیان ... وا رۆژ هەڵهات بۆ ئەلّوەن ... بەڵکو ببی بە باوان ... بۆ منالاّنی گشت جیهان ... خت خت ... ها ...ها ... ها ...ها !

تۆ بلّێیت ئێرە ئەستێرەیەکی تر نەبێت؟ ئامان برا ئامان، لەم ناوە چی ڕوونادات؟ دایك وباوك گەوادی بە سەر ساوای ناو قومات دەکەن!!

لۆژیکی چەك دروستکردن وبازرگانی ڕێگا بۆ ئەو جۆرە دڕندەییەش خۆش دەکات" لە پشتیانەوە خواوەندی قازانج راوەستاوە و فرمانرەوایی دەکات" بووە بە هۆی ئەو رەوە ملیونیەی وا مرۆڤەکان لە باشوری ئەلّوەنەوە رووەو باکور رێیان گردەبەر و سورکێو

و فەرهاد، دووکوڕەکەی میمکە گوڵبەهار  ئاشنا بوون بە کەنیشکەکەی مام سیرڤینۆ تیراپیکی دانیشتوی گەڕکی فێنزەویلا، بەوبەری ماڵی قادر چکلێتی و کەنیشکی خالۆ لەیتۆن مۆرکای، ها کاتی خۆی هاوسێی ماڵی حەمە لەڕ بوون لە تەنیشت چاخانەکەی فەرەج لە کۆڵانی نیکاراگوا، کورە باوانت شێوێ چۆن نایانناسی،ئەمانە ئەڵوەن زادەن، ئێستایش هەر رەنگ و بۆی ئەڵوەنیان پێوەیە سەرەرای کۆچی پێش وەختی باپیرە گەورەیان لە دەوروبوری سەدەی سێهەم، دەگێرنەوە" ئەمانە ئێستاش بە رووبارو ئاو دەڵێن ئەڵوەن"! خۆ وەکو بەکر نین بڵێن" کەنیشکێکم ناسی، ئێژن جارێ نەتەقیاگە "یا وەکو ئامەدی و کوڕەکەی عەبدولمەلیك و عەبدلجەعفەر نین خەریکی قاچاخچێتی بن، بە خوێنی خەڵك ئاڵتون لە دەست و مل بکەن و سوێند بە کوردایەتی، بە رەنگی زەرد"بە سەوز بخۆن، بازرگانی بە رەوەبووەکان بکەن وا ئێستاش لە سەرە رێگادان بەرەو باکور!

ئەمانە دەڵێن " کاکە ئێرە دیموکراتیەتە، دیموکراتیەت وە شەرت چەقو، مرۆڤ ئازادە!

دەڵێن :کاکی خۆم قاچاخچێتی بە خراپ دەزانی، مەیکە، ئاخر بە تۆ چی، بۆچی ناوی خەڵك بە خراپی دەهێنیت؟ هەقت ؟ حیسابت؟ چ ئیشێکت هەیە!

دەڵێن: جەناب بۆ ئاگاداریت، ئێمە چاکە و پیاوەتی بۆ خەڵك دەکەین، کورد لەو بەدبەختیە رزگار دەکەین...!

ـ یەڵڵا، نەفەر لە ئۆکرانیاوە بۆ ئەڵمانیا بە دوو هەزار دۆلار" پارەکەی لەوێ تحویلی ژمارەی برادەرێك دەکەن، ئەو تەنها پیاوەتی دەکات!

ـ ئەرێ تەنها پیاوەتی، کورێکی زۆر دڵسۆزە بۆ کورد، هەقی بە کاری قاچاخچێتیەوە نییە!

ـ لە یونانەوە بۆ ئەڵمانیا بە سێ هەزار دۆلار!

دەڵێن: ڕێگاکە سەختتر بووە ، کۆنترۆڵ زۆر بووە" لە ئەڵمانیاوە بۆ سوید بە ١٥٠٠ دۆلار بە نرخی کڕینی لە بانق !

ـ بە ئۆڕۆ نابێت ؟!

ـ . من بۆ کۆنکان دەچم ... تەقیم !

ـ شەڵلا هەلا بیت .

ـ قاچاخچییەکیان وتی: ئەم کارە، کاری گەوادی و بێ ناموسییە ! بەڵام زێرە،زێر!

لەولایشەوە هەر پێنج مارکی دەخرێتە ناو جیهازی یاری قومارکردنەکەوە، کابرا بە هەموو مێشکیەوە دەیەوێت تەقڵە بە کۆمپانیاکانی جیهازی قومارکردن بدات"

ـ بۆ دەنیمارك بە ١٢٠٠،کاکە ئەگەر پەیمانی ماستریشت نەبوایە، وەڵڵاهی بە سەر هەردوو چاوم بە نیوەی ئەو نرخە برا کوردەکانم ئاودیو دەکرد، بەڵام ئەڵێی چی هەی کەر لە قوزی داکی ماستئەحمەد و ماستهەولێرو سلیمانیٚ!

ـ برام ئەوەی بگیرێت ٢٠٠ دۆلاری دەدرێتەوە ! ! ...

هۆشیاری داماویش سەر دەهێنی و سەر دەبات ئەڵوەنی هەیە، ئەمیش بە قەد باڵاجووی لێ هاتووە و دەستە قڵیشاوەکان شاهی شاهانێتی، لەبەر خۆیەوە وتی "پە کوووو، ئیجا بەو ئەی خەرە لەی خەڕگاوە دەرکە، قەرزاریشم دەکەن، برا بویشنە پێم، نەفر بە چەن ئەوەن بۆ دەربەندی هرمز لە پێش و پاش رزگارکردنی؟"

دەڵێن ئەمانە میز بەسەروچاوی ئەڵوەندا دەکەن وپاشان بەردی تێدەگرن و بە خەیاڵیشیان نایەت! لە هاویناندا منداڵەکانی ئەم بەر و ئەو بەر بۆ سەر ئەڵوەن دەچوون و لە گەڵیدا یاریان دەکرد، بەردی پانیان دەدۆزیەوە و یەك بە یەك هەڵیاندەدا، بزانن بەردی

کێ زیاتر ماچی رومەتی دەکات، یەکەم ماچ زۆر خێرا بوو، لە دوا ماچدا بەردەکە و ئەلۆەن یەکتریان لە ئامێزدەگرت، براوە ئەو کەسە بوو بەردەکەی ماچێکی زیاتری بکردایە !

بەڵام لێرە بەردی پان دەست ناکەوێت و نامۆن بە ترادتسیونی ئەم یاریە،کورە تیلا هەمویشی هەبێت، ئەلۆەن دیار نییە" لە ناو گلێنەی چاوە، کە دەیهێنێ، سەردەکەوێت بەسەر چیا هەزار بە هەزارەکانی ئەلپ ودەشت ودەرەکاندا تا دەگات بە کەناری خۆی، بۆ ئەو جێگایەی وا جاران محێدین ڕاوە ماسی دەکرد" لەوێدا دەبێ بە تەنافێك بۆ جلوبەرگ بە ناهەق ماندوو وخوێناوێکانی هەرسۆگۆڤینا و ئەلبان و سرب وکروات و کورد و عەرەب و تورك و فارس" لە پاش نیوەروانەکاندا دانیشتوی ماڵە قوڕەکەی سەر سوچی رێکای قاچاخجیە پاسکیل سوارەکانی رێگای تۆڵەفرۆش و یوسف بەگ، قاتیان دەکرد و دەیانخستە ناو ئەو بوخچانەی وا (عەمە) جۆرەها وێنەی رەنگاورەنگی کەڵەشێر وکچی جوان وفریشتەو ئەستێرەی لەسەر چنیبوو" لە ماڵەکەی سەر رێگای حەمامی پیاوان و ژنان" دیواری سەر بانەکەی وەك زۆربەی خانووەکانی شارەکە زۆر نەوی بوو، ژوورەکەی پێشەوەیان دوو تاقی بچوکی شوشەیی پێوەبوو، هەموو رێگاکە تا دەگات بە چایخانەکان لێیەوە دیار بوو"لە ناوەراستیدا دارەخورمایەکی بەبەر هەبوو" نزیکەی بیست و دوو کەسی تێدا دەژیا" سێ خێزان و نەنکێکی بە تەمەنی هەر سێ خێزانەکە" هەموویان لەناو شەش ژووری بچوك و تارادەیەك تاریك جێگایان دەبووەوە" کەچی جارێکیان لێرە دوو ناسیاوم بە مێوانی هاتن، کرستینا خان وتی: من ئەسراحەتم لێ براوە، جێگام نییە تێدانیشم! ماڵەکەش پێنج ژوور و موبەق و باخچەیەکی گەورەی هەبوو! لەبەر ئەوەی ئەدیبە بە بەرگدووری تا رادەیەك ژیانی شەش کەسی مسۆگەر دەکرد، ماڵەکە بەبەردەوام قەڵەباڵەغ بوو، بێجگە لە مێوان و هەراوهوریای سێزدە منداڵ!

(٦)

دەڵێن گوایە من یەکێکم لەوانەی وا لەم جیهانە کاولکراو وپان وبەرینەدا بۆ خۆیان دەگەڕێن" من بۆ ناتوانم بە شێوەیەکی ئاسایی بژیم؟ بۆچی ناتوانم رۆژێك لە خەو هەستم و بە رووخۆشیەکەوە پەیمانی ئاشتی لە گەڵ گەردوون ببەستم؟ ئەم گەڕانە هەتا کەی، ئەڵێی سەگی پا سوتاوم! ؟ بۆچی دەبێ بۆ ئەڵوەنی گلچڕەم بگەڕێم؟ بۆ ئەڵوەنێك نە قبوڵ دەکات فەرمانرەوایەکی لە سەرەوە بێت، ونە فەرمانرەوایی بەسەر کەسێکەوە بکات!

ئەم پرسیارانە وای کردووە بکەومە گومانێکی زیاتر" خەڵکی ئێرەش بە هەمان شێوە لوت وگوێ وبرژانگیان هەیە"بۆچی ئێرە کوێیە ؟ چ تایبەتمەندییەکی جوانی هەیە تا ببێت بە ئاوات یا وەك دەڵێن بە پەناگا؟ هەر بەراستی سوارە بۆ ئێرە هاتووە؟ لێرەیە؟ یا لەوێیە ومن خۆمم لە لای ئەو حەشار داوە؟" ئەگەر ئەمن و پۆلیسەکان پێ بزانن، هەم ئەو دەگرن وهەم قوڕی (دیمادن) بە سەرم دەکرێت" بە قاچاخچیم لە قەڵەم دەدەن و دوو ساڵی تر زیندانیم دەکەن" بە ناردنی نامە لە دوای نامە ڕۆحم دەردەکەن، هەمویشی نامەی سزادانە، بەڵام ئەوەندە بەرێزەوە دەینووسن پیاو خەجاڵەت دەکەن: جەنابی زۆر بەرێز... و لە کۆتاییدا دەنووسن لە گەڵ باشترین سەڵاو! لە نێوان ئەو پێشەکی و کۆتاییەدا قازوخێکیان تاشیووە و دەبێ مرۆڤ بە خۆیشی، بە هەموو رێزێکەوە وەریبکرێت!

لە ناو ئەم دەرد وسەرشێواویەدا دەبینم سوارە لە حەیبەتاندا حەپەساوە و نازانێت چی بەسەر هاتووە، لەوە دەچێت بۆ وڵامێك، روونکردنەوەیەك بگەڕێت منیش بە بێ ئەوەی بە خۆم بزانم، لە سوچی تەنیشت تەلەفۆنەکەوە دانیشتم وەك بڵێی چاوەڕوانی تەلەفۆنێکم" چاوم لەسەر گوێگرەکە بوو و بە پەنجەکانم دەمدا بە سەریدا ... کلاودیا خێراکە دەی" بۆ ژمارەکەم لێ نادەی،

چاوەڕوانم تەلەفۆنم بۆ بکەی! ماوەیەکە دەنگت نییە، منیش بیرت دەکەم، هەرچەند دەزانم تۆ یەکسەر بە گلەیی وباسە درامێکان دامدەگریت!

لە وەتی دەیناسم پێم دەڵێت: " من تەنهاییم زۆر کێشاوە، چیتر نامەوێت بە تەنها بم، تۆ نازانیت تەنهایی چییە"!...
ئەرێ ئەم کابرایە چی دەڵێت؟ هەی قوڕ بە ئەقڵی، من کەی بە تەنها نەبووم، ئەی لەوە...!
ئەوان ڕەش بێن بوون لە هەنگاونان بۆ پێشەوە، ڕازین بە بەسەرهاتەکەیان، تا پێیان بکرێت لە گەڵ ڕۆژگار جۆر دەبن، نارازیش بن، هەر بە پاسیف ڕوو بە ڕووی دەبنەوە! بەڵام من بە هیچ ڕازی نەبووم و نابم، هەر بە هیچ، دووریش نییە ئەمە هۆی هەموو تەنگوچەڵەمەکانم بێت" هۆی لۆژیکی یاخیبوونی بەردەوامم" دۆڕاندنی بەردەوامم لە کێشە جیاجیاکاندا کە هەر هەموویان بە یەکەوە بەستراونەتەوە و ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان گرەوەکە بباتەوە!

کلاودیا: من بە بێ تۆ ناتوانم بژیم، من تەنها لە باوەشی تۆ بم، تەنها بۆنی تۆ بکەم، لە تەنیشتی تۆدا بنووم هیچی ترم ناوێت، من تۆم خۆش دەوێت، ئەمەش گەورەترین و بەهاترین ئەکتە لە ژیانم ...
پێیدەچێت لە من تێنەگەیشتووە، من لە گەڵ تەنهایی ڕاهاتوم" هەردوکمان یەك واتا دەبەخشین، هیچم ناوێت غەیری جیهان و هیواکانی ئەڵوەن! ئەو منی خۆش دەوێت" منیش وڕی ئەڵوەنم! ئەمە بەمنەوە دیارە، هەر وا خۆیشم نە دەمەوێت بیشارمەوە و نەیش پێم دەکرێت بیشارمەوە !

ـ کێ بۆی هەیە لە ئەڵوەن بخواتەوە؟

ـ هەموو کەسێك، هەموو مەلێك، هەموو دەشت وچیا و دەرێك!

ـ کێ بۆی هەیە لە تەنیشتیەوە دابنشێت ؟

ـ هەموو کەسێك" هەموو سروشت" هەر دەربەدەرێك!!

ـ ئەڵوەن لە کوێ کۆتایی پێ دێت؟

ـ کۆتایی نییە، بەناو هەموو ماڵێك دەچێت، لە هەموو جیهان و لە ئاسماندایە" دەبێ بە باران و بەدەستە ئاویەکەیەوە بەهار بۆ دنیا دەهێنێت" هەتا چاو بڕ دەکات سەوزایی، سەوزایی، سەوزایی دەبەخشێت!

دارو درەختەکان بە هۆی ئەڵوەنەوە دەتوانن راوەستن و سێبەر بە مرۆڤەکان بدەن، ومەلەکان لە سەریدا لانە بکەن! تەنانەت لە هەرکوێ ئاگر لە ماڵی کەسێك بەربێت، پەنا بۆ ئەڵوەن دەهێنن" ئەو ئاگرە بێ ئامانە دەکوژێنێتەوە! هەموو هێز وتوانا وسۆزی بۆ ئەوەیە وا ئەڵوەن لە چاوەکانیدا خوڕە دەکات!

ـ ئەڵوەن موڵکی کێیە؟

ـ موڵکی هەموو کەسێکە" هەموو گیان لەبەرێك و شتی ئەم زەمینە کە وا بە دەست دروستکەری شەوەوە بە شێوەیەکی چاوچنۆکانە دابەش ولەت لەت کراوە !

ئەو منی خۆش دەوێت، منیش، منیش، سۆز و هێمنی وشڕی و دەستەپاچە بوونەکەیم خۆش دەوێت، بەڵام کە دەڵێم، من گیرۆدەی دەستی ئەم بەیانییەم، ئەو لە من تیٚ ناگات... ئەزانی چی، ئەم جارە، تەنها ئەم جارە پیٚ بگەم، وەکو ئەسپ سوار، سواری قامیشێك دەبم و لەم سەریەوە بۆ ئەو سەر" لەو سەریەوە بۆ ئەم سەر رادەکەم، ئەگەر نەخۆشیش کەوتم، دەچم بۆ لای مەلا حەمە، ئەگەر ئەمیش هیچی پیٚ نەکرا، دەچم بۆ لای قاسم ئەقرەو حەکیمی گەورەی شارەکە، یا ژێر پیاڵەیەك لە ئاوەکەی ئەلّوەن دەهێنم ولەبەر خۆمەوە دەڵێم" بە ناوی ئەلّوەن، بە ناوی ئەم بەر و ئەو بەر" ئیدی یەکاویەکە، تەنها ئەم جارە دەستم پیٚ بگات، لە بەیانیاندا پێش ئەوەی بۆ سەر کار بڕۆم، یەکەم جار چاو و دڵم بە ئاوەکەی ئەلّوەن رۆشن دەکەم ......

ـ کلاودیا، ئیٚ، چاوەڕوانی چی دەکەی، دەوەرە !

من هەرچەند پێم وتووە لێم گەڕیٚ لیٚ، من نامەوێت پەیوەندیم هەبێت، زۆر توشی گێچەری بوگم" دەمەوێت بۆ ماوەیەك بە تەنها بمێنمەوە !

کلاودیا: دەتکوژم ئەگەر لە گەڵ کچێکی تر بتبینم، تا من دۆستێکی نویٚ نەدۆزمەوە، تۆ نابێت لە گەڵ ئافرەتێکی تر بیت...

ـ ئەریٚ بۆچی ئەم ئافرەتە بیر لە کوشتن دەکات، قسەی قۆر! ئەمە گوایە بە ئازادی بیرورا گۆشەگیرکراوە، پاشان ئەو مافی هەرەشەکردنی وای نییە" دووریش نییە لە بەر ترس لە تەنهایی وا دەڵێت" ئاخ! بەراستی نییە !...

ئەو لە گرفتی هەست بە نامۆیی من ناگات... منیش نازانم بۆچی ئێستا لە قسەکانی خۆم پەشیمان بووگم " نەخێر پەشیمان نەبووگم، بابڵێم خۆشم دەوێت، بەڵام پەیوەندی و خێزان" منداڵ دروستکردنم ناوێت، هەزار و یەك جار پێم وت، ئۆباڵی کەم وکۆرێکان بە گەردەنی خۆت، من نامەوێت بە کارت بهێنم" من هەموو ویست و نیازەکانم وەك خایە پاك کردۆتەوە، تۆیش بە ئارەزووی خۆت بکە، بەڵام ئەو رکنە و لە من ناگەڕێت" دوو منداڵم هەیە لێیان زەوت کردووم، کە چی ئافرەتێکی شارستانی وەك

ئۆلی خانی پوری منداڵەکان کە نزیکەی چل ساڵ دەرسی بە منداڵ وتووە“ موی سەری هەمووی سپی بووە، دەڵێت" ئیلیزابێت! کچێ وریا بە، ئەم کابرا رۆژهەلاتییە منداڵەکان دەدزێت و بۆ وولاتی خۆی رادەکات"!

ـ رۆژهەلات زۆر گەورەیە و فرە رەنگە! لەبەر من هەموو رۆژهەلات خراپ مەکەن! مرۆڤەکانی ئەویش وەك ئێرە زۆر جیاوازن! من مەبەستم ئەوە نییە، بڵێم بۆچونەکەی ئۆلی راسستانەیە، نەخێر ! بۆ چی وتووە؟ بۆچونەکەی زۆر ئاساییە و هەموو رۆژێك بە سورەوکراوی " بە برژاوی" بە کولاوی گوێم لێ دەبێت!

هەروا نەك تەنها ئەم خانمە خاوەن شکۆیە، زۆر کەس بە پاڵ پشت و بە گوێرەی یاسا و بیری باوی کۆمەڵگای ئێرە تەماشای منداڵ وەك کالاّ دەکەن !

دایکان دەڵێن: منداڵەکان هی منن!

باوکان دەڵێن: منداڵەکان هی منن!

بە دەگمەن گوێ لە منداڵ دەگیرێت، بە نەفام و بوکە شوشە دادەنرێن، کەس لێیان ناپرسێتەوە ئیلا کاتێ تەمەنیان گەورە دەبێت باشتر نیە گوێ لە ویستی منداڵەکان بگرن؟ منداڵ هەمو شتێك تێدەگات، کەسایەتیەکی تەواوە و دەبێ رێز لە بیروڕاکانیان بگیرێت، کۆمەڵگا دەبێ لە حاڵەتی مەترسی لە گەشەنەکردنی خولقێنەریان دەخاڵەت بکات، هەروا دایك و باوکێکی زۆریش هەن دزی لە منداڵەکانی خۆیان دەکەن، ئەو یارمەتیە کەمەی بە منداڵ دەدرێت بۆ منداڵ خەرج ناکرێت“ دەدرێت بە قومار و فیزکردن، راستە منداڵەکان لێرەن، بەلاّم بەداب و نەریتی ئەوێ هەڵسوکەوتیان لە گەڵ دەکەن، بە تایبەتی لە گەڵ کچەکان، مرۆڤێکی بەرز وەك سیروان نەبێت بە رێزەوە لە گەڵ کچەکەی هەڵسوکەوت دەکات، هەندێ کەسانی خوێری نەبێت لە دواوەوە قسە بەتاڵەکانیان دەرژێنەوە. بە کلاودیا خان دەڵێم پێکەوە ژیانم ناوێت، بارودۆخی ئێرە ئەوە هەڵناگرێت“ بە ئاشکرا وبە دزیەوە زۆر لە

هاوسەرەکان "بە رەش" دەڕۆن" بە دەگمەن دانی پیّ دەنێن" ئەوەش گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە، لە چرکەیەکدا ژنەکە یا پیاوەکە خۆزگە بۆ کەسێکی تر دەخوازێت" هەیشە دەڵێن" لە دەرەوە هەوەس کۆبکەرەوە و لە مالەوە لە گەڵ هاوسەرەکەت بە کاری بهێنە"... بەلاّم ئێستا من وا بەم بەیانییە خۆزگە دەخوازم کلاودیا تەلەفۆنم بۆ بکات، ئای گەر بزانێت ئێستا وا هەمو بەدبەختێکان بە جارێك بە سەرم دەبارێن وشپرزەم دەکەن، لە خۆشیاندا بەفڕین بۆ لام دێت، خواخوایەتی نوزەیەکم لێوە دەرچێت بۆ حاڵی پەرێشانم، دەستم بەسەردا دەهێنیّ، تێرتێر بە لێوە سورە ئەستورەکەیەوە ماچم دەکات، ماچی دەکەم، هەتا لە ناو یەکدا دەتوێینەوە، ئەوسا هیچم لە بیر نامێنیّ... ئەوە نەبێت دەنگێك لە ناخمەوە بەرز دەبێتەوە، و دەمباتەوە بۆ لای ئەو: نەدەکرا لە لای ئەو بمابام؟ کام نەحسی؟ کام دەرد، کام چاوی پیس بەهاری ئەوینمی دایە بەر چەقۆ؟

بۆچی وا رێك نەکەوت، پێکەوە لە گەڵ ئەو "لامەسەبە" هەمووکەلە شەقێکانمان بکردایە؟ بە سنگێکی پڕ هیواوە بە رووی مەرگدا بچین" بەرووی رەهێڵ و شەوەزەنگ" بەرووی سنورەکان" بەرووی شەوە و زیندانەکان؟ کاتێك لە دورەوە یەکترمان دەبینی چاومان دەگەشایەوە، لە خۆشیانەوە هەر پێدەکەنین، بە دڵەوە پێدەکەنین، ئەوا ئێستاش بزەی لێوم دێت، چ سۆزێکی سەرشێتانەیە... ئێستا ئەو سۆزە بووە بە شتێکی تر، پیاهەڵدانی ناکرێت... هەر ئەوەندە دەزانم کە فایەق پرسیاری ئەوم لیّ دەکات: ئەوین چۆنە؟

دەڵێم: باشە ... باشە باش، بووە بە پەری دەریاکان و منیش دەریاوان...بایەکی فێنك و سازگارە لە دەشتاییە بەرینەکانی باکورەوە هەڵدێت... منیش رۆژباشی لیّ دەکەم، لە یادمە، ئەوینی دابەش دەکرد بەسەر رەگ و ریشە بیّ کۆتاییەکانی دارە

بەرزەکانی کەڵکەند . گوڵەکان لە لێوی سووری ئەوینەکەم رەنگیان سوور دەبووەوە" ئەوەندە سوور دەبووەوە، هەتا خوا بێژێ"
ئەمجار نمە بارانی ئاسمانە دوورەکان دەباری، با بڵێم ئاسمانیش ماچی دەکردین! باران، هەر ئەو بارانە بوو چیتر نەباری!
ـ چۆن؟ بڕوا ناکەم، لە کوێ شتی وا هەیە؟ چەندین خۆشەویستی کەیشت هەبوو، هەر جارێکیش دەگۆ: خۆشیم دەوێت!
هەموویانم بە خۆشەویستیەوە لە ئامێز دەگرت" ماچ دەکرد، بەڵام لە گەڵ هەر هەموویان "خیانەتم" دەکرد و دەیکەم: لە خۆشەویستی ئەوەوە یارەکانی تر خۆشدەویست" هەمووویان دەیناسن، رەنگە لەسەر شەقام بڕوات، بیناسنەوە، و چۆنی و چاکەی لە گەڵ بکەن!! لە خۆشەویستی لە ئامێزگرتنی ئەوەوە هەر شۆخێکی تر لە ئامێز دەگرم! یەکەم جار ئەو بوو، ئافرەتێك لە خەیاڵ و مەستی! پاش رۆیشتنەکەی، سەڵاو لە هەر وەنەوشەیەکی دڵدار!

بۆچی دەبێت بەم بەیانییەدا دەستە ماندووەکەم بە بان سەرم دابنێم وچاوم دابخەمەوە وهاوارێك قورگم بگرێ ؟ ..
هیچم لە بیر نەماوەتەوە، شەقەی باڵی کۆترە تەقڵەبازەکانی ئاسمانی ئەم بەر و ئەو بەر نەبێت وچۆن لە خۆشیاندا لە ئاسمانی سەر لانەکەیان تەقڵە لە دوای تەقڵەیان لێدەدا،کە دادەنیشتنەوە لە ئاوەکەی ئەڵوەنیان دەخواردەوە !
ئاخر تۆ کەی لانەت هەیە، هەی بێ لانە، زەمانێکە لانەکەت شێواوە" عەزیز و یاران لە شارە دوورەکاندا تەفروتونا بوون" کەلاوە شڕکەی باوانت روخا... کلاودیای خۆشەویست شەوی تۆش باش ....

تۆ بڵێیت لە قەراغی ئەڵوەن دانشتبێتم؟ تۆ بڵێیت جێ گۆرکییەك رووی دابێت بە خۆم نەزانیبێت؟

ئەوەی منی لاڵ کردووە و پەکی خستوم ئەوەیە بۆچی ئەلۆەن رێك لەم بەیانییە شومەدا ئەو پرسیارە پڕ زەبرەم لێ دەکات؟ ئەی ئەو بۆمبایە بۆچی بەم بەیانییە تەقیەوە؟ ئەی سوارە بۆچی بەم بەیانییە لەسەرم حازر بووە؟ من لە کوێ" ئەو لە کوێ" هەموو پرسیارەکانیش لە گەڵ تەقینەوەی بۆمباکە، یەك لە دوای یەك تەقینەوە!

ـ من خۆزگە بەوێ دەخوازم" ئەویش بۆ ئێرە هاتووە!

من ئەڵێم: ئەمڕۆ لە کاتژمێری ... و ... دەقە ... لە چرکەی ...کاتی گەڕانەوە هاتگە!

سوارە : لە هەمان کاتژمێر خەڵك بە لێشاو دەڵێن "لەم کاتەدا، کاتی رووەو هەندەران هاتگە"، دەشت و دەرەکان پڕن" لە شکرێك بە نهێنی لەسەرە رێگایە بەرەو باکور ...

من دەڵێم: رۆژ باش

سوارە: کەمال وەت" شەوە روژمان کردییە وە شەو!

من دەڵێم:...

سوارە:...

پاشان ئەگەر بە سوارە بڵێم ئەمڕۆ بۆمبێکی کۆنی فرۆکەکانی لەشکری سوور لەسەر شەقامەکەی تەنیشتمان تەقیوەتەوە، بڕوام پێ دەکات ؟ نەخێر، چۆن بڕوام پێدەکات، یەکسەر لە دڵی خۆیدا دەڵێت " هۆشیار دەمترسێنێت" نایەوێت لە لای بمێنمەوە ... تۆ بڵێیت لێم بێزار نەبوبێ! ئەی ئەگەر پێی بڵێم کاکە کە تەلەفۆن دەکەی باسی قاچاخ و دۆلار و تەزویرکردنی دوکومێنت مەکە، لێرە کۆنترۆڵەیەکی بێ وێنە هەیە" گوێیان لـێ دەبێت " دیوار مویش دیرد، مویش گوش دیرد "بەبێ سێ و دوو بە چاوی گومانەوە

چاو هەڵدەبڕێت و دەڵێت" باوە توو لە کورە خەفتیدە، ئیرە وڵاتیگی دیموکراتیە، ئەرا وەکو لای خۆمانە، لەیرە هەرگی ئەڕا خۆیە، کەس حەقی نییە وە یەکی تر .. یا مویش، یا دیوار " !

من وای بە باش دەزانم، ئەوەی سوارە دەیڵێت، بیکەم، دەنا هەزار و یەك گلەییم بەسەر دێت. ناچارم باسی ئەم جۆرە بابەتانە نەکەم و دەمی خۆم بگرم، دەنا پێم دەوت " تەلەفۆن کۆمپیوتەر دیرد، کومپیوتەریش تەسجیل ئۆتۆماتیگی دیرد " بەلاّم وەك دەزانن مێوان عەزیزی ئەڵوەنە، هەتا ئەو رۆژە ئۆغر دەکات، هەرچییەك بڵێت، دەڵێم: فەرمایشتە،من دەزانم لە دوواییدا هەر پیاوخراپ دەبم، بۆیە دروشمی" دەمت بگرە، سەرت سەلاّمەتە "م هەڵگرتووە...
ئەوەی خێر بێت لەوێ چنگ دەکەوێت، ئەمانەش لێرە سەرو جزمەیەکی سەربازی پروسیان لە ناو مێشکدایە" چەند شارستانین ئەم حەشاماتانە، شار و لادێکانیان پڕن لە پەیکەر و گۆرستانی تۆپیووەکانیان لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم“ هەمووساڵێك رۆژی خەمباری گەل رێکدەخەن ... ئەوەندە زمان پیسن، ئەوەی "خوێنی خۆیانی" نەبێت پێدەڵێن: بێگانە" بۆچی رەنگی خوێنەکەیان چ رەنگێکی هەیە؟"... بێگانە بۆ دەرەوە، بێگانە! ئاخر وا نییە، کێ دەڵێ من بێگانم ؟من بۆ بە بێ بێگان ناوم دەهێنن، سەیری ئەم تۆمەتە بکەن، هەر لە خۆیانەوە تفەنگ بە تاریکیەوە دەنێن!
ئەرێ وشەی بێگانە چی دەگەیەنێت؟ بێگانە کلکی هەیە؟ یا گوێی زۆر درێژە؟ کەسێك ئەگەر خۆی حەوت شۆر بکات هەر پێی دەڵێن فلاّن بێگانە... های های ، بە من دەڵێن بێگانە... بێگانەکان دزی دەکەن، مرۆڤ دەکوژن“ دەڵێن: خارجێکان هیرۆئین فرۆشن“ فۆندەمەێنتالیستن" دەستە رۆنینەکەیان بە گیانی من دەساون، خۆیان لە یەك جەنگدا خوێنی ۰۰۰ ۰۰۰ ۵۰ ملیون نەفەریان خواردۆتەوە"

ئەی هاوار کاری خراپە لە کویَ ناسنامەی ناسیۆنالیستی هەیە؟ کەی ولاٌتی هەیە؟ چما کریٌکار یا بورژوا ولاٌتی هەیە! ئایا هەموویان وا دەکەن؟ پاشان گریمان وایە، بۆچی هۆکانی لە ناو نابەن؟ بە من دەلٌیٌن تۆ بیٌگانی... من ئەلٌوەنیم، ئەلٌوەنیش هەموو جیهانە" هەموو مالٌیٌك بە مالٌی خۆی دەزانیٌت" کەچی لیٌرەدا زۆربەی هەرە زۆری دەرگاکان بەروومدا داخراون"ئەو وشە نامۆیەش دمترسیٌنیٌت.. کیَ لەو شارە بە صویحب و دایە عەرەب وتووە بیٌگانە؟ کیَ؟ "ئەلٌوەنیان مرۆڤەکان وە بان دەست هەلٌدەگرن" ئەلٌوەنیان، ئەلٌوەنیان دارە توو شرینەکانی قەسریباخن" هەمو بالٌندەیەك لەسەریدا دادەنیشنەوە، هەندیَ جاریش مار! ئەوە نەبیٌت ئەو جارە کە لاوانیان بۆ بەرەی خویٌنڕشتن مل کیٌش کرد، لەبەر دەرگای تەجنید راوەستابوون، لەو کاتەدا " قازیٌك" بە ئۆتومبیلەکەی لەویٌوەدا تیٌپەڕی، عەگالٌەکەی سەریان داکەند و بۆ ئاسمان هەلٌیاندا" ویٌنە گەورەکەی شەوەیان شکاند" بوو بە یەکیٌك لەو رۆژانەی وا تامەزرۆیی دەکریٌت! ئەوانیش تانك و مودەرەعە بۆ سەر شەقامەکانیان داگردو رەش بگیر بلاٌوبووەوە، ئیٌستاش کەس نازانیٌت چییان بەسەر هاتووە...

یەکیٌکیان پیٌم دەلٌیٌت شەڕ مەکە ! ئاخر تۆ کیٌی هەتا شتی وا بلیٌیت" ئیٌوە خۆتان شەڕکەرن، خۆتان شەڕفرۆشن و بەرپای دەکەن، ئاخر کەی رۆژیٌك لە رۆژان ئەلٌوەن زادەکان بڕوایان بە شەڕکردن هەبووە؟ یا هەر وا بە گۆترە ولە خۆڕایی شەڕیان کردووە؟ ئەوە چەند سالٌە کابرایەکی قومارچی،کە کۆمپلیٌکسی دونییەتی هەیە، بووە بە دەهۆلٌ لیٌدەری کارە دزیٌو ودڕندەکەی بە چکەکانی شەوە" گوایە رەفیق ودۆستە ئەلٌوەنیٌکەی جارانی لە رۆژنامە ڕەشیٌکیان شتی بلاٌوکردووەتەوە "، ئەو جارە کە دکتۆر حەسەن هاتبوو بۆ ئیٌرە، بەو بەیانییە کە هیٌشتا خیٌر وشەڕ دابەش نەکرابوو، بە بیَ هیچ پیٌویستیەك وتبووی: دکتۆر ئەو ئەلٌوەنیە وای کردووە ..." ئافرەتیٌکی بویٌر دەمکووتی کردبوو و دکتۆریش کناری بیَ دەنگی نەگرتبوو. ئەوەندە بیَ ئاستە پروپاگەندە بۆ نیاز

پیسی شەوە دەکات، بە وەسیلەیەکی وا سوك وئاسان هەڵخەڵەتا، دەشیوێت دەربەندی هورمزیش رزگار بکات، خۆی باش دەزانێت، بەڵام ئەوەندە گێلە چاو لە ئاستی راستێکان دەنوقێنێت، سەرباری ئەمەش کابرا ئەڵوەنێکە نە تەنها بێدەنگە وبە بێ دەنگی دەمێنێتەوە، بەڵکو تەرحی داوەتی بۆ هەموو جوێنەکانی کە پێی دەیدا بۆ بیست ساڵی داهاتوو" حەز دەکا چی لۆری کۆمپانیای مرسیدس هەیە بەجوێن و قسەی سووك پڕ بکات وبۆم بنێرێت، بە دڵ وبە گیان پسۆڵی وەرگرتنیان ئیمزا دەکات" دەڵێت: منیش سوپاس ... بۆ نەو ؟.

هەر لەبەر ئەوەی دەڵێن " نان و ئاوی یەکسان" زەمین و ژیانیان لێ کردوین بە دۆزەخ ..... هەندێ کەس هەن دەڵێن " مەگەر پێغەمبەری ئەرمەنێکان بە ئەسپەکەیەوە لە کونی چیاکەوە بێتە دەر وتۆش بە سواری ئەسپەکەی ئەو بگەی بە ئەڵوەن" بەڵام ئەو کابرایە لەوساوەوە لە دەستی نەیارەکانی ڕای کردووە وگوایە هێشتا هەر ئەڵوەن داڵدەی داوە ! دەڵێن محێدین وتویەتی " ئەوەی ئەڵوەن داڵدەی بدات، هەرگیز بە جێی ناهێڵێت، هەتا هەتایە لەوێ دەمێنێتەوە" لە گەڵ منداڵە کراس پیسەکانی کۆڵانە تەنگەبەرەکان یاری چاوشارکێ دەکات، شەوانیش لە ژێر چرای کۆڵانەکان چیرۆك بۆ یەکتر دەگێڕنەوە" یا بەریز گۆرانی دەڵێن" زوو زوور نابرێن بۆ ناو جێگا ! کێ ژیان یاری دەبێت لە پاڵ بەهەشتی ون بوو چاو بکاتەوە" کێ ؟ ئەوە ئەڵوەنێکانن" جۆلانەی منداڵ و نوری یارانی بە جەفا و ئاوازە دوورەکانن!

## (٧)

ئەی ئەم سوارە ناوە لێرە چی دەکات ؟

مونیر ئەو جارە وتی: " خۆت باش دەزانی راستی هەموو جارێك هەنگوین نیە و پرسیارکردن مافێکی سەرەتایی گشت لایەکمانە“ تۆ دەبێ پرسیار بکەیت، شەرابیش، بەتایبەت شەرابە شاراوەکانی ناو ژێرخانەکانی کڵێسا کۆنەکان، پرسیار لە دوای پرسیار

ئاراستەی لێوە وشکەکان دەکەن، ئەو لێوانەی وا هەر لە ناو گێژاوەی گەڕان بە دوای وڵامێکی گونجاو سەرمەست دەبن و خەویان لـێ دەکەوێت. ئەڵوەنزادە سەرمەستەکان کە وا لـێ گەڕاون پرسیار لە شەراب بکەن، دەڵێن " شەرابی سوور ڕەهائیە" ڕەهائیەکی تایبەتمەندە بە ئێوارەی شەوی خەون بینینە دڵخۆشکەرەکەی قەتێ"!

ئەی گەورەترین نهێنی بفرە، با شەقەی باڵەکانت بێت، بەرز هەڵفڕە، وا تاریکی خەریکە بەر ڕۆژ بگرێت، فریاکەوە، وا...
داخۆ پرسیارەکەی ئەڵوەن بەم بەیانییە پەیوەندی بە هاتنە چاوەڕوان نەکراوەکەی سوارەوە نیە؟

بەش بەحاڵی خۆم نازانم ئیمڕۆ چی ڕوویداوە" کەی دەستی پێکرد" ڕۆژهەڵهات یا نا" لە بیریشم نایەت کەی ماڵ ئاوایی لـێ کردین" من هەر ئەوەندە دەزانم لە چرکەیەکدا ژیانم کەوتە مەترسی! نەخێر، نەخێر ئەوە من نیم! شەرم ئاوەر نیە کەسێك بترسێت، بەڵام من کەی ترساوم؟
هەر جارێك باسی ئازایەتی و ترسنۆکی بهاتبایە ئاراوە، مونیر دەیوت: هەندێ جار لەترساندا دەبووی بە مشك، بۆچی دان بە ترسەکانت نانێی؟ تۆ کەی لە ناو ترسدا نەژیاوی؟
هۆشیار: ترس لەوەی ئەڵوەن وشك بکەنەوە یا لە داخاندا وشك ببێتەوە"ترس لەوەی ڕۆژی ئازادبوونمان درەنگتر هەڵبێت" ترس لەوەی نانم ببڕێت" ترس لەوەی لە ناوەختاندا لە دەرگام بدرێت" ترس لە وەی پێ بزانرێت دولبەرم هەیە" ترس لە بێکاری" لە کار دەرکردن" لە هەواڵی جەرگ تەزێن" لەوەی قەرزەکان زیاتر ببێ ...ترس ...ترس...ترس ! چی بوو ئەم ترسە بە نەعلەت بووە

بەرۆکم بەرنادات، وەك قەناص لە دەستێك لە درزی کونێکەوە بۆسەی بۆ داناوم یا وەك ناحەزێك خوێن بەرچاوی گرتبێ، لە پشت دەرگاکە بۆم راوەستاوە، دڵی بیمارم لە کوتان بخات!

جاران، لەم بەر و لەو بەر ترس نەیدەتوانی روو لە ماڵان بکات" مرۆڤ لە گازیوەکاندا قومێك لە مەلەکوتی ئەڵوەنی دەخواردەوە، هەرچی ترس و نەحسی هەبو بەری دەدا! ئێستا من لە کوێ ، ئەڵوەن لە کوێ! ؟

دەگێرنەوە، خەڵکانێك هەن لە باکوری ئەڵوەن" لە سەروی قەڵای شیروانە، لە دەشت و یاڵە رووتاوە بە پیتەکانی چاتەرە، لەو شوێنەی وا ئەگەر باران نەبارێت، مەلاکان فاتیحایان بەسەر وردە بەردەکان دەخوێند و دەیانهاویشتە ناو بیرەکان. ئەو ساڵەی وا زۆر نەهات بوو، مەلاکەی گۆبان باوەشی پڕکردبوو لە بەرد، دانە دانەیانی دەگردە دەست"پەیتا پەیتا فاتیحەی بەسەریاندا دەخوێند"هەڵی دەدایە ناو بیری مزگەوتەکەوە، بۆ ئێوارەکەی رەهێڵە بارانێکی وا دایگرت چی دەغڵ و دان هەبوو فەوتان، چەند خانوویەك روخا و ژمارەیەك مێگەل و مانگا مردن !جادووکەرێك وتی" ئەمە بۆیە روویدا، چونکە مەلاکە بیست و سێ بەردی فاتیحاوی زیاتری هەڵداوەتە ناو بیرەکە !

لەوێدا، ئەگەر کەسێك نەخۆش بکەوی، کەوچکێکی چا خواردن لە خۆڵی گۆڕەکەی حاجی مەلا موستەفا دەخاتە ناو ژێر پیاڵەیەك و ئاوی تێدەکان و دەیخوات، هەیشە بەبێ ئاو قوتی دەدات، وەك ئافرەتە بە ساڵاچووەکەی ناو دەوارە شڕەکەی دەشتی شارەزوور کە گەدەی ژانی دەکرد!

- پورێ چووگی بۆ لای دختۆر ؟

- بووم وە سێقەت، بە خوا دختۆری بەغا و سلێمانی نەما نەچم بۆ لای!

یەك عەلاگەی پڕ دەرمانی پێشاندام و وتی"هیچیان بۆ نەکردم".
ـ ئەی لە خۆڵەکەی حاجیت خوارد؟
پوریَ هەستایە سەر پیَ و تورەکەیەکی تری هێنا و وتی: کورِم بە خوا ئەمە دووهەم تورەکەیە دەیخۆم !.
کە ئەو جارە چاوم بە گۆڕەکەی حاجی کەوت، بینیم هەر دەمێکە پاشماوەی ئێسقانەکەیشی نەماوە، بە پڕی چوار گەلاٌبە خۆڵیان لیَ دەرکردبوو!
تۆ بڵێیت حاجی زەلامێکی ئەوەندە گەورە بوبێت؟ کە پرسیار کرا بۆچی تەنها لە گۆڕی ئەم پیاوە دەخۆن؟
وتیان:" کاکە حاجی موبارەکە، رۆحم وە قوروانی بێت، حەوت جار بە سواری قامیش حەجی کردووە!"

هۆشیار: جا ئەوە چییە، زۆران و نەسرەدین شەو ورۆژ بە دەوری ئەڵوەن گەڕاون، برادەراتیان لە گەڵ خدری زیندە هەبووە" ئەم کابرا ئارام لێبڕاوە کە ناوی سوارەی لەخۆ ناوە و وا شەو و رۆژ بەرامبەری گرتووم، بەنهێنی لەو بەرەوە دەرچووە و وا لەلای من سەری دەرکردووە! ئەگەر بەسەرهاتەکەی بۆ زیرەك ترین دادپەروەر بگێڕێتەوە، بڕوای پیَ ناکات ودووریش نیە سنورداشیشی بکەن: نزیکەی پازدە کەس بووین لە گەڵ قاچاخچی رێککەوتین، لە هەڵەبجەوە گەیشتمە مەریوان ولەوێشەوە شار بە شار و دیَ بە دیَ" جاریَ بە پیَ و جارێك بە ئۆتۆمبیل بە شەو وبە رۆژ تا گەیشتینە دێهاتەکانی سەر سنوری تورکیا و لەویشەوە بە هەمان شێوە جارێك بە پیَ وجارێك بە ئۆتۆمبیل دیَ بە دیَ و شار بە شار" بە شەو وبە رۆژ تا گەیشتینە ئەستەنبولَ" هەر لە هەڵەبجەوە تا ناو ئەستەنبولَ یەك زنجیرە قاچاخچی بوون" پارەکەمان لەویَ تەسلیم کرد" ئەمجار لێرە ماوەیەك ماینەوە وگەڕاین بە دوای قاچاخچی رێگای تورکیا ویونان" جانتای کۆڵ وخواردنی هەفتەیەکمان کڕی" لێرەشدا گەورەم هەتا سەر ئاوە ترسناکە کە چەندین گەنج و ژن

ومندالّ لە ناویدا خنکان“ بە ئۆتۆمبێل سەفەرمان کرد و لەوێشەوە جارێك بە مەلەوانی وجارێك بە بەلەم تا ناو زەوی یونان ڕۆیشتین“ بەرۆژ لە ناو ڕەز وکەلاوەکانی سەر ڕێگا یا لە ژێر دڕکەکان دەخەوتین هەتا تاریکایی دەهات، ئەمجار بە پێ ڕێگای دەشت و دەر و شاخەکان و بەناو تونێلە ترسناکەکەوە گرتەبەر تا ناو شارێك و پاشان بە ئۆتۆمبێل گەیشتینە ئەسین و ماوەیەکیش لەوێ ماینەوە“ پارەمان پێ نەما“ هەندێکمان یارمەتی لە خزمانیانەوە بە دەست گەیشت“ وهەندێکمان کاری هەرزانیان دەست کەوت و هەندێکیش کە هیچ ئومێدێکیان نەبوو و بۆ ئەوەی لەتە نانێکیان دەست بکەوێت وکرێی مالّ بدەن، ناچار کران سواری ئەحفادە بە تەمەنە دەولّەمەندەکانی ئەفلاتۆن وئیریستۆتالیس وخوا بە ناوبانگەکانی یۆنان ببن“ لێرەشدا گەڕاین بۆ قاچاخچێکانی ڕێگای یونان ـ ئیتالیا“ یونان ـ ئەلّمانیا“ یونان ـ سوید“ جارێکیان سواری ترێلەیەك کراین و پێیان وتین پاش پێنج سەعات دەگەنە ڕۆما و دەتوان دابەزن“ بەلاّم گەورەم پێنج سەعات ڕۆی .. دە سەعات بەسەر چوو .. بیست سەعات ملی شکاند .. سی سەعات بە درێیەوە لە ناو تاریکایی ترێلەی ناو گەشتییەك بە بێ دەنگی خۆمانمان ماتدا نەکا کەسێك پێمان بزانێت وبە زگی برسییەوە لە تەمەنمان بەسەر چوو وهەر ڕانەوەستا“ بوو بە سی و یەك سەعات ڕاوەستا“ ئۆخەیمان کرد“ با و بۆنی جوانی دیموکراتییەت و مافی مرۆڤ هات بە ناو لوتماندا“ کە ویستمان دابەزین، پۆلیسە دیموکراتە ئازاکانی بەرەی ڕۆژئاوا چاویان بە ئێمە کەوت و نەیانهێشت دابەزین“ ترێلەکە لە ناو گەشتێکە مایەوە و بەهەمان ڕێگا بەرەو یونان بەرێ خرا“ کە پرسیارمان کرد ئێرە کوێیە؟ " وتیان بەندەرێکی فەرەنسیە"“ سی و یەك سەعاتی تر لە تەمەنی بار بە سەر بومانەوە ڕۆشت“ ژن و سێ مندالّەکانم دەبی سی و یەك سەعات زیاتر چاوەڕوانی هەوالّ وچارەنووسی من بکەن“گەورەم دەزانن چاوەڕوانی چەند ناخۆشە، بە تایبەتی لە هەلّهاتنێکی وادا“ گەورەم، بە هەر حالّ با سەرت نەئێشێنم، ئێمە هەر بە زگماکی وا فرە بێژین، ئەمجارەیان سەر لە نوێ سواری ترێلەیەکی تر کراین بەرەو ئیتالیا“ گەیشتینە ڕۆما وهەر یەکێك ڕێگایەکی گرتە بەر“ من و برادەرە ساحیرەکەم کە وا زۆر حەز لە

نوستن دەكات، گەڕاین بۆ شەمەندنەفەرەی ڕێگای ئەڵمانیا“ لێرەدا چوین بۆ لای ناسیاوەكەی موینشن" هیچی پێ نەكرا"“ چوین بۆ لای ناسیاوەكەی هامبۆرگ" هیچی پێ نەكرا"“ چوین بۆ لای ناسیاوێكم سێزدە ساڵە لەوێ دەژێت“ جارێ هەندێ قسەی كرد نیوەی خەونەكانمی لە گۆر نا، دوو مانگ لە لای مامەوە" ئەمیش هیچی بۆ نەكردم"“ قاچاخچیە ئاڵتون لە دەست وملەكان هەر ئیمرۆ و سبەنیان پێ دەكردم و درۆ لە دوای درۆ هەتا یەكێكی تر كە زۆر ئەمرۆ و سبەی بە خەڵك ناكات بەرەو سوید بەڕێیكردم بەڵام لەسەر سنوری سوید گیرام و بۆ دەنیمارك سنورداش كرام“وا لەبەردەمتان دانیشتووم و چاوەڕوانی بڕیاری جەنابتانم وەكو پەنابەرێكی سیاسی قبوڵم بكەن“ هەڵبەت لە باسەكانمدا باسی ئازار وگریان ومەترسی مەرگ و زیندان و سنورداشكرن بە دەستی پاسەوانەكانی خودا و ئەتاتورك و یونان و دیموكراتییەت لە ئەڵمانیام نەكرد“ هەتا پێمكرا بەسەرهاتەكەم بەكورتی گێڕایەوە“ دەنا بەڕاستی گەورەم دە بەقەد ئەمە پەت پەتی و قوڕبەسەریم بینی!

پێی دەڵێن“ تۆ چیرۆكی هەزارو یەك شەومان بۆ دەگێڕیتەوە، بۆیە سوارە دەبێ درۆیان بۆ بكات، درۆیەك لە ڕاستی بچێت:"لە زاخۆ بە مەلەوانی لە رووباری (زاب) مدا وگەیشتم بە زەوی توركیا. لە سلۆپییەوە سواری پاس بووم هەتا گەیشتم بە ئەستەنبول، لەویشەوە بە جەوازیكی مزەوەر بە سواری فرۆكە هاتم بۆ ئێرە! من سێ هەزار دۆلارم بە قاچاخچێكە دا.. نەخێر ناوی نازانم..“ ئەوها بە كورتی. ئەوەی راستی بێت دەبێ هەر وای لـێ بكرێت، دەنا دەبێ بۆ هەر پەنابەرێك مانگێك زیاتر بۆ بەسەرهاتەكانی ڕێگا وبانەكان تەرخان بكەن، بێجگە لە وڵامی پرسیاری: تۆ بۆچی لە رۆژی ... مانگی...ساڵی... سنوری وڵاتەكەت بەجێ هێشت؟ كە رەنگە ئەگەر هەموو راستییەكان وەكو خۆی بگێڕدرێتەوە چەند مانگێك دەخایەنێ“ جا كێ ئەوەندە كات تەرخان دەكات گوێ لە هۆكانی پەنابەرێتی بگرێت؟ پێویستیشیان پێ نییە“ دەنا تەنها ڕێگا بڕینەكە شایەنی دان نانە بە مافی پەنابەرێتی ئەو كەسانە“ بەڵام ئەڵێی چی، ئەوەی راستی بێت"ئەمانە خۆیان دەنووسن و دەڵێن: مرۆڤ ئازادە لە هەڵبژاردنی جێگا و شوێنی خۆی، كەس

بۆی نییه دەخاڵەت بکات" کەچی بە گوێی قسەکانی خۆیان ناکەن“ وای دابنێن کابرا نەك بۆ داوای مافی پەنابەرێتی“ دەیەوێت ماڵ بگوێزێتەوە“ ئەوێی بە دڵ نیە“ ئیسلەندی بە دڵە“ بە وان چی؟ خۆیان و کاڵاکانیان بۆ هەر کوێ بیانەوێت بە بێ ڤیزە دەڕۆن“ بەڵام بۆ خەڵکی تر دەیان یاسایان دەرکردووە“ هەزار تەشقەڵە بە خەڵك دەکەن...

خاوەنەکانی شارستانیەت خەڵك فێری درۆ دەکەن“ چۆن ئەڵوەن هەناسەی ئەم بەر و ئەو بەرە“ درۆکردنیش بۆ ئێرە وایە" کورە هەی ریامە قەور باوگەگەی باوگ دروزن" دەنا بۆ نایەڵن هەر کەسێك باسی راستیەکەی خۆی بکات؟ مەگەر ناڵێن مرۆڤ ئازادە؟" کورە ئازادی چی؟ مرۆڤ ئازادە بکرێت بە سواڵکەر“ بە بێکار“ بە کرێگرتەی هەرزان" وەقسە قەوێگانیان قوڕ خستنەسە سەر عالەمەگە، شیت وهار عالەم کردنە“ هەر ئیژید ئینتصاراتەکان گورگەگەی عوجەس!"
بەتایبەتی لەلای "برا"کوردەکانی خاوەن پیتزا و ریستۆرانت“ کە پەنابەرێکی تازە دەگات، چەند هەزار مارکێك قەرزارە یا هاوسە و منداڵی هەیە، دەیەوێت بە زووترین کات بۆ ئێرە بیانهێنێت، ئەمەش پارەیەکی زۆری دەوێت، بۆیە ناچارن بە زووترین کات بەدوای کار بگەڕێن بەبێ ئەوەی فێری زمان بن، ئەم بارودۆخە ناچاریان دەکات توشی ئەو برایانە ببن!
فەرهاد:کاك شەرەف ئەلدین دەتوانم بۆ چەند سەعاتێك لەلات کار بکەم؟
شەرەف ئەلدین:بەسەر هەردوو چاو، بەڵام جەنابتان کار نازانن!دەبێ یەکەم جار فێری کارەکە ببن!
فەرهاد:کاکە قاپ شۆردن وپاککردنەوەم پێ دەکرێت!
شەرەف ئەلدین:بەراستی من حەز دەکەم برا کوردێکم لە لا کار بکات، بۆچی کابرایەکی روس یا سیریلانکی یا یوگسلافی سەگ باب بهێنم، ئێمە باشتر لە یەکتر تێدەگەین!

فەرهاد:بیمەی کارم هەیە؟

شەرەف ئەلدین:ئەمە کێ فێری کردی؟ کاکی ماڵی مامە دەیدا!

فەرهاد:ئەگەر نەخۆش کەوتم، کرێی کار وەردەگرم؟

شەرەف ئەلدین:چۆن پارەت بدەمێ بەبێ ئەوەی کار بکەی؟

فەرهاد: ئەی ئیجازەم هەیە؟

شەرەف ئەلدین: رۆژانی تەعتیل و پێنج شەمە و هەینی نەبێت، دەتوانیت مەرەخەسی وەربگریت!

فەرهاد: کرێشم دەدەیتێ؟

شەرەف ئەلدین: ماڵی مامە پارەی هەمووی دەدا، مەگە لەوێ پارە وەرناگریت؟

فەرهاد:با

شەرەف ئەلدین: ئێ! !ئیتر چیت دەوێت؟

فەرهاد: ئەرێ خەلکینە، کاك شەرەف ئەلدینی بێ شەرەف هەقی چییە من لە جێگایەکی تر پارە وەردەگرم یا وەرناگرم؟ بە ئەو چی؟ ئەڵێی لە گیرفانی باوکی دەردەچێت! برا دایبنێن پێش کارەکەم دزی دەکەم، بەرتیل لە خەڵك وەردەگرم، کارێکی تر دەکەم، بە ئەو چی؟؟!من رۆژی حەوت سەعات قاپی بۆ دەشۆرم زەوی بۆ پاك دەکەمەوە و چەند کاری تریشی بۆ چێ بە جێ دەکەم، ئاخر بە ئەو چی؟؟!

شەرەف ئەلدین: چۆن بە من چی؟ئەگەر بە دڵت نییە،برۆ لە جێگایەکی تر کار بکە!ئەوە چەند زمان درێژی دەکەن!وەڵلا کابرایەکی روس یا سریلانکی بهێنم بە نیوەی ئەو پارەیە رازییە و زۆریش مەمنونە، و ئەوەندە چەقەچەنەییش ناکات!

فەرهاد: کاك شەرەف ئەلدین، کەی پارەکەم بۆ زیاد دەکەیت؟

شەرەف ئەلدین: برا بە کوردستان، بە گۆڕی شەهیدان پارەکەم بۆ زیاد دەکردیت، بەلاّم وەك خۆت دەزانیت: کرێیەکی زۆر دەدەم، مەواد گرانە،کار کەمە، بیمەیەکی زۆر بە حکومەت دەدەم، قەرزارم، هاوینم لەبەردەمدایە، هەتد..

فەرهاد: کەی کرێکەم دەدەی؟

شەرەف ئەلدین: سبەی یا دوو سبەی کار هەبوو، پێج سەد مارکت دەدەمیٚ، باقێکەیشی دوایی، من پارەی کەس ناخۆم!

فەرهاد: ئاخر پێویستیم بە هەمووی هەیە، دەمەوێت...

شەرەف ئەلدین:کابرا تۆ زۆر سەیریت،من پیێت دەڵێم نیمە! برا بە کوردستان نیمە، وەرە بمکوژە!عەیب و شورەیی!

ئەم پیاوە بە کەرامەت و ماقولأنە ئەلێی تفیان کردووەتە ناو دەمی یەکتر، هەموویان بەیەك زمان قسەدەکەن، خوام کردبێت خاوەن کارەکە خەڵکی چواردە ئەستێرەی پاش خۆر بێت! مرۆڤ شەرمەزار دەکەن ئەوەندە(مەقتەلی ئیمام حوسێن دەخوێنن)!

لەم دە ساڵە دواییەدا، نرخی پێداویستەکانی ژیان چەند جارێك بەرزکراونەتەوە، بەلاّم یەك نرخ هەیە هەر وەکو خۆی ماوەتەوە و دەمێنی:نرخی کرێی کار لە لای ئەمسالی کاك شەرەف ئەلدین!

شەرەف ئەلدین: کاك قاسم بە خێر بێیت

قاسم: خۆشبیت، تۆ چۆنیت؟

شەرەف ئەلدین: وەڵلا برا باش نیم!

قاسم: خێرە کاکە!

شەرەف ئەلدین: وەرە چاکە بۆ کورد بکە، ئەو خوێریەم خستووەتە کار، هێشتا ئەو دێت داوای حەق و حقوق لە من دەکات! ئەمە هەڵەی خۆمە، نەمهێشت خوێڕی خوێڕی شەقامەکان بپێوێت، تا نرخی خزمەتچێتێکەی بزانێت!..

ئەوا منیش بەم بەیانییە توشی ئەم گومان وئازارە بووم وهەر چرکەیەکی زیاترو زیاتر دەمخنکێنێت، بۆچی گومان نەکەم؟ لەوەتی مێشکم بە شتەکان دەشکێت، دەزانم مامۆستا وەلید مامۆستای وانەی هونەر بووە، دەرسی وێنەکێشانی بەخۆم وتووە، کەچی سوارە هاتووە ودرۆی ئەوەم بۆ دەگێڕێتەوە گوایە وەلید ئێستا "شوفێری تەکسیە"! لەوە دەترسم سوارە ئەفەندی خۆی بەسەر من بە درۆ رادەهێنێت! کاکی برا "خۆ من دادپەروەرەکەت نیم" وەلید چی هێناویەتی بەسەر شوفێری؟ پەنجەکانی بۆ سوکان گرتن دروست نەبووە“ پەنجەکانی هەر لە ئەزەلەوە بۆ وێنەکێشان دروست بووە! دەڵێت " شارەکە کی مایە لە ناوی، چۆڵ و هۆڵ بیە" !هەی قوڕ وە ئەقڵت بەدبەخت بۆ خۆت و قسە بەتاڵەکانت"هەی زوانت بوڕن پدەر سەگ" شەرم لە خۆی ناکات“ قسەی خۆی نازانێت، بەبێ ئەوەی قسەکەی بجوێ، دەری دەکات، ئەمەیە مەسەلەکە!

ئەو نازانێت ئەم باسانە چی بە سەر من دەهێنن! نازانێت چاوەکانم ئەگەر کوێر نەبن بە جێم دەهێڵن“ نازانێت ئەگەر قاچەکانم ئەفلیج نەبن وەکو ئەسپەکەی ئیباو سەر هەڵدەگرن“ دەستەکانم گۆج دەبن!

قسەکانی ئەم کابرایە بۆنی خوێنی لێوە دێت“ بەراستی کابرایەکی کەم ئەقڵە... ئەوە شەوە بەو هەموو دەسەڵاتەیەوە، ساڵەهای ساڵە دەکوژێت ودەبڕێ، خانوو دەروخێنێت، باخ لە ناو دەبات، بە زۆر خەڵك لە شارەکە دەردەکات، لاوەکانی دوچاری کۆچکردن کردووە، بەڵام شارەکە بە هێزو سۆزی ئەلوەن و پردە قارەمان هەر وەکو خۆیەتی، ئەلوەن دەیچێنێ وسەوزی دەکات و لەو لاوە ئەلوەن زادەکان گۆرانی:

لە خانەقین کردنمە دارا

وە زەنجیر وە قەی دیوارا

دەن لە لیم وە خۆم نێزانم

رۆژ وە رۆژ زیای بوگ ئیمانم !

لە خانەقین تا کەڕادە

خوینمان رژیایە لە جادە

دەن لە لیم وە خۆم نێزانم

رۆژ وە رۆژ زیاد بوگ ئیمانم !... دەڵێن...

لەم کاتەشدا ئەڵوەنیش سنگ بەرز دەکات ودەنگی تاڤەکەی جۆش و خرۆشتر دەبێت! ئەو تاڤەی وا هێشتی خودادا عەلی" ئەی ئەڵوەنم، ئەی ئەڵوەنم" بڵێت وجەعفەر حەسەنی فێر گۆرانی وتن کرد" کەچی ئێستا سوارە هاتووە و دەڵێت:" ئیسە باوگ و دایکەگان حەز لە منالەگانیان نێکەن، نێزانن چە وە پییان بکەن" مالەگان فرەی نە سەلاجە و نە غەسالەیان مایە " گە چشتیگ فروشتنە" مالەگان فرەیان تەنیا بەڕە ها تی ..!

ـ راستێکان لە کویێ خۆیانیان قایم کردووە؟ تۆ بڵێت ئەم باسانە راست بن؟

بەدوری نازانم، بەلاّم بۆ پێشتر گوێم لێیان نەبووە؟ من بۆ گوێم لێیان بێت؟ بۆ چی من لە کوێم؟ کێ پێم دەڵێت " چیم لـێ هاتووە"؟

ـ تۆ هیچت لـێ نەهاتووە، مەگەر یوسف پێی نەوتی:"ئەڵێی ئەم دە ساڵە لە دۆڵی بالیسان بووی" وجەماعەتیش دەستیان بە سنگەوە گرت ئیتر بۆچی گومان لە خۆت دەکەی؟ مەسەلەکە زیاتر ئەم بەیانییە قیزئاوەرەیە وئەم کابرایەیە کە ناوی خۆی ناوە سوارە و تەقینەوەی بۆمباکە و ئەم رۆژە دووڕووە وێرانکەرەیە !

ئەمە من نیم، نەخێر، نکوڵی لەم بوونە دەکەم گەر خۆیشم بم، ئەمە من نیم ..... ئەمە کەسێکی ترە ترس دایگرتووە ! ئەوە سوارەی ماڵ شێواوە، سوارەی کراو بە ژمارەیەك" بە رەزا قورسێك لەلای کارمەندانی کاروباری"بێگانەکان"

هەرچەند سەرەنج لە سەروسیمای سوارە دەدم، سوارە کوڕێکی سەلار بوو و هەر وەها بە سالارێکەی ماوەتەوە: هەمان رەنگە گەنمیەکەی جاران، هەمان رۆیشتنە هێمنەکەی، بەرسمێڵی گرتووە و پرچە کورتەکەی وەکو جاران بۆ سەرەوە شانەکردووە، کراسێکی ئوتوکراوی لەبەرە کە رەنگە بۆ شاییەکەی لەبەری کردبێت" پێڵاوێکی بریقەداری قاوە ڕەنگی لە پێیە، بەگشتی لەوە ئەچێت بۆ دەرس وتنەوە یا بۆ بەردەم چایخانەکەی کرندی بڕوات، لەوێ لە گەڵ مامۆستا برادەرەکانی دەمەتەقە و باسە بێ کۆتاییەکان دەکەن. هەموو ساڵێك و لە هەموو مانگ ورۆژێکی هاوین وپایز لە هەمان کات وشوێندا هەمان کەسەکان کۆدەبنەوە" لە پشتەوە چایخانەکەی مەدهوش ودوکانی فیتەرچییەك هەبوو کەماڵ وبراکەی لەلای کاریان دەکرد، کە بەرەو سینەمای (خەزرا) دەچوی رێك لە سوچەکە، دوکانی حەکیم (دۆڵدرمە) فرۆش بوو، ئەو شوێنەی وا ساڵەهای ساڵ ئۆتۆمبیلی کرێکارەکانی نەوتی لـێ ڕادەوەستا" ئۆتۆمبیلێکی سەوز رەنگ، جێی دانشتنکەی لە تەختە دروست کرابوو" سەرەکەی بە چادر گیرابوو.لە ناوەڕاستدا فلکەی کرێکاران بوو، بەیانیان دەیان کرێکاری بیناسازی بۆ دەرکردنی نانی رۆژانەیان لەوێ ڕادەوەستان، لە هاویناندا، لە کاتی

پشودانی گشتی قوتابخانەکان، ژمارەی کرێکارەکان زیاتر دەبوون" کرێکاری چی، منالّ وردگە بوون" زۆر لە مندالّ و تازە پێگەیشتووی دنیای مەینەتی بنەماڵە هەژارەکان، لەبری سەفەرکردن و پشودان، زووتر لە خەو هەڵدەستان، بەڕێگاوە لە لای خاڵو وارانی (باوکە هێمن وبەرێزەکەی مەحمود" ئەو مەحمودەی وا ئێستاش کەس نازانێت بۆچی کاتێك لەریزی ئاوەڵەکانی بە سەرچەماندن وچاو بەستراویەوە بۆ دادگا فالّتۆکەی هەیئە ئەلخاسەکەی کەرکوك دەبران، میخێك بە ناو پێیدا چەقی وتێدا چەمایەوە!

هەندێ کەس هەبوو دەیانووت" میخەکە زانیبوی مەحمود دارتاشە"!!

هەندێکیش دەیانووت:"قسەی قۆڕ، پیاوکوژەکان میخەکەیان بە ئەنقەست لەسەر رێگاکە بەشێوەیەکی وا دانابوو بە پێی ئەسیرەکان بچەقێت) ماستیان دەکڕی و خێرا خێرا دەچوون بۆ چایخانەکەی تەنیشتی یا لە چایخانەکەی بەرامبەری لە تەنیشت کەباب خانەکەی مەنسور کەبابچی، بە نانەوە لە گەڵ چای دەیانخوارد و دەچوون بۆ لای فلکەکە" ئەگەر بەختیان هەبوایە یا ئۆستایەکی ناسیاو بهاتبایە دەبران بۆ سەرکار" چەندین هاوین لەوێ رۆژم کردەوە"" ئەوەی بۆ سەرکار نەبرایە بە خوێڕی ناو دەبرا، توشی جۆرەها قسەی سووك دەبوو و پێی پێدەکەنین هەندێ خاوەن کار هەبوو بەفیز و کەشخەییەکەوە دەهاتن بۆ کڕینی هێزی بازوو" تەنانەت هەندێ جار جمێنشیان دەدا" هەموو هێزفرۆشەکان لێیان کۆدەبونەوە" ئەتگۆ کۆڕەپانی مەشقکردنی سەربازیە"، هەمویان بە پێوەوە رادەوەستان، دەبێ راوەستن، جا کێ کرێکارێکی دانشتو بۆ سەر کار دەبات، هاواریان دەکرد" من بووە، تو خودا من بووە، گیان کورەگەد" باوگد نەمرد من بووە ... .. خودا منالّەگاند بیلد "" ئەوانەی نەدەبران سەبریان بە خۆ دەدا، هەتا دەوروبەری کاتژمێری هەشت ونیو لەوێ ڕادەوەستان "بەڵکو گەلآبەیەکی خشت هات"، کە رۆژەکە هەر نەهات

ببوایە، بە مەلولیەوە رێگای ماڵەوەیان دەگردە بەر“ ئەتوت حەوت برایان کوژراوە“ بەر چاویان رەش دەبوو" چەقۆیانت لێ دابا خوێنیان لێ نەدەهاتە دەر". ..!

ئەو رۆژە هاوینەی وا ئەحولە بەنا، هۆشیاری پازدە ساڵی بۆ سەرکار برد، بۆ (حەی ئەلعەسکەری) یەکەمجار ئاوی دەخستە ناو خەباتەکە، بەڵام کاتێك یاسین خەلیفەی موقاول هات، لە جێگایەکی بەرزەوە هاواری کرد:"عەمالەگان بان ئەڕا ئێرە " هەموو کرێکارەکان لە دەوروبەری کۆبونەوە، وتی:" ئەی کیسە چەمەنتوانە گشتی بووەن ئەڕا ئەورە "!

هەڵبەت هۆشیاریش کرێکارە ودەبێ کیسە چەمەنتو هەڵگرێت، بەڵام بەو لاوازیەوە چۆن ئەوەی پێدەکرێت؟ یەکەم جار چاوی پڕ ئەسر بوو، دەترسا نەتوانێت کیسەکان هەڵبگرێت ورسوا ببێت، جارێکی تر بۆ سەر کار نەبرێت“ هەتا پێی کرا هێزی بە خۆی دا، کیسەکەی هەتا بان ئەژنۆی هەڵگرت وبە خشکە خشك گەیاند بە شوێنە دیاریکراوەکە. ئەمەیە سەرکەوتن، کام پاڵەوانی کرماشان وقەسر شیرین ئەمەی پێ دەکرێت؟ دەموچاوی گەشایەوە، دەتوت رۆژە و هەڵدێت“ ئەڵوەنە وقورگی شەوەی گرتووە! خەوی پێدەبینی، بە شانازیەوە بۆ هەر ماڵێك برۆیشتبایە باسی دەکرد" ئەزانن چی، من ....." هەتا رۆژێکیان مەحەمەد پێی وت:"دە بەسە، چمان قن تەیارە صونع کردیدە"... هۆشیار نەیزانی لەوەودوا بە شەق بۆ سەر کار دەینێرن، ئەگەر بڵێت" ناتوانم کار بکەم، یا ئەمڕۆ ناچم بۆ کار " تازە خوێنی کەوتە کاسەوە، ناتوانمی چی، شەڕ ومرافەی دنیا دەبوو ئەگەر بۆ کارکردن نەڕۆیشتبا، دایکی پێدەوت" کوڕم دەزانیت موچەی باوکت بەشمان ناکات "!

هۆشیار ئەم کارە مەزنەی ئەنجام دا کەچی هەر کرێیەکی کەمتری پێدەدرا، لەلای تەها بەنا نەبێت، کرێی کاری ئاسایی بازاری کاری پێدەدا، کاتێك تەها خەریکی دروستکردنی دیواری هوتێلەکەی تەنیشت پردە سەوزە ئاسنینەکە بوو، لە سەروی دێی کارێز بەرەو رێگای پالآوتنی ئەڵوەن( مصفی الوند) بوو، پێش ئاوایی دارا کە وا بەچکە شەوەکان خشتیان بەسەر خشتەوە نەهێشت“

**هۆشیار خشتی بۆ بەردەستی دەهێنا، براکەی تەهایش چەمەنتوی دەهێنا، رۆژێکیان براکەی ویستی دەسەلآتی خۆی بە من پێشان بدات " تو بچو چەمەنتۆگە بار" ئۆستا تەها براکەیی دایە بەر خشت و وتی" خۆت ئەڕا نێچید باریدەی"**
**تەها چەند بە خۆشەویستی وبەحورمەت لە گەلٚ کرێکارەکان هەلٚسوکەوتی دەکرد، ئەوەندەی تر لە لای من خۆشەویست تر بوو...**

**وتیان"برا تۆ کابرایەکی کەماڵەیی، دانت لە گەلٚ دانی ئەم شارستانییەتە مەزنەدا ناکولێت،برۆ، لە کوێوەوە هاتوویت بۆ ئەویٚ بگەرێرەوە، تۆ بە ئێمە دەستەموو نابیت، بڕۆ بۆ بناری ئەلٚوەنەکەت، بڕۆ بۆ ڕونیٚ، بۆ لای دەنگی هۆرەکەی حاجی عەبدوڵلا، هەی کێوی! ! تۆ هەر باسی ئەویٚ دەکەیت! !**
**هۆشیار: بەلآم چۆن؟ تازە من ئێستا خۆم لە ناو دوریانێکدا دەبینمەوە، نە لەویٚ و نە لێرە لە من تیٚ دەگەن، منیش هەندیٚ جار ترسم هەیە لەوان تێنەگەم، نە دەتوانم مل بۆ ئەویٚ کەچ بکەم، ونە بۆ ئێرەی کەچی دەکەم، هێشتا بە ڕێگا دژوارەکەی خۆمدا دەڕۆم، زمانیشم یاخی و یاخی تر بووە، ئەی چ بکەم؟ من هەر دەبیٚ بۆ هەلٚهاتنی رۆژی خۆم بژێم...**
**دەلٚێن: کار مرۆڤی دروست کردووە!**
**کو؟ ئەوە لەم شارستانیەتەشدا کار کراوە بە کورەخانەی مرۆڤ سوتاندن و دەبیٚ سوپاسیش بێت، ئەوە نییە کابرایەك بە ناو سوارەوە، بە پێی خۆی هەزاران کیلومەتری پڕ مەترسی بڕیگە!**

ئەم کابرایە سوارەی ئەڵوانزادە نییە!! نەخێر، من سوارە دەناسم ، با... با، چۆن ئەڵوەن دەناسم ئەوها سوارە دەناسم، ئەو کاتێ گوێی دەگرت، نە لێوی بە یەکەوە دەنوساند نە ناو چەوانی گرژ دەکردەوە نە چاوی زەق دەکردەوە و نەیش پرچ و ریشی سپی بوو، بە هەموو تەمەنم بە چاوی پڕ ئەسرین نەمدیوە ...

ـ بۆچی فرمێسك دەڕێژێت؟ ئەو فرمێسکانە بۆ چارەرەشی منە یا بۆ حاڵی خۆیەتی؟
ئەوجا چۆن نەگری؟ بۆ یەکەم جارە دولبەر وسێ مندالّەکەی بۆ ماوەیەکی ئەوەندە زۆر بەجێ هێشتووە" شەو و رۆژ لە زکر و فکریان غافلێ نیە".

هۆشیار گومانەکە لە مێشکدا دەرناچێت و سەر لە نوێ لە خۆی پرسیار دەکات:" ئەم کابرایە کێیە؟ تۆ بڵێی خدر زیندە نەبێت ؟

ئەمە چ گێژاوەیەکە ریشی گرتووم؟ نەخێر گێژاوە نیە زیاتر گومانە لەم کابرایە کە ناوی سوارەی لە خۆ ناوە. گومان لە بونێکی ئاشنا دەکەم، لە هەمان کاتدا بە نابەجێی دەزانم بلێم"جا سوارە کێیە؟
نەخێر ئەوە من نیم" پاکانە دەدەم لەم پرسیارە گەورەم ... (لەبەر خۆمەوە وتم) هەرچەند ئەو گوێی لە هیچ وشەیەك نەبووە بەڵام داوای لێبوردنی لێ دەکەم، خایش میکونم ئاغا ...!
من رێ بە خۆم نادەم پرسیارێکی وا پوچ لەم کابرا بەرێز و سالارە بکەم. تازە کار لە کار ترازاوە ودەبێ وەك پرسیارەکەی ئەڵوەن بینۆشم! جا چی بنۆشم؟

نەخێر من بە هیچ شێوەیەك باسی نۆشینم نەکردووە، کاك سوارە رێك لە بەرامبەرمدا دادەنیشێت، کە هەڵدەستم، ئەویش لە گەلمدا هەڵدەستێت، ئەمەش مەسەلەیەکی زۆر ئاسایییە وهەموو رۆژێك بە شێوەیەك لە شێوەکان لە هەموو شوێنێکدا دوبارە وملیون بارە دەبێتەوە ومنیش ئەوە نیم خوا نەخواستا بڵێم" ئەمە یەکەم جارە رووبەرووی یەکتر بینینێکی وا نائاسایی بومەتەوە. ببورن ئەوە من نیم، یەکتر بینینی ئاشنایەك بە نائاسایی دابنێم، نەخێر حاشا دەکەم، جا بۆ نائاسایییە؟

پێم وا بیٚ مەسەلەکە چاوپێکەوتنی نائاسایی ئاشناکەم نیە، هەرگیز، مەسەلەکە زیاتر ئەم بیانییە سیس ورەنگ زەردەیە وجێگای یەکتر بینینەکەیە،دووریش نییە ئاوازی تانگۆکە بێت“ نەخێر من هەرچییەك روو بدات ئۆباڵەکەی دەخەمە سەر ئەوەکانی دی“ ئەمە کارێکی ئاسانە و بە هەموو کەسێك دەکرێت“ مەسەلەکە خۆمم، خۆم، بەلاّم بەکەس مەڵێن“ بە کەس مەڵێن کەوا دڵێکی وێران بووم پێوەیە!

ئا ئەوە کاری خەونە دورەکانە“ دەزانم، دەزانم بەم زووانە منیش دەرۆم و چاوم پیٚ ناکەوێت“ بستێك خاکم بۆ تەرخان دەکرێت و رۆژێك لە رۆژان ئاسەواریشم نامێنێتەوە وەکو هەر چۆلەکەیەك“هەر گلاّیەکی پایز“ هەر هەژارێکی لیٚ قەوماوی ئەم بەر و ئەو بەر"کە کەسێك رێگای وێلی لەبەردەم بێت، ئیتر ئەوەکەی تر ئاسایییە، ئاسەواری چی، بەسوودی چی دێت"“ بەلاّم داخی گرانم هەر دەمینێتەوە: پێلاّوەکان قومار و سەوداکاری بە چارەنووسی نان لیٚ براوەکان دەکەن“ ژەهرەکانیان دەخەنە ناو مێشك“ دەیانبەن شەڕیان پیٚ دەکەن“دنیایەکی دەوێت هەتا درکی پیٚ دەکەن، ئەوسایش دڵم هەر بۆ دڵە حەپەساوەکان“ بۆ چاوەڕوانی منداڵەکانیان دەقرچێت!

جا ئەوە چ سوودێکی دەبێت؟ هیچ، ئەوە نەبێت منیش وەکو ئەوان گۆرانی بە بالآی ئاواتە ئەویندارە بە جێ ماوەکانی مێژوو دەڵێمەوە"بەرز بێت ئەو دەنگە، بەرز! هاوڕێ! ئەو دەنگە دەناسمەوە، ئەوە دەنگی خۆمە“ مەسەلەی خۆمە، لە گۆڕیشدا بم گوێم لـێ بێت ژیانم دێتە بەر!نەخێر، ئەوە هیچ پەیوەندی بە سوارەوە نیە“ ئەگەر سوارەیش نەبوایە و نەبێت من خۆم سوارەیەکم بە هەموو کەموکۆڕیەکانیەوە .

مەسەلەکە هەرچییەك بێت یا نەبێت، ئەم بارودۆخە هیچ لەو راستیە ناگۆڕێ کەوا من هەست بە نائارامیەکی نائاسایی دەکەم ...

بە دەستی راستەوە جگەرە بە جگەرە دادەگیرسێنم و بەدەستی چەپم سەرم دەخورێنم“ خێرا خێرا میزدەکەم“ قوری و کتری بە پێچەوانەوە چای تێدەکەم چونکە قورێکە بچوکە و بەرگەی چای خواردنەوەکەمان ناگرێت“ بە درێژایی رۆژەکە چای لـێ دەنێم، و هیچ یەکێکمان بایەخ بە ساردی و گەرمی چایەکە نادین، چونکە خاوەن ماڵەکە لەوێ تێدەپەڕێت“دەبینێت پەنجەرەی موبەقەکە بە هۆی هەڵمی چای کولاّن یا هەڵمی چێشت لێنان تەماویە“ لەترسی خانم شوتە دەبێ بەبەردەوام یەکێکمان پەنجەرەکە بسڕێت، وای لـێ هاتووە رقم هەستێت لە خۆراکی گەرم ...

کاتێك پرسیاری لـێ دەکەم: "ئێ ئەحواڵت چوینە، خاسی ؟" ئەو لە ولأمدا دەڵێت"خۆشبیت حەیاتەگەم. تەلەفۆن کردید؟ کە رۆژ باشی لـێ دەکەم. لە ولأمدا دەڵێت"خۆشبیت حەیاتەگەم وە سەیارە بەنەمان ؟

کاك سوارە شەو باش.

لە ولأمدا "خۆشبیت کاکە، وە قەتار چم خاسترە؟ نەنەمە ناوی؟ ...

(٨)

دەبێ ئەم کابرایە وا ناوی سوارەی ئاشنامی لە خۆی ناوە کێ بێت؟ بۆچی وای لە خۆی کردووە؟ سەرلـێ شێواو وگێژ؟ بۆچی ئەوەندە درۆی زل زلم بۆ دەکات، شەرت بێت زمانی ببڕم هێشتا ئۆخەی ناکەم...

ئاخ گەر مێوان نەبوایە!

دەڵێ: بەچکە شەوەکان لە تۆڵەی سەرهەڵگردنی دارەکانی کەلاَت، دارە زلەکەی ناوەڕاستی فلکەکەی مەسفا ئەلوەندیان سەربڕیوە تا خەڵکی شارەکە لە سێبەرەکەی بێ بەشی بکەن" ئاخر بڵێ هەی نامەردەکان، بۆچی حەسادەتان لە سۆزی دارەکەمان دێت؟ خۆی باوەشی بۆ بێ چارەکان کردۆتەوە و لە ئامێزیان دەگرێت" دڵیان بە یەکتری دەکرێتەوە" بەسەرهاتەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، ئەڵێی ئۆرکێستراى ماسی فورێلەی شوبەرتن. هەروا باسی فرۆشتنی لولەو ئامرازەکانی نەوتەکە دەکات" باسی تالاَن کردنی کوێدی و رووخاندنی وێستگای شەمەندنەفەرەکە"خەرە مردێگە"دەکات" ئەی خەڵك بە چی بچن بۆ جەلەولا" حەسیبە دەیوت: جەلەولەو"" ئەو هەموو مەڕ و مریشکانە بە چی بۆ شارەکە بهێنن ؟

هیچ دوور نیە ئەم کابرایە من بە گێلە پیاو بزانێت، هووو، جا کێ دەزانێت ئەم کابرایە چۆن بیردەکاتەوە؟ پرسیارەکانی سەرسامی کردووم، هەروا عەیبیش نیە دان بە ترسەکانم بنێم ئاخر سەیارەی چی؟ قەتاری چی؟ نەنەمە ناوی چی؟

ئەم بەیانییە بۆ گومان کردن لە دایك بووە" بۆیە منیش هەتا دێت گومانەکەم قوڵتر دەبێ!! تازە ناشتوانم بەشیوەیەکی تر بیر بکەمەوە" ئاویگ برژێیگ گردەو نێوگ"!

گومان له هەموو شتێك دەكەم: شەو بوو، له پاریسەوه بۆ ئەمستردام بەقەتار سەفەرم دەكرد، ئافرەتیك به فەرەنسی ئێواره باش كرد و رستەیەكی وت، به ئەنگلیزیەكی شڕەوه پێموت زمانەكەت تێناگەم، ئەمجا ئەویش به ئینگلیزیەكی شڕ وبه دەست قاچ وتی:

تۆ له دەست سەددام هەڵهاتووی؟

هۆشیار: نەخێر! ! !

ئەی لەم چارەیه! برینم كەمه، ئەمیش هاتووه ئەوەندەی تر بڕینەكانم دەكولێنێتەوه، من له كوێ دەتوانم بەرگەی ئەم هەموو برینانه بگرم؟

ئافرەت: قاوه دەخۆیتەوه؟

هۆشیار: بەڵێ

ئافرەتەكه قاوه و كۆلا و ئاوی دامێ له گەڵ سەموون و گۆشت! !و وتی" بیره ناخۆیتەوه؟

هۆشیار: نەخێر

هۆشیار: تۆ خەڵكی كوێی؟

ئافرەت: خەڵكی تائیتی.

هۆشیار: خەڵكی هائیتی؟

ئافرەت: نەخێر خەڵكی تائیتی، له پاسیڤیكه، هائیتێكان رەنگی پێستیان رەشه، ئێمه رەنگمان وەك دەبینیت ئەسمەره“ به روویەكی خۆشەوه وتی" من جوتەم له زكدایه! " بای!

هۆشیار چی پارەی خوردەی هەبوو خستیه ناو گیرفانی و سەفەرێكی خۆشی بۆ خواست!

بۆچی ئەو ئافرەتە بەو شەوە لەناو ئەو قەتارە ئەو پرسیارە ئاراستەی من دەکات، بەبێ ئەوەی وشەیەك لە گەڵ یەکدا بڵێین؟

ـ هەر ئەڵێی کۆترە سپێکەیە!

لەوەتی لەو ماڵە دەژێم هیچ کۆترێك لە تەنیشت پەنجەرەی ماڵەکە دانەنیشتۆتەوە" بەڵام ئەو رۆژە لە بەردەم تەلەفزیۆنەکەی (حەوت برا) تەماشای هەواڵەکانمان دەکرد:فرۆکەکانی ئەمریکا بۆمبابارانی عێراقی دەکرد، لەم کاتەدا کۆترێکی سپی جوان لەبەرەم پەنجەرەکە نیشتەوە" ئێمەیش لەو ناوەراستەدا گێژ ببوین.

فەرهاد:ها ئەو کۆترە سپییە!

هۆشیار: جەنگە، جەنگ، تۆ چی دەکەی لێرە؟

کۆنتراستێکی دەگمەن دەسەڵاتدارێتی کرد" چاوێکمان لە تەلەفزیۆنەکە بوو وچاوێکمان لە کۆتری ئاشتی" تەماشای دەکردین" سەیر ئەوە بوو لێی نزیك دەکەوتینەوە،نەدەفرِی، زەق زەق چاوی بە چاومان دەنا"دوور نیە گاڵتەی بە ئێمە هاتبێ: ئاشتیتان دەوێت؟

ـ فەرموون ئەوە جەنگ!!

کارتان دەوێت؟

ـ ئەوە بێ کاری یا خزمەچێتی!

پێکەنینتان دەوێت؟

ـ فەرموون ئەوە جەرگ سوتاندن! !

سورکێو وتی" لەوەیە بەو نیگایانەوە پێمان دەڵێت"دنیا وا نییە کە ئێوە بیری لێ دەکەنەوە" کوێلایەتیە" ئێوە کوێلەن" ئازادی لەبری کوێلایەتی بەکار دەهێنرێت" زیرەك ئەو کەسەیە لەمە تێ بگات"!

سورکێو وتی"نشتنەوەی ئەم کۆترە سپییە لەم کاتەدا لە تەنیشت پەنجەرەکە هێمایەکە بۆ نیازەکانی ئێمە" ئێمە نە جەنگی شەوەمان دەوێت و نە جەنگی شارستانییەکان" ئەم جۆرە شەرانە، شەری ئێمە نین" دوو قەلە رەشەکەن و بە یەکتری دەڵێن:" رووت رەش"" دووریش نیە ویستبێتی پێمان بڵێت:" لەوەتی زەمین زەمینە" هەروا بە دەست دەسەلاَتدارەکانەوە دەسوتێنرێت" بەلاَم دنیا هەر ئەوە نیە" تەماشای من بکەن" دنیا هەر شەر نییە" خۆشەویستی و جوانیشە!خەم مەخۆن ئەمە تەنها چارەنووسی ئێوە نیە" ئەمە چارەنووسی ملیونان مرۆڤە!

بۆیە" دلَ هەر یەکیگەو سەوزە بردگەسەی"!

لەم لایشەوە کابرایەك بە ناوی مام سوارە تەوقەم لە گەلَ دەکات!

تۆ بلَێیت شتێکی نائاسایی روویدابێت؟ جا ئەو شتە چییە وا رووی داوە؟ هیچ دوور نیە ئەم کابرایە رێبوارێکە رێگاکەی وون کردبێت، دووریش نییە هەر ئاگای لە ئامانجی رێ گرتنەبەرەکەشی نەبێت، هەر وا بە هەوەس رێگەی گردووەتە بەر" کێ دەلَێت ئەم کابرایە رێبوارە"هەمان ئەم پرسیارانە لە خۆم دەکەم" جا کێ دەلَێت من منم؟؟

تەماشای دەورو بەری خۆم دەکەم، دەبینم ژوورەکەم جیاوازیەکی وای نییە لە گەڵ ژوورێکی ئاسایی ناو ماڵێکی هەژاری قەراخی ئەڵوەن، هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەم ژووره بەشێکە لە جێگایەکی ناسراو بە شارستانییەت“ سەر دیوارەکان بە تابلۆی رەنگاورەنگە جوان و پڕماناکانی شیرین و ژیان رازاوەتەوە لە گەڵ وێنەیەکی گەورەی ئافرەتێکی بەسالاّ چوو، چاوە پڕ پرسیارەکانی پێم دەڵێن:" تۆ لێرە چی دەکەی؟ پێت وا بوو لێرە رزگارت دەبێت؟ پێت وا بوو لێرە شەڕوشۆر کۆتایی پیٚ دێت وبە ئاسوودەیی رۆژگاری داهاتووت بەسەر دەبەی؟ روخسارە گرژولۆچاویەکەی وێنەی رەنج و ماندوبوونێکی بیٚ وێنە دەردەبڕیٚ، هەندیٚ جار خۆم پرسیار دەکەم"بۆچی ئەم وێنەیە لە ناو ژوورەکەم هەڵواسراوە؟" بەلاّم وەلاّمێکی وام پیٚ نییە وهەر ئەوەندە دەزانم هێزێکی زۆرم پێدەدات. .

هەندیٚ جار دەڵێم"هەر ئەڵێی میم حوسنی یە، نەخێر دەقاودەق خۆیەتی.بڕوانە ناوچەوانی، بڕوانە، بڕوانە چۆن گەرمی بەردە سپێکانی چەمە وشك بووەکە رەنگی پێستی قاوەیی کردووە“ سەرپێچەکەی سەری لە هەمان ئەو سەرپێچە دەچێت وا عەزیز بۆیی هێنابوو"“ کتێبخانەیەکی بچوك، ناسیارێك پێشکەشی کردم، کتێبەکان بە پەرش و بلاّوی لە سەر یەك دانراون و لە سوچەکانی ژوورەکە رۆژنامە، کتێب و پەڕەی بە کەڵك و بیٚ کەڵك بلاّوبوونەتەوە“ تەپڵەی جگەرەکە لە جێگا خۆشەویستەکەی خۆیدا بەرێزەوە جێی خۆی گرتووە، منیش بە هەمان رێزەوە ئەوەی خۆی بیەوێت دەیدەمیٚ، سوتکە جگەرە و پاشماوەی جگەرە کێشراو و نەکێشراوەکانی تیٚ دەکەم، بەڕاستی هارمۆنیەکی لە بەرچاو لە نێوانماندایە“ جێی نوستنێك کاتی خۆی یاد وسوعاد پێشکەشیان کردم“ بۆ من وەکو جێگای نوستنی رەزا شایە، هەر ئەڵێی باشترین دارتاشی دنیا بە شێوەیەکی تایبەت بۆ منی دروست کردووە.کاتێك لە سەریدا پاڵ دەکەوم شا بە گونم نازانم هەروا مێزێکی نووسین کاتی خۆی جەبار پێشکەشی کردم. مێزی نوسینەکەم کە گابریەلا سەردینی کاتی خۆی پێشکەشی کردم، جەبار بردی بۆ ئەتەڵیٚ بە بایەخ و بە هاکەی“فەرشەکەش یەکێك لە

دوورەوە ببیینی ئەڵێ فەرشی کاشانە، ئەمەش دانشتووی پێشووی ئەم ژوورە پێ .. ش ... کە ... شی کردم !ئەوەی بۆنی شارستانییەتی پێوە بێت تەلەفۆن و فاکسەکەیە، کەچی ئەمەش بووە بە ئاگر و دەمسوتێنێت کاتێك زەنگ لێدەدات بەترس و لەرزێکەوە دەستی بۆ دەبەم، چونکە هەر جارێك ئەرکێکی زیاترم بەسەر دێت" ئەرك لە دوای ئەرك" جارێك داوای چەند هەزار گلاَیەکم لێ دەکەن، منیش تەنها گلاَی پایزم لەلادا دەست دەکەوێت! پێیان وایە لە سەر بانق دانشتووم یا بۆ لە چاپ دانی دە بۆ پازدە لاپەڕەیەك وچەندین ئەرکی تر کە بە دڵ و بە گیان جێ بە جێم دەکرد ئەگەر کات وپارەیەکی کەمم هەبوایە!.

مونیر سەرلەنوێ دووبارەی پرسیارەکەی دەکات کە ڕەنگە پێنج سەد هەزار جار لێی کردبێتم: بۆچی هیچت نیە، ئەی ئەو هەموو ساڵە چیت کردووە ؟"

هۆشیار: تەنها قاچاخچێتیو دزی و جەردەیی و گەوادی و جاسوسێتی و ماستاوکردنم نەکردووە، دەنا هەر لە کرێکاری بیناسازی و کەناسی و دەواجن و وەرگێڕی و پیتزاکردن وقاپ شۆردن وزەلاَتە دروست کردن هەتا فەرمانبەری و کەلنەری ومامۆستایەتی و چەندین کاری ترم کردووە" میراتی باوکمە بۆ من ماوەتەوە، کتومت لە باوکم دەچم، نەك تەنها بە رەنگ و شێوە بەڵکو لە بواری کارکردنیشدا، کۆپییەکی ئەوم، ئەو لە خوا یاخی بووە رۆژێ کرێکاری نەوت سازی بووە، رۆژێ برین پێچی لەشکر، بارهەڵگر، پاسەوانی بیناسازی، شاگرد فیتەر و فەرمانبەری شەرکەتی بیمە، خاوەن حەوت سەنعەتە و هیچی لە گیرفاندا نییە!

مونیر: کارەکانی لە یەك ناچن !

هۆشیار: پێش ئەوەی بەرنامە ئابووریەکانی تاتشەر و ریغان بەسەر جیهان بسەپێت، لە سەر باوکم تاقیکرایەوە، پاش سەرگردنی ئێستا وا بەسەر منی دەسەپێنن !

مونیر: ئەی بە چی دەژێیت ؟

هۆشیار: بە هیوا!

مونیر:کێلوی بە چەند دەفرۆشیت ؟

هۆشیار: من سەر لە کڕین و فرۆشتن دەرناکەم، وەك پێم وتی، زۆر کۆڵەوارم، ئەگەر کەسێك لە هیواکانمی بوێت، باقیشی دەدەمەوە!

مونیر: جا بانکرۆت دەبیت، بە بیٚ هیوایی دەمێنیتەوە، ئەوجا چی دەکەی؟

هۆشیار: هەتا ئەڵوەن بە ڕێوە بێت، هێوام دەبێت !

هەتا ئەم بەرو ئەوبەری هەبێت

منیش بەقەد باڵاکەیان هیوام دەبێت

هەتا بۆنی چاترەیەك، هەناسەی ئەڵوەنزادەیەك،

کەلاٚتێك، خەندەی سەر لێوی منداڵێك مابێت

منیش لە گەڵیاندا هێوام دەبێت !

مونیر: هیواکانت باسی چی دەکەن ؟

هۆشیار: باڵای مرۆڤ ئەوەندە بەرزبێت، ڕۆژ بخەنە بن دەستی ڕاست، مانگ بخەنە بن دەستی چەپ، پێیەکیان لەم بەر ئەڵوەن بێت و پێیەکیان لەوبەر، ئەستێرەکانیش لە دەوریاندا گۆرانی " وەی لە من یاخی، تۆ گوڵی ناو باخی " بڵێن!

مونیر: بۆیە قەرەچەکانیش لەوەتی ئەڵوەن ئەڵوەنە بەرەو ئاواتەکانیان بەرێگاوەوەن! هێشتا بیٚ تاقەت نەبوون لە چڕینی گۆرانی:

ئێمە دوورین، ئەوان دوورن،

هیواکانمان هێشتا دوورن

دوورن، دوورین ...

بەلاّم ئێمە لەسەر رێگاین

رۆژێك دادێت

هەر رۆژێك بێت

هەر بە هێواکانمان دەگەین .......هەر پییێان دەگەین...

بەلاّم ئەمە هەر ناکرێت! ! وەهمە وەهم!

هۆشیار: دەبیّ هەتا پێمان بکرێت گەشە بە خەیالّ و خەونەکانیشمان بدەین! ئەی سمبۆلەکەی سەدەی بیستەم، نەیوت"با ریالیست بیین، ئێمە هەولّی ناگونجاو دەدەین! "

سەرباری هەموو ئەم بارودۆخە بێفەڕە، کابرایەك هاتووە بەناوی سوارە ولە دەرگام دەدات!

راستە هەندیّ کەس هەن ئەوەندە شارستانییانە هەلّسوکەوت دەکەن، دەرگا لە هەندیّ رێبوار ناکەنەوە، مرۆڤ دەبیّ یەکەم جار تەلەفۆنیان بۆ بکات" بە هەموو رێزێکەوە پرسیار بکات" کاتتان هەیە ...جەنابتان کاتتان دەبێت بۆ یەکتر بینین؟... دەتوانم سەردانێکتان بکەم؟ بەلاّم هۆشیارێك خەلّکی شارێك بێت لە دێڕزەمانەوە کاروان سەرا بوبێت، چۆن دەرگا ناکاتەوە؟

ئەڵوەن وتی: ئەوە بیست و چوار بلیۆن ساڵە دەرگام بە رووی کەس دانەخستووە، ئێوەش، ئەی ئەوانەی وا بە رووتی لە دایك دەبن، دەرگاکانتان بە رووی کەس دامەخەن. دەرگا تەنها بەرووی شەوەو بەچکەکانی دابخەن، سەنگەریان بۆ دابمەزرێنن، راویان بکەن...ر ..ا..و..ی..ا...ن...بکەن! هەر بۆیە دەرگا بۆ مێوان لەسەر پشتە، ماڵ ماڵی مێوانە، بەڵام هەی رووی پارە وپوول رەش بێت وا بەم شێوەیە رەنگی زەرد کردووم!

بە هەمان شێوەیش دەڵێن: ئەوە نزیکەی سەدەیەکە، بگرە زیاتر، ئەوەی روو لە ماڵەکانی قەرەئەنگوێ وقومرغان و قەڵەم پاشا و یاغسەمەر و مالومە و گاپیلۆن و ئولاغلو و دەوروبەریان بنێ، پرسیار بکات: پورێ مێوان رادەگرن؟

پورێ: مێوان بە خێر بێت، وەی بەخێربێن بەسەر چاوان کوڕی خۆم.

بەڵام ئەم کابرایە بەراست مێوانی منە؟ یا من مێوانی ئەوم؟

رەنگە هەردوکمان مێوانی ئەڵوەن بین؟ هیچ دووریش نیە ئەڵوەن بێت خۆیی لێم کردبێت بە سوارە بۆ ئەوەی هەواڵی بە ماسی بوونی مامۆستا محێدین، ریاز، وەرگی، ئیسماعیل خانمە پێ بگەیەنێت و چۆن هەموویان خەنیون بە گەیشتنی محێدینی ئەڵوەنزادە و چۆن وەکو جاران بێ دەنگ و هێمن نییە، هەست بە ئازادی و ئاسودەیی دەکات، گۆرانی ئەچڕێ و هەموو دانیشتوانی بنەکەی هێناوەتە دوان، پرسیار لە دوای پرسیار دەربارەی ئەم بەرو ئەو بەری لـێ دەکەن، ئەمیش بە دەنگی بەرز، بە زبانە شرینەکەی، جوان بۆیان دەگێرێتەوە، ئەڵێی ئەوە چەند سەدەیەکە لە هەواڵ و مەرگەساتی ئەم بەر و ئەوبەر ئاگادار نین، هەر وا وتی، لەوە ئەچێت زۆر دەمێکە چاوەروانی محێدینن، ئەوا بە یەك شادبوونەوە.

له ناو ئەم بەسەرهاتەدا بووم، چاوم بە حەسۆ و باوکی هێلانە کەوت، چاوپێکەوتنێکی ئاسایی وەکو جارەکانی تر، هیچ هێمایەکم بەدی نەکرد بۆ هەواڵێکی شوم، هەوالێك بەو رادەیە کز و کەساسم بکات، ئەوە نەبێت کاتێ پێم وت ئەمرۆ ناتوانم بێم، هاتنەکەم درەنگ دەکات، با بۆ سبەی بمێنێتەوە . ئەو وتی" قەی ناکات، ناخەوم ئەگەر نەیەیت! پرسیارێکم لە خۆ کرد "بۆچی باوکی هێلانە وام پێ دەڵێت؟" تومەز هەواڵی مەرگی لە خوا یاخێکەیان پێیە.

هۆشیار:کەی؟

حەسۆ: رۆژی هەینی رابردوو!

واتە ئەو رۆژەی وا کوڕە گەورەکەی گوڵبەهار، کەوا پێکەوە لە ئەبو غرێب هەتا سەردەشت و تاران و جوهروم جۆرەها شەقی دنیامان خوارد" بە مەرکی باوکم زانیبوی بۆیە کراس و پانتۆڵە رەشەکەی پێشکەش کردم" ئامادەی کردم بۆ بیستنی هەواڵی کوژانەوەی ئاگرێکی کورەی کار" مەرگی دوژمنی پارە و یەکێك لە نائارام ترین لە خوا یاخی ولاوترین بە سالاچوی شارە وێرانکراوەکەی ئەم بەر و ئەو بەر تۆ بلێیت مەرگە پڕ ئەشکەنجەکەی شرینی شرینەکان لە ناوەوە داینەرزاندبێت؟ دوير نيە وەل محێدینەو مەوعدی بیە !! دوریش نییە شەرمی لە لاوازی وبێ هێزێکەی هاتبێت" چونکە نەیتوانی وەکو جاری جاران بە پۆستاڵە سەربازیەکەیەوە کەلەی سەری بەچکە شەوەکان شەق بکات، چۆن بە شەوافەکانی کرد.من ئاشکرای دەکەم بۆ هەموو لایەك کەوا دوا پاڵەوانی گریان بۆ مەهداوی سەری نایەوە !

کە مانگی گەلاوێژ دەهات، وەکو مندالێ پەڵپی دەگرت، بن ژوورە تاریکەکەی دەگرت و لەسەر تاقە قەنەفەی ماڵەکە هەڵادەژیا و فزەی لێوەوە نەدەهاتەدەر" بۆ چایخانەش نەدەڕۆیشت!

ـ باوکە با نان بخۆین!

ـ لە یادت چوو؟ "ئەمرۆ دڵم نان نابات"

زۆر جار باسی نەبەردی سەربازی شوعی حەسەن سەریعی دەکرد“" هاواری کرد! بەرەو بەرگری!بەرەو بەرگری! ئەفسەرە شوعێکان وتیان"هیچمان پێ ناکرێت"“ نەهاتن بە دەنگیەوە! نەهاتن بە دەنگیەوە! نەهاتن بە دەنگی سەربازە هەژارەکەی سەربازگەی رەشید“ کە برێك لە راستێکانی لە گەڵ فیشەکەکان خستبوە ناو شانەی چەکەکەی“ تەنها خۆی و پەلەکەی مانەوە“ ئەمجار خۆیانیان نەدا بە دەستەوە...

لە گەڵ هاواری بەرگری!

بەرگری،

بەرگری،

مرۆڤکوژەکان سەریان بڕی!...

ئەو هەموو رەنجەی دەدا کەچی هەر بە هەژاری دەمایەوە“ دوو عانەی زیادیشی لە گیرفاندا هەبوایە ماڵەکەی شلوق دەکرد“ پەنجا فلسی دەدا بە ئەم، بیست فلسی دەدا بە ئەو، کراسێك بۆ کچە گەورەکەی، پێڵاوێك بۆ کچەکەی تری“ قەد لە دڵی نەهات ئەڵوەن بە جێ بهیلێت“ بە دەگمەن سەفەری دەکرد“ هەتا شار بەدەر کرا“ یەك جار چاوی بە سلێمانی کەوت، ئەوەش بە دیلی!

نەخێر، بڕوا ناکەم، چونکە بە خۆشییەوە پێشکەشی کردم، بێ گومان ئەمە تەنها ڕێککەوتە وەك هەر ڕێکەوتێکی تر کە لە ڕێگای مرۆڤ دێتە پێش، هەفتەیەك پاش هەر بە خۆی سەرەخۆشی لـێ کردم و وتی" تۆ هەفتەی رابردوو باست کرد، بۆچی نەتوت سەری هەڵگردووە؟. . .

نەمدەویست بڕوا بکەم، هەر وا بۆ من ئێستاش دەژێت" لەلای من نەمردووە" هەر ئەوەندەیە وەك ڕۆژانی رابردوو گوێم لـێ نابێت ونایبینم" تەنانەت پرسەیشم بۆ دانەنا" بۆچی دایبنێم؟ زۆر کەس دێن فاتیحای لەسەر بخوێنن، بەڵام ئەو خۆی هیچ بڕوایەکی بە فاتیحا نەبوو، هەندێکیش بەناوی فاتیحا خوێندنەوە هەتا بیست ویەك دەیژمێرن" منیش پێویستیم بە هیچ یەکێکیان نییە" ئازارەکانیش لەبن نەهاتوون، هیچ شتێکیش تەسکینم ناکات:

وای چە دەست یاران،

وای چە دەست یاران

دڵ بی وە نەرگس

ساڵ کەم واران... ئەڵوەن نەبێت، ئەمیش لە ژێر چەپۆکی شەوە چاوی کز بۆتەوە:

هەی ئەڵوەنەکەی چەم وە عەسرەوە

چەند جار واتم مەشاخنە وە دەو

گەل گەل نازداران بێدار مۆ نە خەو

داخم تۆ چەنیم هەر چە قینەنی

پەریٚ بەخت من تۆ چە شینەنی

له ناخمدا دەنگێك بەرزدەبێتەوە" كە سیا چەمانەی ئەم بەر وئەو بەر بە شەوان پاسەوانیم دەكات" ئەوە چەنێكە وا كە هەمیشە پاسەوانیم دەكات" پاسەوانی دەكەم" بۆچی رێك دوێنیٚ شەو خەو لە چاوی كەوت؟
ئەوە وا دوێنێش شەو بەسەر هات" شەوێك" شەوانی درێژ" بە درێژایی مێژووی زەوت كردنی مرۆڤ بوونمان
ئەوا سەر لە نویٚ شەو هات! !
كە دەیزانی ئەم بەیانییە مێژوو كۆتایی پیٚ دێت، بۆچی هەر بەتاریكی كۆتایی پیٚ نەهات؟ لەو كاتەدا كە گەردوون پشو دەدات، بۆچی هەر بە جارێك نەبوو بە دوا پشوودانی؟ رۆژی داماو بۆچی ئەم ئەزیەتە بەبەر خۆی دەدات؟
ئەو لە خۆشی مرۆڤ هەڵدێت، كەچی مرۆڤ داری دراوەتە ڕۆحی! بەراستی ئەمە كار نییە دەیكات".. نەخێر" نەخێر" نەخێر وەرە" وەرە" ژوورەكەم پڕبكە لە تیشكە ئاڵتونێكەت" نایەڵن بێی" چی؟ نایەڵن بێی؟

(٨)

هەرچەند دەیهێنم و دەیبەم، ئەم بەیانییە، تەنها بەیانییەك نییە" بیست وچوار سەعاتە" هەموو رۆژێكە "هەموو باری ژیانی ئەمرۆی زۆربەی مرۆڤەكانە" گاڵتە بەخۆم دەكەم ،ئەگەر بڵێم " هەر من بەم شێوەیە دەژێم و بیردەكەمەوە" نەخێر هەر من نییم، بە تاقی

تەنها لەم سوچە بە دەستی ئەو هێزانەوە گیرم خواردووە کە مرۆڤ بوونم زەوت دەکەن! هەر وا هەر من نییم کە ناچاری تاوانباریم دەکەن" من نامەوێت تاوان بکەم! من دەمەوێت بە بێ گیروگرفت و ناحەزی و دوشمن کاری هەناسە بکێشم" نامەوێت بۆ لەتە نانێك رسوا بکرێم" چی زۆرە؟ نان زۆر! کورە چی زۆرە؟ بەرد و ئاسن" ئاو و قوڕ و کەرەستەی زۆر و زەبەن بۆ ماڵ دروستکردن! چی زۆرە؟ هەستی دڵداری و عەشق !

جەمیل: تۆ کەی واز لەم قسە قۆرانە دەهێنی؟ مێشکت بردین، دە بیبڕەوە ماڵت ئاوەدان نەبێت، ئەم هەموو فرە بێژیە فلسێك ناکات، بەراستی من خولقی چەقەچناوەیی تۆم نەماوە!

شاخەوان: جەمیل بڕوانە، بڕوانە ئەوانە چۆن لە گەڵ یەکتر دەدوێن" بە پەنجە یەکتری حاڵی دەکەن" دەمیان دەجولێننەوە بەلاّم زۆر جار دەنگیان لە دەست داوە، دەنگ دەرناکەن، هەندێ جار تەنها هاوار دەکەن" لە چرکەیەکدا دوو کەس دەبێتە خاوەن پارە و هەزاران و ملیونان کەس برسی و وێران دەبن! بە هێمای چەنجەیەکیان نرخی خۆراك بەرز و نزم دەبێت! لەسەر ئاستی دنیا بە کۆمپیوتەر لە گەڵ یەك دەدوێن و یەکتری دەناسن بە بێ ئەوەی رۆژێك لە رۆژان چایەکیان پێکەوە خواردبێت!

ئەمانە و خاوەن مۆنۆپۆڵە زل هێزەکان موو ناچێت بە بەینیانەوە، ئەمانە سەری مارەکەن، دەبێ دەسەلاّتی ئەمانە پان بکرێتەوە!

جەمیل: جا ئەمانە هەقیان چییە؟

شاخەوان: چۆن هەقیان نییە! ئەمانە، ئەمانە ناچارم دەکەن دەستم بە خۆینەکەیان سوور بکەم" دووچاری دەسرێژکردنم دەکەن" سنگیان هەڵتەکێنم" وای لە ئەم رۆژە ترسناکە" وای لە فرمێسکی دایکان و رەش پۆشەکان!

جەمیل: من هەقم نییە بەم بەزمەوە، من لەرێی خۆم دێم و دەچم، برواش ناکەم ئەوان کاریان بە منەوە هەبێت

شاخەوان: ئەی بۆچی دوێنێ نرخی کێلۆیەکی برنجی شارەزوور لە سەنجا فلسەوە بوو بە دوو سەد دینار؟

جەمیل: برا شارەزورێکان هەر وا گران جان بوونە!

کەمال: جەمیل، باسی شارەزوور بە خراپەیی مەکە، ئەوان هەقیان چییە! ئەو قوڕبەسەرانە دەبێ بارێك پارە بەدن بە بانزین و نەوت و جگەرە و پوشاك!

شاخەوان: جەمیل دەبێ هێرش ببەی! تاوان بکەی، تا سستێمی تاوان و رەگبارەکانیان بخەیتە ناو مۆزەخانەی بەربەریەت، بیانکەیت بە پەن! چیتر کەس شانازی بە چەکی سەر شانی نەکات!

کەمال: رێگایەکی تر نییە؟

شاخەوان: نەخێر" چەکفرۆش ئاشتی بۆ چییە؟ئاشتی ئێمەی نایەوێت و لە هەرکوێ دەنگی ئاشتی بەرز بێتەوە، ئەوان لە ژێر پێی دادەنێن! گێلە پیاوێك بڕوای بە قسە زلەکانی ئەمانەی کرد ،هات بۆ ئێرە، پێیانی گۆ: من هاتوم بۆ ئاشتی!

ئەمانیش هەموو قسەکانی خۆیانیان لە بیر چووەوە، کارێکیان کرد، یەکسەر کەلەپچەی بکەن و بە نامەردی ناردیان بۆ ژووری هەڵواسین" نرخی گێلایەتێکەی دا! ئاخر جەنەراڵ و چەك فرۆش و ئاشتیان وتووە؟ لەوەیش سەیر تر، چی ئەندازیار و پزیشك و مامۆستا هەیە، بە هەموو ئەقڵیانەوە نامەیەکیان بۆ نەتەوە یەك نەگرتووەکان و رێکخراوی مافی مرۆڤ و شەش و حەوتقراتێکانیان نارد!

جەمیل: چاکیان کرد، ئەی چی بکەن؟

شاخەوان: گۆرانی: هەی رێوی رێوی .. هەی

رێوی بێ ئیمان ...هەی بلێن!

ئەمە وەك ئەوە وایە، داوا لە جوتیارێك بكەی، زەویەكەی نەكێڵێت، بەبێ ئەوەی پوولی بدەیتێ یا نان و بەرگ! ئەی بە چی بژێت؟؟
یا داوا لە كرێكارێك بكەی چیتر كار نەكات، بەبێ ئەوەی بیژێنیت! ئاخر دەمرێت! !كێ گێلایەتی وا دەكات؟
تێ گەیشتن؟ جارێكی تر زاتی هەنگاونانی وا دەكەن؟؟ بروا ناكەم !كورە نەتەوە یەكگرتووەكانی چی ...مافی تەڕەماشی چی، كورە چەك فرۆش" (زەمبیل فرۆش) نییە !!
دەبێ چەك فرۆش وجەنەراڵەكان و پەرلەمانەكەیان لە ناو مەترەپۆڵەكانیاندا سەریان پان بكرێتەوە" ئینستیتوتەكانیان هەڵتەكێنرێت!...
جەمیل: وەڵڵا ئەم هەموو سەرپانكردنەوەیە بە من ناكرێت! داوای لێبوردن دەكەم! تۆ هەموو كاتەكە باسی خۆشەویستی و ئاشتی دەكەی، كەچی تۆیش وەكو ئەوانی تر لە سەرپانكردنەوە مرۆڤ نایەیتە خوارەوە! نەخێر! بەراست، بۆ شارستانێكان چەكفرۆشیش دەكەن؟
كەمال: نەخێر!! ئەوە پروپاگەندەی كەسە دواكەوتووەكانە! ئەمانە گوڵ فرۆشی دەكەن!!!...مام جەمیل، ئەوانە مرۆڤ نین، ڤیرۆسی ترسناكی دژ بە مرۆڤن! مرۆڤ ئەو كەسەیە هیچ جۆرێكی چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە قبووڵ نەكات" ئەوەی بە پێچەوانە رفتار دەكات مرۆڤ بوونی لە دەست دەدات" مەسەلەكەیش بە پەلەی یەكەم سستێمی چەوساندنەوەیە و ئەوانەی كە دەیپارێزن و لە سەر لاشەی ملیونان مرۆڤ بەرێوەی دەبەن!
جەمیل: ئەها! ئەوە گاڵتەیشم پێ دەكەیت؟ ئەی بۆ دەڵێن ئەمانە پێشكەوتوون وئەقڵدارن؟
شاخەوان: ئەقڵی چی؟ ئەمانە تەنها ئەقڵ و هۆشی پارە، بۆرسە، راست ...چەپ ...كڕین ...فرۆشتن ...راست... چەپ ...دۆلار...مارك...راست ...چەپ ...قازانج ...زەرەر...راست ...چەپ...جەنگ... ئاشتی ... راست ...چەپیان هەیە،

چەکی پۆست مۆدێڕنیان هەیە! "بۆ ئاشتی پاراستن و تەبایی لە نێوان گەلان" چەکە مۆدێرنەکەشیان بەو خوارە دەفرۆشن، هەندێ جار پێشکەشیان دەکەن!

جەمیل: ئەی ئەگەر پێیان بوترێت" مرۆڤ گوناهە، خوا بۆ قوڕبەسەری خەڵقی نەکردووە، بۆچی جلوبەرگی خاکی لەبەر بکرێت، بەیانیان زوو بۆ مەشقکردنی راست چەپ ... راست چەپ لە خەو هەستن"

شاخەوان: ئەوە سەر لە نوێ هاتە سەر ...! خوای چی، ئەگەر هەشبێت یا خوایەکی خوێنخوار و سادیستە، یا بە جێی هێشتووین! ئاخر ئەگەر هەبێت، چۆن ئەم هەموو وێران کاری و قەتڵوعامە قبووڵ دەکات؟ ئەکەر شتی وایان پێ بڵێیت بەشێت لە قەڵەم دەدەن!

کەمال: ئەی ئەگەر پێیان بوترێت" بوونی پاشا و سەرۆك زۆر بێ سوودە و هیچ لە ژیان ناگۆرێت؟

شاخەوان: ئەوە چی ئەڵێی؟ لە هۆڵەندا لە ژێر وێنەی پاشا ژنە بەربوکەکەیان حوکمیان دام!

جەمیل: چۆن؟

شاخەوان: چاك، زیندانە تاقە نەفەرێکەی دێنهاك لە ئاودەست دەچوو!

جەمیل: هەی رۆ بۆ لەوێش زیندان هەیە!

شاخەوان: ئاااااا، پاشان دادوەری حکومەتی پایە بەرزی هۆڵەندا ئەوەندە عەداڵەت دۆست بوو، ئەوەندە مرۆڤ دۆست بوو، تاوانی دزیکردنیان خستە ئۆباڵم! گوایە من بۆ دزیکردن لە ئەڵمانیاوە چوومە بۆ باڵوێزخانەی عیراق لە لاهای!

کەمال: دزی چی؟ ئەمە دەعایەیە دەیکەی، خۆ یەکجاری ئەوەندە کەر نیین!

شاخەوان: کورە ئەمانە کەری پۆست مۆدێرنن، بە ئاشکەرایی جوتە ناوەشێنن! کە ناوی ئاشتیان هێنا، بزانە مەبەستیان جەنگە، سەرۆکی ناتۆ، کە بکوژ و ببڕی دنیایە، تاج و ئەستێرەی جۆراوجۆر هەڵناگرێت، بە پێچەوانەوە، خۆی ودار و دەستەکەی قات لە بەر دەکەن وکەرەوات دەبەستن وهەر بەو شێوەیەش شەڕ بەرپا دەکەن، ئەمە ملیتاریزمی پۆست مۆدێرنە! خۆ وەك کەر و وڵاخەکانی لای خۆمان نین کە هێشتا لە قۆناغی مۆدێرنن" شانازی بە ئەستێرەکەی سەر شانیان دەکەن! ئەو رۆژە کابرایەکی" رۆشنبر" کە دەزگایەکی گەورەی لە ژێر دەستە، بە ئاشکرایی، بە رۆحێکی زۆر دیموکراتییانەوە لە تەلەفزیۆنەکەیاندا( لە ئەوەڵەکانی مانگی سێ) وتی:" دەبێ نووسین بە گوێرەی یاسا پەیرەو بکرێت، ئەوەی سنوری یاسا بشکێنێت، دەبێ بە قورسترین شێوە سزا بدرێت"!

ـ ئاخر نووسەر و یاسایان گوتووە؟

ـ ئازادی نووسین چەند پەرەگرافی یاسایی دەکات؟

ئەم کابرایە لە سەر وتاری رۆژنامەکەیاندا ئاماژە بۆ قازە سەیرەکەی کرد، هیچ نەمابوو حزبێکی بێ وەی بە قرِان بدات، لە بەر بڵاوکردنەوەی چیرۆکی قازە سەیرەکە کە بە روسی بۆ منداڵان نووسراوە وبە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە باری رامیاری لای خۆمانەوە نەبوو، چیرۆکێك بوو کە تەنها یەك تاقە مەبەست زۆر بە باشی دەپێکێت: خۆ پەرەستی شتێکی نابەجێیە!

جەمیل: عەجایب!

کەمال: ئەی چینی پرۆلیتاریا چی دەڵێن، چی دەکەن؟ ئەحواڵیان چۆنە؟ شوکر باشن؟

شاخەوان: دەستەکانت ماچ دەکەن، سەڵاوی ئینتەرناسیۆنالییان هەیە، زۆر ئەحواڵی ئێوە دەپرسن، بەیانیان زوو لە سەرە رێگایان بۆ فرۆشتنی ژیان و تەمەنیان، رۆژنامەی (بیلْد) دەکرِن، لەکاتی پشودانی بەیانیاندا،زگیان تێردەکەن، و بە رۆژنامەی بیلْد

مێشکیان" له کاتی پشودانی نیوەڕوان له خوێندنەوەی تەواو دەبن! ڕۆژانە نزیکەی دوو ملیون دانەی لـێ دەفرۆشدرێت" بووه به سەرچاوەی سەرەکی پەروەردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هۆشی پرۆلیتاریای ئەڵمانی، یەکەم لاپەرەکەی هەمیشه به ئافرەتێکی رووت رازاوەتەوه و له ژێری وێنەکەش بۆ نموونه،هەر جارێك وتەیەکی پۆست مۆدێرن نووسراوه: ئەم کیژۆڵەیه زۆر حەزی لـێ دەکات و ماندوو نابێت، به شەو و ڕۆژ ئامادەیە، حەز له سەفەر دەکات بۆ ولاتەکانی کاریبی! له ناوەراستیشی وێنەیەکی تر و وته زەردێکی تر .. ! کابینەی جلوبەرگ گۆرینەکەیان به وێنەی ئافرەتی رووت رازاندۆتەوه !

جەمیل: ئەی بەرپاکردنی شۆرشی کۆمەڵایەتی؟ یەکسانی؟

شاخەوان: باشەکەیان چڵکاوی سۆسیال دیموکراتەکان دەخۆنەوه !

جەمیل: ئەی نەقابەکەیان ؟

شاخەوان: چڵکاوخۆری دەستی یەکێتی خاوەن کارەکانن! دەسگایەکی بیروکراتیه دژی بەرژەوەندیه راستێکانی چینی کرێکار، بۆ نموونه، له یاسای ژماره یازدەی نەقابەی بیناسازی نووسراوه:... ئەوەی له رێکخستنێکدا کاربکات دژی سیستێمی دیموکراتی و ئازادی یا دژی دەستور یا بۆ بەرژەوەندیاندا چالاك بێت دەردەکرێت ! ئەمه به پلەی یەکەم شوعێکان دەگرێتەوه !

جەمیل: ئەی هاورێ شوعێکان ؟

شاخەوان: به حاڵ دەنگیان دەبیسترێت! ئەمانیش گوایه هێشتا به شێنەیی خەریکی پیلان دانان و رێکخستنی شۆرشن بۆ دوا رۆژ، نابینن، با بڵێم دەبینن رژێمەکانی ئێره، لەم دوورەوه، هەموو رۆژێك هەزاران هەزار کەس له ولاتەکانی ئەو خواره دەکوژن و برسی دەکەن! له خۆپیشاندانەکاندا وێنەی گیڤارا هەڵدەگرن، بەلاّم کاریان به چەکەکەیەوه نییه" ئەوه بڤەیە! هەندێ لێیان دەڵێن: هێشتا کاتی نەهاتووه! ئەگەر لێی بپرسیت: بەخێر کەی کاتی دێت؟ پێدەکەنن! !

کەمال: واتە لەویٚ تیئۆری و پراکسیس لە یەکتر دوورن!

عادل: پێش چەند ساڵێك کۆمەڵێك هەبوو بە کردەوەش رفتاریان دژی ئەم خوێنخۆرانە دەکرد" بەڵام لەبری ئەوەی هێرش بەسەر ستركتورە ئابوری و بنکە جاسوسێکان و بەرهەمهێنەرەکانی چەك و تفاقەکانی بکەن، دەچون بەرازێکیان لـێ دەتۆپاند! بەرێوبەری بانقی ئەڵمانی هێرهاوزنیان کوشت، هەی دەستەکانیان خۆش، بەڵام بەرازی پۆست مۆدێرن وەك ناو براو زۆرن! دەبوایە بنکەکەیان بتەقاندایەتەوە!

کە ئەم ئەستێرە سوورانە، درك بە هەڵەکانیان کرد، بانگەشی ئاشبەتاڵیان کرد!

شاخەوان: من بیستومە، کە رێکخستنێك هەست بە هەڵەکانی دەکات، هەوڵ دەدات بە ئاشکرایی رخنەیان لێ بکرێت" چارەسەری بکات و درێژە بە خەباتەکەی بدات! کەچی ئەمانەش وتیان:"کار من تمام شود"!

کورە بیکەن بە خاتری عەول، بیکەن بە خاتری هەژارکراوەکانی ئەندەنوسیا" قوربانییەکانی ناو باڵوێزخانەکەی یابان لە پیرۆ" کرێکارە موچە پێنەدراوەکانی سیبریا و ئۆکرانیا" کورە بیکەن بە خاتری قوربانێکانی چیاپاس و بێ کارەکانی فەرەنسا و کرێکارە دەرکراوەکانی بیشۆفە رۆدە، غاین هاوزن و ڤولکان" بیکەن بە خاتری کرێکارە مانگرتووەکانی فۆلکس فاگن لە مەکسیك و کرێکارە مانگرتووەکانی لە تورکیا یا قوربانییەکانی کوردستان "کرێکارەکانی کۆریای خوارو! هیچ سوودی نەبوو، هەزار نەقیزەشیان لـێ بدەی، هەر هیچ! هەر ئەڵێی ئێسترەکەی رێگای قەڵەم پاشان: حەفتا خودایش بهاتبایە خوارەوە، پێیان بگۆتایە" باوکەکەم، براکەم بکەوە رێ، هەر سوودی نەبوو"، تازە پشتی گوێی ئەفەندی ئارەقەی کردووە! بەخۆم چەند جارم پێگۆ" برا گیان وا تاریکایی دادێ، خۆڵقی گورگ و جاش و کەمتارم نییە! نزیکەی سەعات ونیوێك لە جێگاکەی وشك ببوەوە و نەدەجولا، پاشان هەر بە قسەی خۆیی کرد!

جەمیل: ئەمە کەی؟

شاخەوان: لە سەردەمی لیبرالیزمی نوێ، لە ترسناکترین قۆناغی نوێی مرۆڤایەتی!

جەمیل: ئەی هاورێیانی ئەنتی فاشیست؟

شاخەوان: ئەڵێی بنکەی ئاگرکوژاننەوەن، کە تاوانێك روو دەدات،پۆلیس ئامادە دەبێت، پاشان ئەوان دەگەن، نەختێك هات وهاوار دەکەن و بلاّوەی لـێ دەکەنەوە و دەچن بۆ بارەکانیان!

جەمیل: ئەی تەکبیر؟

شاخەوان: لەوە دەچێت سەردەمی راپەرینی گشتییە لە ولاّتەکانی خوارەوە، هەڵە کۆنەکان دووبارە دەکرێتەوە، واتە شکستی نوێ!

جەمیل: کە وابێت، دەبێ کۆڵی لـێ بدەین، دنیایان چەند کاولکردووە، با ئەوەندەی تر کاولتری بکەن!هیچ برا هیچ...تازە هیچ سوودی نەماوە، رۆژگاری خۆم دەبەمە سەر!

شاخەوان: نەخێر، ئەمەش چارەسەر نییە! تۆش مەبە لێم بە پورە رەعنا، ئەوەی پێی بوتایە: پورێ ئەم جلوبەرگە شڕە چییە لە بەر کردووە، تۆ ئەوەندە پارەت هەیە، دوو دەستە جلوبەرگی تازە بدەی بە دوورین!

رەعنا: ئەوجا رۆڵە بۆ چیمە؟ بۆ چی؟ من سبەی ئەمرم!

ـ پورە رەعنا ماڵەکەت لە کەلاوە دەچێت، نەختێك دەستی پێ بهێنە، بە دوو کیسە چەمەنتۆ دەبێتە شتێکی تر!

رەعنا: جا بۆ چیمە رۆڵە، من ئەمرم ! ئەمرم !...

ئیتر، رەعنا، ئەمە بکە، لەولاّمدا: ئەمرم ...ئەمرم...ئەمرم!

جەمیل: ئەی چی چارەسەرە؟

شاخەوان: من فەتەحفالڵ نییم! بەلاّم دەبیّ ڕێکخراوە شوعێکان تەنها باسی "ڕۆژی حەشر" نەکەن، ئەو ڕۆژەی وا هەموو کرێکارانی جیهان لە ڕۆژێکدا مەسەلەکە لابەلا دەکەن، دەبیّ هەر ئیمرۆیش دەس بەکار بن، بەشی هێزی چەکداریان هەبێت، بەرازەکان لە هەر کویّ تاوانێك دەکەن، لەناو جەرگەیاندا بەرپەرچیان بدرێتەوە!! هەولّی کارێك بدرێت، مرۆڤ ئەوەندە مێشکی بە نان دەرکردن وخەمخواردنی پڕکردنەوەی پێداویستی منداڵەکانی سەرقالڵ نەبیت" ڕۆڵی پارەوپوولڵ لە بەین ببرێت" دوا هەولّی مرۆڤ بۆ هەرچی زۆرتری نەبێت، نەبێت بە بەرزترین مەبەستی هەولڵ و کۆشش! پارە چییە؟ چڵکی دەستە! ئەوەی باسی دیموکراتی و مافی مرۆڤ و پەرلەمانی کرد، پیّ بڵێی: ئوو، ئەمە گاڵتەجاریەکی کۆنە، باوی نەماوە، کاتی خۆی زۆر کەس پێی هەڵخەڵەتان، ئەو ئەقڵە بۆ خۆت هەڵبگرە، من پۆلیس و لەشکر ودەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و دادگایی ناو هۆڵەکان و ئەو هەموو بیرۆی فەرمانبەرایەتی و هیراشیانەم ناوێت، ئەو هەموو یاسانەم ناوێت، کە بەبیّ ئاگاداری من دەرکراوە! خۆشەویستی ببێت بە زادەی مرۆڤەکان! ئەمە بکرێت بە یەکەم هەنگاو!!

جەمیل: لە کویّ شتی وا هەیە؟ ئەمە خەونە! پاشان بەرازە پۆست مۆدێرنەکان هەموو ڕۆژێك تاوان دەکەن، واتە ئێمەیش دەبیّ هەموو ڕۆژێك بە چەك بەرپەرچییان بدەینەوە! من هەقم نییە، و بە چەکیش هیچ ناکرێت!

شاخەوان: بۆم هەیە خەون بە شتی جوان ببینم؟ نەخێرخەون نییە! بەلاّم تۆ وای دابنیّ خەونە! تۆ کە خەون بە کچێك یا دیدەنی کەسێك یا فیلمێك، جلوبەرگێك دەبینی، هەولّی جدی بۆ پیّ گەیشتنی دەدەی، بۆ ئەو خەونەش هەمان هەولڵ بدە! پاشان چ هۆیەکی رامیاری، کۆمەلاّیەتی، ئیدۆلۆژی، پروپاگەندەیی هەیە ڕێگا لەوە بگرێت بنکەکانی تاوانباری لە جیهان سەروخوار بکرێن؟

بەڵێ! ئەزانم تۆیش حەز دەکەیت ببێت بە مێوانی بەشەرم، و لە پاڵیەوە نەختێك خەریکی ریفۆرم بیت، و نە ختێك باسی سیاسی بۆ کات بردنە سەر بکەیت، وا نییە؟

جەمیل: نەخێر وا نییە! بەڵام بە رێگای دیالۆکیش گیروگرفتەکان چارەسەر دەکرێت، شتەکان یەکجاری وا لە کۆنترۆڵەی ئەقڵ و لۆجیك دەرنەچون! تۆ دنیات بە جارێك کاول کردووە!

شاخەوان: چما کەم کاول بووە؟ من پێموایە، بەم هەوڵە مرۆڤ هەست بە مرۆڤی خۆی دەکات، دەبێت بە بەشێکی هارمۆنی لە گەڵ ئەلۆەن" با بلێم وەك ئەو نیگا پڕ سۆزە" ئەو هەستە کە دایگرتم کاتی بینینی شتێفی" برا نە رۆ، برا نە رۆ" چاوم بە کەماڵ کەوت، بینیم، بە چاوی خۆم بینیم، چەند مەزنە مرۆڤ، چەند بەهایە، هیچ پەپولەیەك ناگاتە ناسکی ئەو هەستانە... تەنها هەستی ئاشتی و خۆشەویستی هەبو و هیچی تر، پێویستیمان بەوەیە رۆژگارمان بەو هەستە بەسەر ببەین!

کەمال: ئێ ! دە دوو قسەی گەشبینی وا بکە! واتە ئەم هەموو گەرمێن و کوێستانەتە بۆ شتێفیە؟

شاخەوان: نەخێر!

کەمال: کورە نەخێری چی، ئەم جارەیان تێ کەوتی! ئەها، بۆیە!!

شاخەوان: بە ناو چی کەوتم، من مەبەستم تەنها هەستکردنەکە بوو، دەنا هیچم لە گەڵدا نەبووە، و نایشی ناسم، رەنگە جارێکی تریش چاوم پی نەکەوێت! ئەوەندە خەوێکی جوان بوو، بە هیچ جۆرێ لێی نزیك نەبومەوە، دەترسام زەدەیەکی لێ بکەوێت، هەندێ جار وا باشترە، چونکە پاراستنی ئەو جۆرە هەستانە هێزی سەد ساڵ ژیان بە مرۆڤ دەدات! حەز دەکەم مرۆڤەکان هەر ئەمرۆ لە ناو بەهاری ئەو جۆرە چرکانەدا ژیان ببەن بە سەر!...

ئەڵوەن نە چەکی هەیە و نە چەکی دەوێت" تینوێتی ڕێبوارەکان دەشکێنێت بەبێ سەوداکاری" هەر وا، هەر وا بە ئازادی! هەر وا سوپاسیشی ناوێت" نەختێك سەرتی بۆ دانوێنە، ناو لەپت قوڵ بکەرەوە و بیخۆرەوە، یەکسەر یەك تاقە وشە دێتە سەر زارت: ئۆخەی!

ئەمەیە ئەڵوەن، جا مرۆڤ لە ئۆخەی زیاتر چی دەوێت؟ هیچ، هیچی ناوێت ، تەنها ئۆخەی .. ئۆخەی ...ئۆخەی!

(١٠)

کێ وتی مێژوو کۆتایی پێ دێت ؟ مێژوو ئەڵوەنە، ئەڵوەنیش بێجگە لە هەر شتێکی، دایك و باوکە ! !

جا چۆن کۆتایی پێ دێ؟

ئەڵوەنی خرگە لە وەر، برسی و ماندوو چۆن ڕادەوەستیٚ؟ تازە بە تازە بەو بارە زەلیلەیەوە، ئاوازی بۆ پێشەوە دەڵێت“ هیچ قایە و تاشە بەردێك ناتوانێت ڕێگای پیٚ بگرێت“ هەمیشە بۆ پێشەوە... بەرەو یەکانگیری خەون و ڕاستێکان دەڕوات“ دەچپێنێت بە گوێی ئەوانەی وا دەستە گوڵ و مۆم نەبێت، کەس بۆی نییە پیٚ لەسەر نێت!

ئاخر ئەڵونی برسی و ماندوو چۆن چۆك دادەنیٚ؟؟ چۆن؟

ترسی لە چی هەبێت تا چۆك دابنێت؟ گەر بە چۆکدا چوو“ ئەوە وێنەیەکی سەنگەرگردتنە! تەماشاکردنی قەدوباڵای ئاسۆکانە“ بوژانەوەی ئومیدی لەپ قڵیشاو ونیگا چاوەڕوانەکانی مشتێکی ئازادی!

ئەڵوەنی وەرزەکانی سال چۆنٚ چاو دەنوقێنیٚ؟

هەموو ڕۆژێك باوەش دەکات بە فرمێسکی دایکی سەرنگوم کراوەکان“ بە سەرما و سۆڵی دەرکراوەکان“ بە دوا وشەی هەڵواسراوەکان“ پەیامەکانیان دەکات بە لافاو و بەگژ پایتەختەکانی تاوان دێت !

چۆن ئەم بەر و ئەو بەری زێبای بەجیٚ دەهێڵیٚ ؟

زامە قوڵ و بە تینەکانیان بە کۆڵ هەڵدەگرێت“ دەستیان دەگرێت“ قامەکی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و پێیان دەڵیٚ: خۆری ئێمە هێشتا هەڵ نەهاتووە!

چۆن لە ڕێ وبانان وە کەساسی دادەمێنیٚ؟ هاوارەکەی“ هاوارەکەم“ چۆن کپ دەبیٚ؟ ئەوان ئەمەیان    دەوێت!

داستانەکەی ئەم بەیانە دەس پیٚ دەکات“ داستانی کەسانێك“ قووڵی دەریاکان“ چڕی دارستانەکان و بەرینی بیابانەکان لە بەردەم هەست وئاواتەکانیاندا چۆك دادەنێن“ قسەکانیان هەنگوینە“ پێکەنینەکانیان چاوپێکەوتنە“ قەقنەسێکن هەتاو لە ئامێزیان دەگرێت“ بە هیچ رازی نابن“ رازی بوون، خۆ بەدەستەوە دانە“ خۆ کۆت کردنە بۆیە لە دەرگای خەون بدە و لە باوەشی رۆژ بکەرەوە“ پرسیاری ئاسۆی پاش خەونەکانی لیٚ بکە“ وەك ئەوانە مەکە کە وا بە سەگە مەرگ لەتە نانێك دەرئەکەن ودەڵێن"شوکر" دەڵێن: پێت بە قەد بەڕەکەی باوکت درێژ بکە!

دەلێن: ..

ـ بەرازی بوون، بوونت دەخەیتە مەترسییەوە !

ئەوان هەوڵ ئەدەن چاوەکانت بە پەیوەندی و رەنگە باوەکان رابهێنن، تۆیش یەك رێگات لە بەر دا هەیە: سەرکەشی بکەیت“ رێگای یاخی بوون بگریتە بەر“ بەم شێوەیە خۆت و کۆمەڵ دەبەیتەوە“ ئەم بەیانییەش هەرچەند سەختترین بەیانییە“ سەرەتایەکە بۆ کپ کردنەوەی مێژووەکەیان لە سەرتاسەریجیهانی ئەلۆەن“ لە ولآتەکەم !

ئەڵوەن وڵاتی منە، روبارێکە“ دایە دێڕینەی شارەکانە“ شارەکەمە، کورتە شرواڵ دڕاو لە بەرێکە“ کودەتا لە دوای کودەتا “ پیلان لە دوای پیلانی“ جەنگ لە دوای جەنگ بۆ خنکاندنی رێك دەخەن“ ئەمیش وەك (زێی مراوێکان) بەسەر پەنجەکانی دەڕوات“ موژدەبەری ئاشتی و دەس لە مل کردنە، کە چی پۆلیس و باج وەرگرانی سەر سنور داوای شناس نامە و پاسپۆرتی لێ دەکەن!

ـ من ئەڵوەنم!

ـ لە کوێوەوە هاتووی؟

ـ من ئاوم، پاسپۆرتم بۆ چییە؟ مرۆڤ پاسپۆرتی بۆ چییە“ بەسە کە من مرۆڤم“ سەروەری ئەم بەر و ئەو بەرم...

ـ قسەی قۆر مەکە، ئەو قسانە تۆ دەیکەی، بۆ خۆت هەڵیبگرە... ناوی خۆت ،باوکت و باپیرەت و نازناوت؟ خەڵکی چ وڵاتێکی زەحمەت نەبێت !

ـ ناوم ئەڵوەنە، ئەڵوەن“ لە وەتی هەم هەر پێم دەڵێن ئەڵوەن“ خەڵکی وڵاتی خەون و خوێن و خاوەر و خورشید و خەمم !

ـ ناونیشان ؟

ـ ئەم بەر و ئەو بەر !

ـ بۆچی بۆ ئێرە هاتوی؟

ـ کەس ئەم پرسیارەی لـێ نەکردووم، من بۆ هەموو جێگایەك دەڕۆم“ماڵم لە گشت جێگەیەکە !

ـ تیرۆریستە سوورەکان هەمان قسە دەکەن و لە هیچ شتێك رازی نین !بیگرن...

ـ من گیراوم !

ـ هێشتا باش بەخێو نەکراویت“ زمان درێژی دەکەیت“ بەئارامی لە ناو کونە مشکەکەت غەڵبەغەڵب دەکەیت ..

ـ جا چی تێدایه !

ـ سکتر به... ئێژم سکتر به !

ـ "من سکتر بووم" !؟ ئەوه نەگۆمی بوو که نزیکەی ده ساڵه چاوم پێ نەکەوتەوه" له خولگەی فێربوونی زمان یەکترمان ناسی" بەهەڵکەوت لەسەر شەقام بینیم، پاش چۆنی و چاکی وتی: ئەوه هێشتا ماوی؟

ـ ئەمه نییه، ئەی تۆ ؟

نەگۆمی: منیش ماوم، تۆ چی ئەکەی!

ـ به هەزار حاڵ پاڵی پێوه دەنێم، ئەی تۆ!

نەگۆمی: من پێش چەند ساڵێك بۆ ماڵەوه گەڕامەوه، وکارم کرد، بەڵام گیروگرفتەکان زۆر بوون" هەرچییەکم کرد سوودی نەبوو، نەمتوانی لەوێ بژێم، ناچارکرام سەرلەنوێ بۆ ئێره سەرهەڵگرم، بەم زوانەش سەر بۆ ئەمریکا هەڵدەگرم!

ـ لەوێ چی هەیه؟

نەگۆمی:(به پێکەنینەوه)، ئەی لێره چی هەیه؟

ـ هیچ، منداڵەکانم نەبێت!

نەگۆمی: له هەرکوێ شوێنت تەسك بووەوه بەجێی بهێڵه و بڕۆ، مرۆڤ نابێ سڵ بکاتەوه " تاقی بکەرەوه !!

ـ تاقی چی بکەمەوه؟!" ئه شەمگه، ئەوه جمگه، ئەویش دەردو بەڵای حەمگه"" دەبێ بارودۆخێکی باشتر هەبێ بۆ ژیان" ئەمه ژیان نییه!

نەگۆمی: وایه ئەمه ژیان نییه، بەڵام هەر ئەمەمان له دەستدا هەیه، ئەمەش وەستاند و واوەیلاکردن قبوڵ ناکات!

ـ منيش باسی راوەستاندنم نەکردووە“ بەلاَم مەينەتەکان زۆرن

نەگۆمی: مەينەتت زۆرە يا زۆر نييە، كەيفی خۆتە، دەبیَ هەر بە خۆت چارەيان بكەيت يا كەميان بكەيتەوە، دەشتوانيت پشت گوێيان بخەيت“ ئەوان كەس ناناسن، تۆ بۆ ئەوان تەنها مشكێكی، مشكی ژمارە .. لە ناو شوشەی ژمارە ... مۆدێل ...بۆ تاقيكردنەوە ..."يان گا دێنن يان پەمو"“ چی زۆرە مشك زۆرە !

ـ من مشك نيم، من ...

نەگۆمی: قسەی نەستەقت زۆر لايە، ئەزانی تۆ عەنتيكەی! تۆ خۆت وا دەبينيت !

ـ سەرەرای ئەوەش ،من مرۆڤم“ بوونم و هێواكانم لە دەست نادەم، با ژيانم ئەوەندەی تر بكەن بە دۆزەخ !

نەگۆمی: تۆ هێشتا لە زمانی پۆست مۆدێرن تیَ نەگەيشتوی“ دەنا قسەی وات نەدەكرد“ چەند كۆنە رستەكانت!

ـ چەند روخێنەرە ئەم سەردەمە!

نەگۆمی: بەلاَم هەركەسێك هەولَ ئەدات لە گەلَ باری ژيانی خۆی جوت ببێت!

ـ بۆيە نالَە نالَكردن لە گشت لايەك بەرز دەبێتەوە !

نەگۆمی: من تەنها گوێم لە نالَەی خۆمە“ گوێم لە نالَەی كەسێكی تر نييە! ناشمەوێت گوێم لێيان بێت، بۆچی خۆم دارزێنم؟ چما كەم دارزاوم؟ من دەمەوێت تەنها بۆ خۆم بژێم!

ـ تۆ نەتەنهای و نەيش دەتوانی بە تەنهايی بۆ خۆت بژێيت“ ئەگەر وا بكەيت خۆتيش لە دەست دەدەی بەبیَ ئەوەی“ دەنگێكی نارەزايی كەمتر روو لە بەرازەكان دەكات“ بەو حالَە يارمەتيان دەدەيت، بەبیَ ئەوەی مەستی يارمەتيدانيانت هەبێت! نالَينی تۆ دەنگێكە لە ناو جيهانێكی پڕ لە نالَەی ستەم !

نەگۆمی: ستەم پیشەی ژیانە! بە منیش هیچ ناکرێت!

ـ بەرگری پیشەی مرۆڤە" هەمیشە بەرگری هەبووە، لە هەرکوێ نامرۆڤایەتی حاکم بووە، لەوێ بەرگری هەبووە!

نەگۆمی: چۆن؟ هەمووی تاقی کراوەوە!

ـ ئەمجار دەستی پێ دەکرێتەوە" لەوە دەچێت بۆ ماوەیەك پشودانێك " رۆژێك بۆ لێکدانەوە و خەون بینین پێویست بێت" رەنگە بۆ ماوەیەك بارەکەمان هەر وا سیس بێت " بەلام هەر خۆیان بۆ گۆرەپانی لێکدادان بانگمان دەکەن " کە ئەم جۆرە بەیانییانە لە لای هەر کەسێك بەسەر یەکتر کەڵەکە بکەن ئەمجارە دەبێت بە دوا جاریان ...بە دوا جاری شکستی" بە دەست پێ کردنی ژیان!

نەگۆمی: من نازانم، بەخێر بچیت!

ـ هەروا تۆش!...

ئێوەش یاران، هەرچەند ئەم بەیانییە زەفەری پێ بردووم، بەلام ئێوە بە زبان و ئاوازێکی تر" بە وەفاداری بۆ هەر ژان و ئاهێك، بەیانییەکی تر، بە یانییەکی نوێ بۆ ناو مالان دەهێنن" چیتر نە بانگ و نە زەنگ" نەتەنهایی و نە رەشبینی" بەبێ ئەوەی وشەیەك بێژین" دەس لە ناو دەستی یەکتر دەنێین و دەرۆین" دەرۆین" هەتا پێمان دەکرێت دەرۆین" بەبێ ترس وخەمی نان" بەبێ ناوی زیندان! یاران" یارانی بالا بەرزی ژیان مەچەکتان بەرز و بیر... چاوەکانتان گەش و دوارۆژمان... ئەم بەر و ئەو بەر بەیانیمان باش!.. داوای لێ بوردنتان لێ دەکەم! دەبێ ئەوەندەی تر بەرگەبگرین" هەوڵ بدەین ژوورەکانمان پڕ خۆر بکەین ! جا من سەرم بۆ کوێ هەڵبگردایە ئەگەر ژیان نەبوایە!!

بزەی سەر لێوان ...

**ئەڵۆن: هەموو چوار چێوەکان بشکێنن! بە هیچ دەرگا و پەنجەرەیەك ڕازی مەبن، هیچ شتێکی پیرۆز نییە، تەنها ئازادی تۆ پیرۆزە، تەنها تۆ! یا هەمووی بە جارێك، یا هیچ ...**

**ـ تەواو ـ**

فەرهەنگۆك

١/کەلآت:ناوی چیایەکە لە نزیك شاری خانەقین.

٢/ وە پەڕیٚ سەری بڕیٚ: بە پەڕێك سەری دەبڕدرێت. قوڕچوگە سەر: قوڕی چۆتە سەر.

٤/بویشم: بڵێم.

٥/وسێد: وەستاند.

٦/مایدە: ماوی.

٧/ئی جارە: ئەم جارە.

٨/مامر: مریشك.

٩/سینم: دەکڕم.

١٠/رەسێسە کورە: گەیشتۆتە کویٚ.

١١/ها کو: لە کوێیە.

١٢/مه: من.

١٣/ئیژی مینەی موختار کەیگن: ئەڵێی بۆ موختار دەگەڕێت.

١٤/زەوێگە: زەمینەکە.

١٥/چەفتە: چەوتە.

١٦/ عافێت ئۆڵسو : (تورکومانییە): عافێتت بێت.

١٧/مەلوچك: چۆلەکە.

١٨/هوندرت ڤەسەر: ناوی ماڵێکی بەناوبانگە لە ڤێن، زۆر چوان رازاوەتەوە.

١٩/ ماڵی چۆڵم ... ماڵی ساردم: گۆرانییەکە، نووسەرەکەی ناناسم، بە دەنگی سالار عەزیز بیستوومە.

٢٠ /فستگلاس: کوردیزیرەکردنی وشەیەکی ئەنگلیزیە( فرست کلاس) واتە: یەکەمە

٢١/ئاخرنە باخ: (تورکومانییە)، واتە بڕوانە کۆتایەکەی: بزان چیت بەسەر دێت!

٢٢/ خۆنستن: خوێندن

٢٢/ زەعیف کەد: لاواز دەکات

٢٣/دار، دور: (عەرەبییە) وانەیەکی پۆلی یەکەمە، واتە ماڵ، ماڵان

٢٤/البلبل الفتان، یگیر فی البستان: (عەرەبییە)واتە بولبولی جوان، لە ناو باخ دەفڕێت.

٢٥/ شویشە بشکێیگ جەم نێوگ: شوشە بشکێت کۆ نابێتەوە.

٢٦/هەشتە لە سەر مەشتە(کنایەتە) ئەمیش بەسەر ئەوەکانی تر.

٢٧/ ئەوەنە: ئەوەندە.

٢٨/جمان: جوێن.

٢٩/کەڵکەند: باخچەیەکی زۆر جوانە لە ناوەڕاستی شاری هەولێر.

٣٠/ لە کورە خەفتیدە: لە کویێ خەوتویت، واتە ـ تۆ ئاگات لە هیچ نییە.

٣١/ مویش دیرد: مشکی هەیە

٣٢/ گوش: گویێ

٣٣/زوانت بوڕن: زمانت ببڕن.

٣٤/ئیباو: ناوی پیاوە، کورتکراوەی ئیبراهیم.

٣٥/ کەماڵەیی: تیرەیەکی عەشرەتی جافە، لە دێهاتەکانی سەروی کەلار دەژێن( گۆبان، میلان، کانی چایلە، ڕونیێ، سەید خەلیل،... و لە دێی بۆیسان سووری نزیك عەربەت تا دەگاتە هەورامان).

٣٦/ باشکی: تیرەیەکی عەرشرەتی جافە ، لە سەرووی دێهاتی کەماڵەیەکان نیشتەجێن.

٣٧/ خۆد ئەڕا نێچید باریدەی: خۆت بۆچی نارۆی بیهێنیت.

٣٨/بار: بهێنە

٣٩/بدو:راکە

٤٠/خایە: هێلکە

٤١/ لێرەوە تا مانگ، و لەوێوە تا ئێرە یەکترمان خۆشدەوێت: لە چیرۆکێك بۆ منداڵان وەرمگرتووە

٤٢/ نەتهاوردگە: نەتهێناوە

٤٣/بەیانەگان: بەیانامەکان

٤٤/بەعزە: هەندێ

٤٥/قەهار: ناوە

٤٦/لەوەرەگان: لەبەرەکان

٤٧/بەچە: منداڵ

٤٨/مۆچ: ماچ

٤٩/ هیندۆ: هیندە سوورەکان

٥٠/ بەستا: (ئەسپانییە) بەسیەتی

٥١/ ڤیڤالدی:مۆسیقارێکی ئیتالییە، خاوەن سیمفۆنیای چوار وەرزە، لێرە مەبەستم تەنها وەرزی پایزە !

٥٢/ تیئۆرێکان رەنگیان بۆرە، بەڵام داری ژیان هەمیشە بەسەوزایی دەمێنێتەوە ـ لە مارکس وەرگیراوە، سەرچاوەکەی نازانم!

٥٣/کەواوچی: کەبابچی

٥٤/ ژنەفتێس: بیستویەتی